
# رابوون

19 20 97

گۆڤارێكی كولتووریی گشتییه



# رابــــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییه

ژماره(٢٠) ١٩٩٧



**سەرنووسەر**

رەفیق سابیر

**دەستەی نووسەران**

کەمال میراودەلی

هاشم کۆچانی

کاروان عەبدوڵڵا

**بەرپرسیاری هونەری**

دیلان دەرسیم



RaBûN

Cultural Kurdish Jornal

No. 20



**Editor in chief**

Rafik Sabir

**Editorial Board**

Kamal Mirawdali

Hashim Kochani

Karwan Abdulla

**Technical Editor**

Dylan Dersim


# بابەتەکان


* کام نەتەوە دەتوانێت ئەم خیانەتە قبووڵ بکات؟......................(٥) ڕابوون

* دیموکراسییەتی یەکگرتنەوە!!..........................(٧) قەرەنی قادری

* بانگەوازێک لە ڕابوونەوە...........................................(١١) ڕابوون

* ئیسماعیل بێشکچی: نموونەی
زانای خاوەن هەڵوێست.......................................(١٢) د. جەبار قادر

* چەند سەرنجێک لەسەر دوو تەرجەمەی فارسی و کوردی
کتێبەکەی کریس کووچیرا...............................(٢٧) ئەحمەدی ئەسکەندەری

*ئەهلی هەق و ڕێبازی ئاینییان ......................(٣٣) ئامادەکردنی: حەمەکەریم قەشان

* سینەمای باریمان ..........................................(٥٤) قاسم عەزیز

* ئەگەر بتوانم.........(شیعر)........................................(٦٠) رەفیق سابیر

* دابەشبوون..........(چیرۆک)....................................(٦٦) سلاح عومەر

* ئێمە: من و ئێوە.....(شیعر).......................................(٧٠) بەرۆژ ئاکرەیی

* ئەو ساتانەی مەرگ باری........................................(٧٥) پشکۆ نەجمەدین

* دەق..................(چیرۆک)....................................(٧٨) سابیر ڕەشید

* ژن و مێردایەتی کاتیی (سیغە) لەئێراندا........................(٨٠) ئیبراهیم قوربان

* ڕاپەرینی جوانرۆو هەڵوێستی کامەران عالی بەدرخان لە بەڵگەنامەکانی
وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا..................................(٨٢) ئەنوەری سوڵتانی



Box 25161, 750 25 Uppsala- Sweden.

ژمارەی پۆستجیرۆ: 7 - 9211995

ISSN - 1102 - 4372

## دەروازە

### چۆن یەکەم جار کوردستان چووە ناو دیپلۆماتی نێودەوڵەتییەوە؟

(٣٠ی ژانیوەری١٩١٩، لەو دەمانەی کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس پێکهات، لیۆدژۆرژ کۆنفرانسەکەی بەڕێوەدەبرد. لەدەمی دانشتنی سەعاتی یانزەدا، بڕیارنامەیەک لە مادەی دوویدا هێنرایە خوارەوە، پەیوەست بوو بە مامەڵەی خراپی تورکەکان بەرامبەر بەو دانیشتوانەی بەوانەوە گرێدرابوون، لەوانە ڕەشەکوژی تۆقێنەری ئەرمەنییەکان و دانیشتوانەکانی دیکە. زلهێزەکان هاوپشت و هاودەنگ بوون لەوەی کە ئەرمەنستان، سوریا، میزۆپۆتامیا، فەلەستین و عەرەبستان بەیەکجاری لە ئیمپراتۆرییەتی تورک ببنەوە. سەعاتی پانزدە دانیشتنی پاش نیوەڕۆ دەستی پێکرد، دیسان لیۆد ژۆرژ بەڕێوەی دەبرد. ئەو سەخت پەشۆکابوو، بڕیارنامەکەی خۆی ڕاستکردەوەو......... گوتی داوای لێبوردن دەکەم کە وڵاتێکی ناو ئیمپراتۆرییەتەکە [عوسمانی-.و-] لەبیرکراوە و دەبوایە بخرایەتە ناو لیستەکەوە، ئەو لە بیری نەبووە کە ئەم وڵاتە سەربەخۆیە. وای بیرکردبۆوە کە میزۆپۆتامیا یا ئەرمەنستان دەبێ بە خۆوەی بگرن. وەلێ لە ڕاستکردنەوەکەدا دووپاتی دەکاتەوە کە وانییە، مەبەستیشی لەم وڵاتە کوردستانە کە دەکەوێتە نێوان میزۆپۆتامیاو ئەرمەنستان.ئەمجار پێشنیاری کرد ئەگەر نارەزاییەک نەبێ، کوردستانیش بخرێتە ناو لیستەکەوە.ئاکام بڕیاردرا. ئەو دەمە لە ماوەی خوانی نیوەڕۆژێکدا بوو کە کوردستانیش چووە نێو مێژووی دیپلۆماتییەوە).

لە لاپەڕە ٢٤و٢٥ی کتێبی:

::Elizabeth Picard: La question kurd", édition Complexe,Bruxelles,1991: وەرگیراوە.

**بەرگی یەکەم: داری بۆیەکراو (٢٧،٥×٣٩). هانس ئارپ (١٩٦٦-١٨٨٧).**
**دوابەرگ: شەقام و مێردەزمە. س.ف.هیل.**

# کام نەتەوە دەتوانێت ئەم خیانەتە قبووڵ بکات؟

ئەو دەرفەتەی دوای شەڕی کەنداو و کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ بۆ گەلی کورد ڕەخسا، ئەوەندە گرینگ و دەگمەن بوو، کە باوەڕناکەین لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دەرفەتی ئاوا لەبار بۆ کورد ڕەخسابێت تا بتوانێت بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی هەنگاو بنێت.
ئەوروپاو زلهێزەکان، دوای ستەمی دابەشکردنی کوردستان و، دوای چاوپۆشییان لەو هەموو تاوانە کەموێنانەی کە بەهۆی دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستانەوە دەرهەق بە ئێمە کرا، دوای دەسەوەستانی شەرمهێنەرانەیان لە بەرامبەر تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال و جینۆسایدا، دوای هەموو ئەمانە لە مەسەلەی کورد و تراژیدیای گەلی کوردستان بەئاگا هاتنەوە.
میدیای جیهانی، زۆر جار، مەسەلەی کۆتاییهێنان بە کوشتاری کوردی دەبەستەوە بە مەسەلەی دامەزراندنی وڵاتێکی تایبەت بە کورد، هەر نەبێت لە باشووری کوردستاندا. ئەم بارو دۆخە لە زۆر ڕووەوە لەو بارو دۆخە دەچوو کە دوای شەڕی دووەمی جیهان بەهۆی کوشتاری جولەکە لە لایەن ئەڵمانیای نازییەوە، بۆ جولەکەکان ڕەخسا.
بەڵام ئەو هێزانەی لە باشووری کوردستاندا دەستیان بەسەر بارودۆخەکەدا گرت، لە سەرەتادا بەرەی کوردستانی و دواتریش پارتی یەکێتی، نەک هەر نەیانتوانی سوود لەم دەرفەتە وەربگرن، بەڵکو مەسەلەکەیان لەباربرد و، بۆ جیهانیان سەلماند کە ئەوان دەتوانن بە سووک و ئاسانی نەک هەرچاو لە خوێنی سەدان هەزار کوژراوی ئەنفال و هەڵەبجە و سەرجەمی تاوانی جینۆساید بپۆشن، بەڵکو ئامادەشن دەستی جەلادی نەتەوەکەیان ماچ بکەن و لەبەردەمیدا چۆک دابدەن.
بەڕای ئێمە هۆیەکە، لە بنەڕەتدا، پەیوەندی بە ماهییەت و عەقڵییەتی سیاسیی سەرکردایەتی بزاڤی کورد و بەرنامە و ڕێبازی سیاسیی و فیکریی هێزە سەرەکییەکانی باشوورەوە هەیە. ئەم هێزانە لە بنەڕەتدا هێزی ڕزگاریخواز نین؛ واتا ئەمانە هێزێک نین کە ئامانج و ستراتیژیان ڕزگارکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت.
ستروکتووری فیکریی ئەم هێزانە لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی و خۆ بەعیراقیزان و باوەڕهێنان بە چوارچێوەی کۆلۆنیالییانەی دەوڵەتی عیراق دامەزراوە. ئەمان بەم عەقڵییەتی عێراقچییەتییە و بەم بەرنامەو ئایدیۆلۆژیایەوە، ناتوانن لە دەرەوەی قەوارەی عێراق و لەودیو چوارچێوەی عێراقدا ئاسۆیەک بۆ خۆیان و بۆ گەلی باشووری کوردستان ببینن. ئەمان نوێنەری ئەو هێز و ئەو ڕێبازە فیکری و

سیاسییەن کە بەرژەوەندی ئابووریی خۆی بە بەرژەوەندی بۆرژوازی عەرەبیی عێراقەوە گرێداوە. بۆیە ئەوان ناتوانن و مەحاڵیشە بتوانن مەسەلەی گەلی باشووری کوردستان بە ئاستێکدا بەرن کە دابڕانێکی تا سەر لەگەڵ بۆرژوازی کۆلۆنیالی عەرەبیی عێراقدا بکات. لەوەیش زیاتر ڕێبازی سیاسیی ئەم هێزانە سەلماندی کە ئەمانە، تەنانەت دەتوانن ڕێگربن لەبەردەم پرۆسەی سەربەخۆییدا.

لەباربردنی ئەو دەرفەتە مێژووییەو، لەناوبردنی پرۆسەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم کارێک بوو تەنیاو تەنیا بەوان دەکرا. ئەگەر دەرفەتەکە بۆ کورد لەبار نەبوایە ئەوا دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، لە یەکەمین ڕۆژدا، پەلاماری باشووریان دەدا و پرۆسەکەیان خەڵتانی خوێن دەکرد. بەڵام پارتی و یەکێتی، بە هەڵگیرساندنی شەڕی نێوخۆ زەمینەی لەباربردنی هەموو مەسەلەکەیان ڕەخساند و، کوردستانیان لەبەردەم جەندرمە و میتی تورک و پاسدار و جاسوسانی ئێراندا ئاواڵەکرد. ئەنجام پارتی بە هێنانەوەی لەشکری فاشی عێراق، کە دەستی بە خوێنی سەدان هەزار مرۆڤی کورد سوورە، خیانەتەکەی گەیاندە ئاستێک کە نە لە مێژووی کورد و نە لە مێژووی هیچ نەتەوەیەکی تردا وێنەی نەبووەو زەحمەتیشە لە داهاتوودا وێنەی ببێت.

ئەم خیانەتە لە هەموو خیانەتەکانی پێشوو مەزنترە ، چونکە ئەمەیان، لە سەرێکەوە، بە ناوی ولاتپارێزییەوە دەکرێت، لە سەرێکی دیکەوە لەکاتێکدایە کە نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ یەکەم جار لە مێژوویدا، دەیەوێت کورد بپارێزێت و پێشی هاتنەوەی دەوڵەتی عێراقی گرتووە و هەقی ئەوەی پێنادات بێتەوە کوردستان، ئا لەم کاتەدا سەرۆکی پارتی، بەناوی کوردەوە!، ڕەوایی دەداتە دەوڵەتی عێراق تا کوردستان داگیربکاتەوە و جارێکی دی کەرامەتی نەتەوەیی و شەخسیی خەڵکی کورد بخرێتە ژێر پۆستاڵی داگیرکەر.

ئێستا پرۆسەکەی باشووری کوردستان بەهەرزانترین نرخ بە عێراق فرۆشراوەو، سەر لەنوێ گەلی باشووری کوردستان، لە پێناو هەندێ دەستکەوتی پووتی حیزبی و عەشیرەتی ڕاپێچی ژێر چەقۆی ئەنفالچییەکان دەکرێتەوە. ئیتر گەمژەییە باس لەوە بکرێت کە ئاخۆ پارتی، یان پارتی و یەکێتی چ مەرج و داوایەکیان لە سەدام و دەوڵەتی عێراق هەیە، یان دەتوانن چی بۆ کورد بستێنن، ئێستا قسە لەوەیە کە سەدام چ مەرجێکی بۆ کورد و بۆ ئەمان هەیە.

ئەمەیە خۆ دۆڕاندنی ڕاستەقینە..
ئەمەیە ولاتفرۆشی و هەڕاجکردنی چارەنووسی نەتەوەیەک،
ئایا نەتەوەیەک ئەم خیانەتە قبووڵ بکات شایەنی ئازادییە؟
بەڵام ئایا کورد شایەنی ئازادی نییە؟

رابوون



# دیموکراسییەتی یەکگرتنەوە!!

قەرەنی قادری

له ١ـ ٨ ـ٩٧ـەوە، بەهۆی راگەیاندنی بەیاننامەی هاوبەش لەنێوان دوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، کۆتایی بە دووباڵ و رێکخراوی جیاوازی سەربەخۆ لەبەشێکی وڵاتدا هات، هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتن کەتێکۆشەرانی دیموکرات لەڕیزێکی یەکگرتوودا خەباتی خۆیان بۆ وەدیهێنانی دروشمی لەمێژینەی حیزب[دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان} درێژە پێبدەن. کاتێک سەیری یەکەمین هەنگاوی ئەو رووداوە دەکرێت دەتوانرێت ئەوە بگوترێت، کە دەشێت ئەم کارە بەلانی کەم ئەو قازانجەی بۆ حدکا تێدابێت کە بتوانێ تا رادەیەک کۆتایی بەپەرش و بڵاوی و لاوازی لەڕادەبەدەری خۆی بێنێت کە لەماوەی زیاتر لەپانزە ساڵدا بەهۆی گیروگرفتی جیددی ناوەخۆ وەکو قەیران، لەتبوونی حیزب، دەرکردنی بەشێک لەکادیر و ئەندامانی بەرهەڵستکار و نەبوونی دەسکەوتێکی بەرچاو لە بواری خەباتدا دژی رژێمی ئیسلامیی دووچاری هاتووە. دیارە بوونی پارلەمانی کوردستان لە بەشی گەرمێن و شەر و پێکدادانی ئەو دوو قەبیلە سەرشێتە گیروگرفتەکانی حدکای دوووقات کردوتەوە. لایەنی تری ئەو رووداوە کە بەخێرایی زەین بەرە و خۆی رادەکێشێت ئەوەیە کە ئەو دوو حیزبە پاش ئەو هەموو سەنگەر لەیەک گرتن و ناو و ناتۆرە لەیەکنانە، جارێکی تر لەشوێنی پێشودا کۆدەبنەوە و لەڕیزێکی یەکگرتوودا خەبات دەکەن، بێ ئەوەی کەسێک یان کەسانێک بەرپرسیاری ئەو بارو دۆخە بن یان بەتێڕوانینێکی رەخنەگرانە رووداوەکان شیتاڵ بکەنەوە. بۆ کەسانێک کەلەدەرەوەی ئەو حیزبەن دەبێ جێگای پرسیار و لێوردبوونەوە بێ کە ئەو لێکدابڕانە و دروستکردنی حیزب، وە لەدواییدا یەکگرتنەوە؟! چ قۆناغێکی بڕی و گیروگرفتەکان بەکوێ

گەیشتن و چۆن دەکرێ دەرسیان لێوەربگیرێت، زەرەر و قازانجی چییە و چۆن بووە، لەهەموان گرنگتر لەسەر چی یەکیان گرتووەتەوە. گەرچی شیتەڵکردن و پێداچوونەوەی ئەو بابەتە ئێش و ئازاری بەدوادادێ بۆچوونی ردێن سپییانە و نەسیحەتکەریش کە هەمیشە کێشەکان لەسەرەوەڕا چارەسەر دەکات، جەخت لەوە دەکات کە ئێستا کاتی ئەوە نییە باس لە ڕابردوو بکرێ و کێشە کۆنەکان بهێنرێنەوە بەر باس.


بەڵام بەپێچەوانەوە، بۆ ئەوەی گیروگرفتەکان چارەسەر بکرێن و گرێ و گۆڵی دەروون کە لەو ماوەیەدا بووەتە گرێکوێرە بکرێتەوە و لایەنە ناڕوون و تارمایی لەسەرەکان روونبکرێنەوە، قازانج و زەرەری ئەو کارە دیاری بکرێت، پێویستە لێدووانێکی تێر و تەسەل لەسەر ئەم مەسەلەیە بکرێت. ئەو رووداوە لەسەرەتای تەمەنیدا سێ پرسیاری سەرەکیی قوتدەکاتەوە:

١ـ بۆچی ئەو جیابوونەوەیە روویدا، ئایا دەبا روویدابا؟

٢ـ لەسەرچی و چۆن پێکهاتن؟

٣ـ بەرپرسی لەت لەتکردنی جوڵانەوە و ناو و ناتۆرە لێکنان، منداڵی خەڵک بەکوشتندان، دەرکردنی کادر و ئەندامانی بەرهەڵستکار.... کێ بووە و کێ ئامادەیە وەئەستۆی خۆی بگرێ و بیداتە بەر نەشتەری رەخنە؟.

بەپێی سەرجەمی ئەو بەڵگە و نووسراوانەی کە لەماوەی ئەو چەندساڵەدا دژی یەکتر بڵاویان کردونەتەوە، بۆچوونی سیاسیی و تێڕوانینی فیکری و رێکخراوەیی کە لەسەرەتادا تاکو ئەو دواییانە گەڵاڵەکران، ئەوەمان نیشان دەدەن کە لەنێو ریزەکانی



دکتۆر قاسملو

حیزبدا دوو بۆچوونی سیاسیی و فیکریی جیاواز هەبووە. یەکەم: بۆچوونی حدکا بوو، کە هەر لەسەرەتادا تاکو ئەو دواییانەش لەسەر ئەو بروایە بوو، ئەو تاقمە لادەرە کە لەکۆنگرەی هەشتدا جیابوونەوە و چ هۆکاریکی سیاسیی بۆ ئەو هەڵوێستەیان نەبوو، بەڵکو ئەوان لەخەبات ماندوو بووبوون و داواکاری ئەوە بوون لەحیزب ‌وان لەخەبات بیفێت. دکتۆر سەعید، سکرتێری گشتیی حدکا، لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەگەریدا بۆچوونی حیزبی دیموکرات لەو بارەیەوە بەم چەشنە فۆرمولە دەکات: {بەڵام دەربارەی ئەو کەسانەی کە لەحیزبی ئێمە جیابوونەوە، ئەوا هەر لەسەرەتادا هێزێک نەبوون. بەپێچەوانەی رواڵەتی قسەکان ئامانجی سەرەکیی ئەوان بەجێهێشتنی گۆرەپانی خەبات بەهۆی ماندووبوون و پەنابەریی بۆ دەرەوە بوو. حیزبی دیموکرات دەیەویست لە گۆرەپانی خەباتدا بمێنێتەوە، ئەوان دژی ئەو مانەوەیە بوون. هەرچەند لێرە و لەوێ بەچەشنێکی سنووردار ئەو داخوازییانەیان بەراشکاوی رانەدەگەیاند. کەسە ناسراوەکانیش کە ئێوە ناوتان هێنان هەموویان بەماڵ و منداڵەوە هاتنە دەرەوە و بوونەتە پەنابەر و لەئاکامدا ئەوان نەهێزێکن و نەدەبنە هێزێک.}١

دکتۆر سەعید لەشوێنێکی تردا لەروانگەیەکی دیکەشەوە ئاوا دەڵێ: {ئێوە، ئەوان وەکو هێز ناو دەبەن. لەروانگەی ئێمەوە ئەوان هێز نین، بەڵکو کەسانێکن هۆکاری کەسایەتیی ریزی حیزبی پێ بەجێهێشتن و لەدواییدا بەرەو فیکری سەرەکییان پەنابەریی بۆ دەرەوەی وڵات کەوتنە رێ.}٢

تەنانەت کۆنگرەی نۆیەمی حدکا، جیابوونەوەی رێبەرایەتی شۆرشگێر ئاوا رادەگەیەنێ: لەبۆچوونێکی گشتییدا دەکرێ مەسەلەکە وەکو پاکتاوکردنەوەیەکی حیزبیی دابنێین.}٣

ئەو چەشنە بۆچوونانە هەر لەسەرەتای جیابوونەوەدا لەلایەن دکتۆر قاسملۆوە کەڵاڵەکران و جێگرەکانی دووپاتیان کردنەوە. بەگشتی ئەو لایەنە نکۆڵی لەگیروگرفت و کێشەی سیاسیی و فیکری و رێکخراوەیی دەکرد. بەپێچەوانە حدکای وەکو هێزێکی پتەو و یەککرتوو لەبواری سیاسیی و فیکریدا دەناساند. لایەنی تر، واتە رێبەرایەتی شۆرشگێر ئەو گیروگرفت و جیابوونەوەی بەکێشەیەکی سیاسیی، ئایدۆلۆژیک و رێکخراوەیی(پێشێل کردنی دیموکراسی) رادەگەیاند. ئەوان سەرجەمی بۆچوونەکانیان لەکۆنفرەنسی چوارەمدا باس و بڵاوکردەوە. لەسەرتاسەری ئەو راپۆرتەدا باسی فراکسیۆنی قاسملۆ_ شەرەفکەندی، سات و سەوداکردنی ئەو تاقمە لەگەڵ کۆرو کۆمەڵی ئیمپریالیستی و سۆسیال دیموکراسیدا یان زاڵبووونی سیاسەتی راستئاژۆیانە بەسەر حدکا دا، هەروەها پێشێلکردنی دیموکراسی لەناوەوە و دەروەی حیزبدا.... ئەو دوو بۆچوونە جیاوازە بوو کە ئەو دوو حیزبە هەر لەسەرەتای جیابوونەوەکەیاندا هەڵگری بوون و کرا بەبنەمای کاری سیاسیی و رێکخراوەیی و فیکریی. لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا ئەم بنەمایە بەهۆی رادیۆ، گۆڤار و پێکدادانی چەکداریی... بوو بەبەشێک لە مەنتیقی فیکریی و دەروونیی لایەنگرانیان. بەگشتی لەنێو حیزبی دیموکراتدا بەهۆی تێروانینی سیاسیی،

فیکریی و ڕێکخراوەیی جیاوازەوە، هەروەها کێشەی چارەسەرنەکراوی کۆن و شەڕی دەسەلات لە نێو حیزبداکە هاندەرەکەی سروشت و بەرژەوەندی کەسایەتی بووە کە بۆتە هۆی جیابوونەوە و دروستکردنی حیزبێکی دیکەی دیموکرات بەلام بەپاشکۆیەکی تر{مەسەلەی کەسایەتی و بەرژەوەندی کەس لەسەرکردایەتی حکومەت و حیزبدا لەرۆژهەلاتی نێوەراست بەگشتی و لەکوردستان بەتایبەتی تاکو ئێستا بووەتە بەشێک لەسیاسەت و جاری واهەیە ئەو دیاردەیە لەتەقینەوەی سیاسیی و کۆمەلایەتی یان یەکلاکردنەوەی مەسەلەی سیاسییدا رۆلێکی گەلێک ناشیرینی گێڕاوە و دەگێڕێ}. لەم بوارەدا پرکێشی و پاوانخوازی، بوونی رۆحیاتی دیکتاتۆریی دکتۆر قاسملۆ و دەورویەری و، لەلایەکیتر بێئەزموونی و تاقم گەریی و دەسەلات خوازیی رێبەرایەتی شۆرشگێر حیزبیان گەیاندە قۆناغی تەقینەوە و، جیابوونەوە بوو بەئەمرێکی داسەپاو و تەنیا رێگا، دیارە هۆکاری دەرەکیش لە قولکردنەوەی کێشەکاندا، دەوری خۆی بینیوە. پرسیاری دووەمیش پەیوەندیی هەیە بەچۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان کە ئایا لەو ماوەیەدا سەرکردەکانی هەردوو حیزب لەرێگای کام میکانیزمی حیزبییەوە وەکو وتارنووسین، کۆڕ و کۆبوونەوەو وتووێژی رادیۆیی و رۆژنامەگەری وە بەبەشداری چالاکانەی ئەندامانی حیزبیی توانیان بەئاشکرا باسی ناکۆکییەکان بکەن؟!. یان لەئاکامی کام مشتومڕدا گەیشتنە ئەو دەرئەنجامە کەیەکبگرنەوە؟. ئایا ئەوان توانیان بەنادرووستیی هەلوێستەکانی پێشوویان بگەن، یان بەلانی کەم کام بەش لەناکۆکییەکان درێژەی زەمان چارەسەری کردن؟یان کام بەش لەئاکامی مشتومڕێکی فیکری ـسیاسیی نێوخۆیاندا چارەسەرکرا. ئایا حدکا، لابالی شۆڕشگێڕیان وەکو تاقمێکی ماندووی بەژن و مندالەوە هەلاتوو وەرگرتوەتەوە یان وەکو حیزبێکی سەربەخۆ کە لەئاکامی گیروگرفتی سیاسیی و ڕێکخراوەیی نێو حیزبدا دروست بوون. پرسیاری سێهەمیش مەسەلەی بەرپرسیارێتی ئەو زەرەر و زیانەیە کە لەماوەی چەند سالی شەڕ و پێکدادانی چەکداری، ناو و ناتۆرە لێکنان دروستکردنی رۆحی زەبروزەنگ لەناو جولانەوەدا کە خراوەتە پشت گوێ. گەرچی لەوتارەکاندا ئەو زیرەکییە کراوە کە {هەشت سال بوونی دوو ڕێکخراو بەناوی حدکا ئەو گیروگرفتانەی کە بەو هۆیەوە هاتنە پێشەوە، زیانێکی زۆریان لە بزووتنەوەی میللی ـ دیموکراتیکی خەلکی کوردستانی ئێران داوە}٤

ئایا خەبات و تێکۆشان و چارەنووس و کەسایەتی نەتەوەیەک وەک یاریی مندالان وایە کە هەر کاتێک پێمان خۆش بوو پێکەوە یاری بکەین و هەر کاتێکیش دلی تەنگمان نەیویست یارگە و بنە تێکنێین و لەشوێنێکی تر رەشمالی خۆمانی لێ هەلدەین و پاش ماوەیەکی تر سەر وتکبنێینەوە و باس لەبرایەتیی و تەبایی و یەکدلی بکەین، بێئەوەی شوچێک یان بەرپرسیارێک بۆ ئەو شەڕ و پێکدادان و خولقاندنی رۆحی زەبر و زەنگ و ئاکاری نادیموکراتیکە لەناو جولانەوەدا دیاری بکرێت دەوەرن بۆجارێکیش بێ ئازایانە و ئاشکرا باس لەکێشەکان بکەن و بەهاوکاریی راستەوخۆی ئەندامان ناکۆکییەکانی کۆن و نوێ بدەنە بەر نەشتەر و لەکردەوەدا نمونەیەکی دیموکراتیک و دەرسهێنەر بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆمار بکەن.

**یەکگرتنەوە یان توانەوە**

بەیاننامەی هاوبەش بەم چەشنە یەکگرتنەوە رادەگەیێنێت: پاش چەند کۆبوونەوەی باس و راوێژ، هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتن کە دیاردەی بوونی دوو رێکخراو بەناوی حدکا کۆتایی پێبهێنرێت و هەموو تێکۆشەرانی دیموکرات لەڕیزێکی یەکگرتوودا خەباتی خۆیان بۆ وەدیهێنانی دروشمی لەمێژینەی حیزب دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان درێژە پێبدەن.٥

لەلایەکیدیکەوە عەبدولای حەسەن زادە سکرتێری گشتی حیزب لەوتارەکەیدا بەو بۆنەیەوە دەلێ{ئەو هاورێ و هاوسەنگەرانەمان کە ماوەیەک بوو لەژێر ناوێکی دیکەدا تێدەکۆشان، ئەمرۆ بەبڕیارێکی مەسئولانە تێکەل بە حیزبی خۆیان بوونەوە. لەم ڕووەوە ئەوان وەکو هەموو هاوڕێیانی دیکە، تێکۆشەری نێو سەنگەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و

رێبواری رێگای خەبات بۆ وەدیهێنانی دروشمی لەمێژینەی حیزبەکەمان، دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانن، ئەوان لە ریزەکانی حیزبدا هەموو ئەو ئەرکانەیان هەیە کە بۆ هاورێیانی دیکەیان هەن، نەزیاتر و نەکەمتر.}

با لەوە بگەڕێین کە عەبدوڵای حەسەن زادە ناویشیان وەکو حیزب ناهێنێ، بەڵام سەرچەمی ئەو بابەتانەی کە ئاماژەمان پێکردن باس لەیەکگرتنەوە ناکەن، بەڵکو باس لەتوانەوە و خۆهەڵوەشاندنەوەی لایەنێک دەلایەنەکەی تردا دەکەن. واتە لایەک بۆ لایەکی تر دایشکاند.

بەومانایە حدکا_ رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، وازی لە پێڕە و پرۆگرامی خۆی کە پەسەندکراوی کۆنگرەی دەیەم بوو هێنا و ئۆرگانەکانی وەکو رۆژنامە و رادیۆی داخست بۆ خزمەت بەدروشمی لەمێژینەی حیزب کە خودموختارییەو ئەوان لە کۆنگرەی دەیەمدا وازیان لێهێنابوو. لەباری رێکخراوەییش چوونەوە ناو باوەشی حیزبی دایک و ملکەچی نۆرم و یاساکانی ئەوان دەبن؟!. لەلایەکی ترەوە رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بەچەشنێکی زۆر نادیموکراتییانە حیزبەکەیان هەڵوەشاندەوە، چونکە بۆ روداوی وا کۆنگرە یان ئۆرگانێکی وەکو کۆنگرە دەتوانێ بریار بدا، ئەویش دەبێ رەنگدانەوەی ئیرادەی گشت حیزب بێ. لەراپۆرتی کۆنفراسی چوارەمی حدکا_رێبەرایەتی شۆڕشگێردا گەورەترین تاوانێک کە بۆ فراکسیۆنی قاسملۆ_ شەرەفکەندی دانراوە، پێشێلکرنی دیموکراسیی نێوخۆ و دەرەوەیە. بەڵام پاش هەشت ساڵ ئەزموونی تاڵ و گۆڕی قوڵ، ئەو سەرکردایەتیە بەچەشنێکی زۆر ناشیرین هەمان کار دەکا کە کاتی خۆی گوایە لەبەری دەینالاند.

بەڵێ سیاسەت و کاری سیاسیی بەشێکیشی پرەنسیپ و ئەخلاقە. وا باش بوو ئەگەر هەردوو لابالی حیزب هەر لە سەرەتای کرانەوەی دەرگای وتووێژدا بۆ یەکگرتنەوە، لەقۆناغی یەکەمدا بیریان لە لێک نزیکبوونەوە و کاری هاوبەش کردبایەوە وەکو چالاکی سیاسیی و چەکداری لە وڵاتدا، بڵاوکردنەوەی وتار و نووسراوەی هاوبەش لە بوار و بۆنەی جیاجیادا و، لەدەرەوەی وڵاتیشدا چالاکیی سیاسیی و فیکری وەکو خۆپیشاندان و کۆڕو کۆبوونەوە... سازدرابان تاکو لەدرێژەی خۆیدا پەیوەندییەکان ئاسایی دەبوونەوە. قازانجی ئەو کارە ئەوە دەبوو کە گشت ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لەرەوتی خاوکردنەوەی گرێیەکان و گیروگرفتەکاندا چالاک دەبوون و رۆڵی خۆیان دەبینی، دردۆنگی و بێ باوەڕی جێگای دەدا بەتەبایی و ئاشتی و، گرێ و کۆسپی سەرڕێگای یەکگرتنەوەی رادەماڵی. دووەمین هەنگاویش ئەوە دەبوو کە هەردووک لا وەکو دوو حیزب یەکتریان سەلماندبا، وەکو دوو حیزبی لێک نزیک لە بەرنامە و سیاسەتدا بەلام جیاواز لەرێکخراوەدا پێکەوە کاریان کردبا.

لەدوایشدا بریاری کۆنگرە بۆ یەکگرتنەوە رۆڵی خۆی بۆ ئەو کارە دەدیت باروودۆخەکە تارادەیەکیش ئەو دەرفەتەی دەدا کە ئەو کارە دەکردەوەدا سەربگرێ. بەگشتی ئەو رووداوە لە یەکەمین هەنگاودا توانەوەی حدکای رێبەرایەتی شۆڕشگێرە لەنێو حدکای دایکداو دەچێتە نێوخانەی شکستی سیاسیی و رێکخراوەیی و پرەنسیپییەوە. لەباری چۆنییەتی چارەسەرکردنیشدا زۆر نادیموکراتیکە چونکە ئەندامانی ئەو حیزبە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکەیان رۆڵیان نەبووە کە لەرێگای کۆنگرە یان ئۆرگانێکی تر وەکو کۆنگرە بڕیاری تێدا پەسەندکرابێ. دوایین پەیڤیش بۆ یەکەمین هەنگاو ئەوەیە کە بەڕاستی جێگای تێڕامان و تێفکرینە، سەرکردەکانی حدکای رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ چ مەبەستێکی تریشیان هەیە لەو بەناو یەکگرتنەوەداو چ پرۆگرامێکی نەنووسراویان بۆ داهاتوو دارشتووە کەوا بەبێ یەکو دوو حیزبەکەی خۆیان هەڵوەشاندەوە و بەیەکجاریی ملکەچی پەیرەو و پرۆگرام و سیاسەت و دروشمی حدکا بوون و ناویشان لێنا بڕیاری مەسئولانە و بەرگرتنی داری ئاوات.

۱۰_۲_۹۷

۱_گۆڤاری {راە ازادی _ ژمارە ۲۳ _ ل ۸}
۲_ هەمان سەرچاوە
۳_ راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی حدکا بەزمانی فارسی ل ٤٦.
٤_ بەیاننامەی هاوبەش.
٥_ هەمان سەرچاوە

# بانگەوازێک لە گۆڤاری (رابوون)ەوە

شەش ساڵ پێش ئێستا، بە کۆمەکی کۆمەڵێک روناکبیر و نووسەر گۆڤاری رابوون لە دایکبوو. لەو ماوەیەدا گۆڤارەکە چەند جارێک تووشی گیروگرفتی سەختی ئابووری هات، کە بە کۆمەکی کۆمەڵە برایەکی هێژا، بە تایبەتی برایان کاک ئیبراهیم قوربان و کاک حازم کوردە لە سوێد، توانرا گۆڤارەکە دەربازبکرێت.
لەم سێ ساڵەی دواییدا رابوون ساڵانە، وەک سەدان گۆڤاری سوێدی و بیانی کە لە سوێد دەردەچن، لە دەزگای کولتوور رۆدی سوێدییەوە کۆمەکێکی ئابووریی کەمی پێدەکرا، کە بەشی نیوەی مەسرەفی چاپەکەی نەدەکرد، نیوە مەسرەفەکەی دی دەبوو بە فرۆشتنی گۆڤارەکە دابینی بکەین، کە لە هەر ژمارەیەک تەنیا پارەی هەشتا دانەیەکمان دەستدەکەوتەوە، کە ئەمە خۆی کارەساتێکە بۆ چاپەمەنی و کولتووری کوردی.

ئەمساڵ کولتوور رۆد بریاری داوە کۆمەکی رابوون نەکات، ئێمە هۆکاری ئەم بریارە چاوەروان نەکراوە نازانین، ناشمانەوێ جارێ، بەبێ فاکت، باوەر بەو قسەلۆکانە بکەین کە دەڵێن، ناحەزانێکی رابوون، لای کولتوور رۆد دووزمانیان لێکردووین و راپۆرتی درۆزنانەیان لێداوین. بریارەکەی کولتوور رۆد لەبەر هەر هۆکارێک بێت ئەنجامەکەی بۆ لەباربردنی رابوونە، چونکە هیچ گۆڤارێکی کولتووری، تەنانەت گۆڤارە سوێدییەکانیش کە هەزاران کریاریان هەیە و، ئیعلانیش بڵاودەکەنەوە، بەبێ کۆمەکی دەوڵەت یان دەزگایەک، ناتوانێت بەردەوام بێت

برای هێژا..! خوشکی بەرێز! ئەگەر ئێوە بەلاتانەوە گرینگە ئەم گۆڤارە، وەک پرۆژەیەکی کولتووری و دەنگێکی کوردستانییانەی سەربەخۆ و ئازاد نەوەستێت، هیواداریین کۆمەکمان بێبکەن بەشداری کرینی گۆڤارەکە بکەن. کە ئابوونەی ساڵانە بۆ چوار ژمارە 240 کرۆنی سوێدییە، بۆ ئەوروپا 50 دۆلاری ئەمریکاییە، کە زیاتر لە چواریەکی پارەکە بۆ کرێی پۆست دەچێت. (تێبینی: ژمارەی دەبل بە یەک ژمارە دادەنێین) هەروا دەکرێت لە کتێبخانەی گەرەک و شارەکەت و، لە کۆمەڵە و ناوەندە کولتوورییە کوردییەکانی شارەکەت داوابکەیت کە بەشداریی کرینی رابوون بکەن.

تا ئێستا کۆمەڵێک دۆست و رووناکبیر، کە هەواڵی بریارەکەی کولتوور رۆد نیگەرانی کردوون، دەستپێشخەرییان کردووە و بە پارە کۆمەکی رابوونیان کردووە، کە لە ژمارەی داهاتوودا بە سوپاسەوە ناوەکانیان بڵاودەکەینەوە. ئەگەر ئێوەش دەتانەوێت کۆمەکی مادیی گۆڤارەکە بکەن، تکایە ئاگادارمان بکەنەوە لەوەی کە ئایا رازین ناوتان، یان ناوی خوازراوتان، بڵاوبکەینەوە.

با پێکەوە نەهێڵین رابوونیش، وەک دەیان گۆڤاری دیکەی کوردی، لەناوبچێت.

دەستەی نووسەرانی رابوون

---

**کۆمەک بە رابوون**

سوپاسی ئەم برایانە دەکەین کە کۆمەکی رابوونیان کردووە:

مەهدی جاف ٥٠٠ کرۆن

ا.ق ٥٠٠ کرۆن

کاکە وەیس ٥٠٠ کرۆن

رزگار مستەفا ٥٠٠ کرۆن

ئەنوەری سوڵتانی ٥٠ پاوەن

# ئیسماعیل بێشکچی: نموونەی زانای خاوەن هەڵوێست

د. جەبار قادر

مرۆڤ دەتوانێ زانای بەنێوبانگی تورک دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی بە نموونەی دیاردەیەکی نوێ بژمێرێ نەک تەنیا لە تورکیا، بەڵکو لە نێوچەی ڕۆژهەلاتی نزیکدا. وەکو دەزانین تورکیا هەمیشە سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەو شۆڤینی بەرامبەر بەگەلی کورد پەیرەو کردووەودەکات. ئەم سیاسەتە نەک تەنیا بەرامبەر بە کوردی تورکیا بووە، بەڵکو لە هەر بەشێکی کوردستاندا کورد سەری بەرزکردبێتەوە و داوای مافی خۆی کردبێ، ئەوا تورکیا یەکسەر کەوتووەتە خۆی و ڕۆڵی پێشەنگی بینیوە لە کۆکردنەوەی داگیرکەرانی کوردستانداو سۆزو پەیمانی لێوەرگرتوون بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە ئەو هەوڵە لە لانکەدا لەباربیەن. دەوڵەتی تورک ئەمەی بە ئەرکی سەرەکی خۆی زانیووە، چونکە لە بیرو بۆچوونی ڕەسمیی ئەودا گەلێک بەنێوی کورد نە لەتورکیاو نەلە دەرەوەی تورکیا بوونی بۆ نییە. سیاسەتی سەپاندنی دەسەلاتی تورک بەسەر گەلی کوردامێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، بەلام لەکاتی سوڵتان سەلیمی سێیەمەوە (١٧٨٩-١٨٠٧) شێوەیەکی نوێی گرتە خۆ، کاتێ هێزەکانی دەروازەی بالا (بابی عالی) کەوتنە گیانی میرنشینەکانی میرو سەروک هۆزو ئاغاو دەرەبەگەکانی کورد. سوڵتانەکانی دوای ئەویش ، واتە مەحموودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩) و عەبدولمەجید (١٨٣٩-١٨٦١) دلسۆزانە ئەو سیاسەتەیان بەجێهێناو دوا میرنشینی کوردیان لەنێوبرد، ئەو کارەش زیانێکی گەورەی لە گەلی کورد دا.

چونکە ئەگەر ئەو میرنشینانە بە هەموو ناتەواوییەکانیشیانەوە لەنێو نەچوونایە ، ئەوا دەبوونە بنکەی سازکردنی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی کورد لە سەردەمی پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا. ئەو سیاسەتەی دەروازەی بالا هاودەم بوو لەگەڵ پڕۆسەی پەرەسەندنی پرنسیپی سەنترالیزم و هەوڵەکانی سەپاندنی دەسەلاتی دەوڵەت بەسەر هەموو ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەتی بەرینی عوسمانیدا. سەردەمی سوڵتانی خوێنڕێژیش عەبدولحەمیدی دووەم(١٧٧٦-١٩٠٩) نێوبانگی بەوە دەرکردووە کە دەسەلاتی دەروازەی بالا لە هەموو لایەک بە توندی هەستی پێدەکراو پیاوەکانی سوڵتان هەناسەی خەڵکیان لەو دەوڵەتە بەرینەدا دەژماردو دەستیان دەگەیشتە قوژبنە هەرە دوورەکانی و ژیانیان لە گەلان تاڵ کردبوو. ئەو سیاسەتە هەتا دەهات هەر بە هێزدەبوو. لەکاتی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی بەتایبەتی لە سەردەمی دەسەلاتی بێ سنووری سێ پاشا تۆرانییەکەدا واتە ئەنوەرو تەلعەت و جەمال، ڕژێمێکی دیکتاتۆری دڕندەی بەسەر گەلانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا سەپاند. ئەمانە سیاسەتی قڕکردنی گەلانی ناتورکیان گرتبووەبەرو بەشێوەیەکی بێ بەزەییانە جێبەجێیان دەکرد. لەو کاتەدا هێشتا نۆرەی کورد بەتەواوەتی نەهاتبوو،

چونکه ئیتحادییەکان زیاتر بەقڕکردنی گەلانی ناموسلمانەوە، بەتایبەتی ئەرمەن و ئاسووری و گەلانی بەڵکانەوە خەریک بوون، لەگەڵ ئەوەشدا کورد کەوتە بەر پەلاماری زۆرداری و سیاسەتی ویرانکەرانەو سەرکوتکەرانەی تورکە لاوەکان، بەتایبەتی لەکاتی شەری یەکەمی جیهانیدا، سەیر لەوەدایە کە سیاسەتی قڕکردن و تواندنەوەی کوردو لە نێوبردنی کولتووری و ماڵینی شوێنەوارە کولتووری و مێژووییەکانی لەسەردەمی بە نێو کۆماریدا گەیشتە لوتکە. حەفتا ساڵ دوای دامەزراندنی ڕژێمی کۆماریی لە تورکیا هێشتا ئەو سیاسەتە هەر بەردەوامە، هەڵبەتە بە فۆرمی هەندێک جیاواز لە جاران، بەڵام بە هەمان نێوەڕۆک.

ئالەم کەش و هەوایەدا، کە بە بیرو بۆچوونی ڕەگەزپەرستانە و شۆڤینی و ڕق و کینە بەرامبەر بەگەلانی ناتورک، ئاوسابوو، ئیسماعیل بێشکچی پەیدابوو. وادەزانم بەهەڵەدا ناچم ئەگەر بڵێم مەزنی بێشکچی زیاتر لێرەوە دەست پێدەکا، چونکە ئەگەر لە وڵاتێکی ئاشنا بە کەش و هەوای دیموکراتی و بیروباوەری مرۆڤانی پەیدا ببوایە ئەئەوەندە نێوی دەردەکردو نەئەوەندەش مەینەتی دەکێشا. بێشکچی نەک تەنیا خۆی لە بیرو بۆچوونی ڕەگەزپەرستی بەدوور گرت، بەڵکو بەڕاشکاویی و دەنگێکی زوڵاڵ سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەتی تورکی بەرامبەر بە گەلی کورد ڕەتکردەوەو بڕیاری دا هەموو ژیانی بۆ پاراستنی مافی کورد تەرخان بکا. وا نزیکەی سی ساڵە بێشکچی بەبێ وچان دژی ئەو سیاسەتەو ڕەنگدانەوەکانی لە بوارەکانی زانست و پەروەردەو ڕاگەیاندندا خەبات دەکاو مەینەتی دەبینێ. بێشکچی بە شێوەیەکی وەستایانەو زانستییانە هەوڵی هەڵتەکاندنی بنکەکانی ئیدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت دەداو گەلێ بەرهەمی نایابی لەم بوارەدا بڵاوکردۆتەوە.

ئەو ڕاستییەشی بە ڕاشکاویی سەلماندووە کە مرۆڤێکی زانست پەروەرەو عاشقی ڕاستییەو ئامادەیە لە ڕێگەیاندا خۆبەخت بکا. هەمیشە



بێشکچی

وتوویەتی ( ئای کە خۆشە مرۆڤ لە پێناوی زانست وڕاستیدا کارو خەبات بکاو سەری لەم ڕێگەیەدا دانێ). بێشکچی بەیەکێک لە زیندانییە هەرە بە نێوبانگەکانی بیروباوەر دەژمێردرێ، نەک تەنیا لە تورکیا بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش. تاوەکو ئێستا زیاتر لە(١٥)ساڵی لە زیندانەکانی تورکیادا بردۆتەسەر و ئێستاش بە زیاتر لە دووسەد ساڵ زیندان و چەند ملیارێک لیرەی تورکی سزا دراوە. بەگوێرەی ئەو گۆڕانکارییە ساختەکارانەی کەلەم دواییەدا لە مادەی هەشتەمی یاسای دژ بە تیرۆر کراون بۆ خاپاندنی بیرو ڕای جیهانیی، دەبێ جارێکی تر بێشکچی بدرێتەوە دادگاو وا چاوەڕوان دەکرێ سزاکەی بکرێ بەسەدو سی ساڵ زیندان. بێشکچی باوەڕی بە سیستەمی دادپەروەری لە تورکیادا نییەو بەردەوامە لەسەر کارو خەباتی خۆی. بێشکچی بۆیە تووشی هەموو ئەو مەینەتییە هاتووە، چونکە سیاسەتی دەوڵەتی بەرامبەر بە گەلی کورد

تاوانبارکردووەو سووربووە لەسەر هەبوونی گەلی کوردو داوای کردووە کە دان بە مافە ڕەواکانیدا بندرێت.

سەرنێشەی بێشکچی لە سەرەتای شەستەکانەوە دەستی پێکرد، کاتێ ئاشنایی لەگەڵ کورددا پەیدا کرد، وەکو ئەوەی جیهانێکی نوێی دۆزیبێتەوە کە قەدەغە بوو خەڵک چ لە تورکیاو چ لەسەرانسەری دنیا بە ئێش و ئازارو هیواکانی بزانن. لەو ڕۆژانەوە ئەو جیهانەی کردە ماڵی خۆی و بوو بە دەروێش و موریدی پیشاندانی ئازارو هیواکانی دانیشتوانی ئەو جیهانە لەبیرکراوە بە مرۆڤایەتی. لەم ڕێگەیەدا پێیەکی لە زیندان و پێیەکی لەم دادگاو ئەو بنکەی ژاندارم و پۆلیسدا بوو. بەرهەمەکانی لە(۳۰) کتێب و سەدان باس و وتارو لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، پێکهاتوون . وەکو بێشکچی ئەو فیداکارییەی بۆ کورد کردووە، ئەرکێکی سەرشانی نووسەرانی کوردە کە زیاتر بە خوێنەری کوردی بناسێنن و تیشک بخەنە سەر ژیان و بەرهەمەکانی.جێگەی دڵخۆشییە کە کوردەکانی باکووری نیشتمانمان ڕێزێکی زۆری لێدەگرن. بەدەگمەن ماڵی کورد دەبینی وێنەیەکی بێشکچی و چەند کتێبێکی ئەوی تێدا دەست نەکەوێ. خەبات و فیداکاری بێشکچی بوونە هۆیەکی هاندەرو کاریگەر بۆ کۆمەڵی نووسەرو ئەکادیمی تر لە تورکیا بۆ ئەوەی خۆیان لە تۆڕی بیروباوەری ڕەسمیی ڕزگاربکەن و بە چاوێکی تر بڕواننە ڕووداوەکان. ئەمڕۆ کۆمەڵێ نووسەرو ئەکادیمی بە نێوبانگ لە تورکیا هاتوونەتە ڕیزی بێشکچییەوەو خەباتی بێ وچان لە پێناوی سەرکەوتنی بیرو بۆچوونەکانی ئەودا دەکەن. تەنانەت نووسەرێکی بەڕەگەز کوردو گەلێ بەنێوبانگ و گەلێ ترسنۆکیش وەکو یەشار کەمال ناچار پەردەی ترسی دڕی و کەوتە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆو دوێنێی تورکیا. ئەمڕۆ مرۆڤی وەکو (خەلوق گەرگەر، فیکرەت باشقایە، ئایشە زارا کولو، سرور تانیلی، ویداد تورکالی ، ئەحمەد ئاڵتان، یاڵچین کیوچیوک، شەنار

نارده تەپان ...و دەیانی تر کەوتوونەتە کەوڵی کەمالیزم و خەریکی هەڵتەکاندنی بنکە فیکرییەکانی سیاسەتی قڕکردن و تواندنەوەی کوردو گەلانی تری تورکیان لەلایەن دەستەکانی دەسەڵاتدارەوە، هەموو ئەمان و دەیان ڕۆشنبیری ترکەوتنە بەر شاڵاوی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی تورکیا. هەموویان مەینەتی زیندانیان کێشاو ژمارەیەکیشیان هێشتا لەژووره تاریک و ساردو سڕەکانی زیندانەکانی تورکیا ڕۆژانیان بەسەر دەبەن و چاوەڕوانی هەڵهاتنی خۆری ئازادی و برایەتی و بڕاندنەوەی شەوی تاریکی شۆڤینیزم و ڕەگەزپەرستین. ئەم مرۆڤە خاوەن هەڵوێستانە خەبات دەکەن بۆ ئەوەی بە وتەی خۆیان [بەها مرۆڤایەتییەکان بپارێزن و ڕێگەیەک لەبەردەم بیرو باوەڕێکی مرۆڤانی دوور لە ڕەگەزپەرستی و شۆڤینیزم و توندڕەوی بکەنەوەو ڕوویەکی نوێ بە بیری تورکی بدەن کە ماوەی سەدەیەکە تووشی شەرمەزارییەکی بێ ئەندازە هاتووە]. ئەوان پێش هەموو شتێک خزمەت بەگەل و نیشتمانی خۆیان دەکەن بەوەی هەوڵی سڕینەوەی ئەو لەکەو شەرمەزارییانە دەدەن کە کولتوورو بیر لە وڵاتەکەیاندا گیرۆدەی بوون. هیچ کاتێکیش ئەو گەلەی بیروباوەڕێکی لەو جۆرە باڵی بەسەریا کێشابێت و گەلێکی تر بچەوسێنێتەوە ناتوانی لافی ئازادی و بەختەوەری لێبدا. هەر لەبەر ئەوەشە ژمارەی ئەوانەی ڕۆژانە دەرژێنە دەریای بیری مرۆڤانییەوە زۆرتر دەبن و زیندانەکانیش ڕۆژانە دەروازەکانیان بۆ ڕۆشنبیرو زاناو نووسەری خاوەن هەڵوێستی نوێ دەکەنەوە، دەسەڵاتدارانی تورکیاش بەدنێوتر دەبن و دەکەونە بەر ڕەخنەی ڕێکخراوەو کۆمەڵەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و قوربانیانی بیروباوەر دەربڕین. کار گەیشتە ئەوەی کاربەدەستان ناچار بن بیر لە هەڵوەشاندنەوەی هەندی یاسا بکەنەوە کە پەیوەندیان بە ئازادی بیروباوەرەوە هەیە، هەڵبەتە بە شێوەیەک کە دەزگاکانی شەڕی تایبەتی لێی ڕازیبن، چونکە لە تورکیا دەسەڵاتی ڕاستەقینە بە دەستی ئەوانەوەیە.

سەرەک کۆمارو سەرەک وەزیران و پەرلەمان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبەردەم دەسەڵاتی جەنەڕاڵ و دەزگاکانی ئاسایشدا تەنیا ڕۆڵێکی شانۆگەریی دەگێڕن کە پێشەکی بۆیان داڕێژراوە. هەر لەبەر ئەوەشە کەئەو گۆڕانکارییانە شێوەی پینەکردن دەگرنە خۆ نەک چارەسەرکردن. لەکاتێکدا کێشەکان پێویستیان بە گۆڕانکاریی بناغەیی هەیە، بێ هەڵتەکاندنی بناغەکانی بیروباوەڕی کەمالیزم لە ڕەگ و ڕیشەوە کێشەکانی تورکیا بەتایبەتی دۆزی کورد چارەسەر ناکرێ. لەساڵی ١٩٧٧دا هەندێ زانیاریم دەربارەی ئیسماعیل بێشکچی بە زمانی ڕووسی تۆمارکرد، کاتێک ئەو کتێبەیم خوێندەوە کەبە ناوی[دۆزی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ: بناغە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەتنیکییەکان] بڵاوی کردبووەوەو گەلێ زانیاری ولێکدانەوەی هێژای تێدا تۆمار کردبوو، لەکاتی ئامادەکردنی تێزی دکتۆراکەمدا زۆریارمەتی دام. لەوێدا وتبووم بێشکچی[ یەکەمین نووسەری تورکە کە ڕێبازێکی زانستیانە بۆ لێکدانەوەی باری کوردەکانی تورکیا پەیرەو دەکا. ئەم نووسەرە باری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کوردستان بە شێوەیەکی زانستیانەو دوور لە میتۆدە پەیرەوکراوەکان لە تورکیا، لێکدەداتەوە. بێشکچی دەیەوێ هۆیە ڕاستەقینەکانی ئەو بارە سەختەی کوردی تورکیا دەست نیشان بکاو، لەم بوارەدا سەرکەوتووانە گەلێ ئەنجامی وەدەست هێناوە. ئەو ئەنجامانەی کە بێشکچی وەدەستی هێناون دەتوانن هاریکاریی توێژەر بکەن کاتێ دەیەوێ وێنەیەکی ڕاستەقینەی کوردەکانی ئەو وڵاتە بکێشێ](١).

لە ساڵی ١٩٨٥یشدا، ئەمجارەیان بەکوردی هەندێ زانیاریم دەربارەی ژیان و بۆچوون و بەرهەمەکانی بێشکچی تۆمارکرد(٢)، لەوێدا جەغتم لەسەر زانست پەروەریی بێشکچی کردبوو، ئەو ڕاستییەم بە زەقی خستبووە ڕوو کە ئەو پیاوە خاوەن هەڵوێستەو دژی ئایدیۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت وەستاوەو بە توندی ڕەخنەی لێ دەگرێ و بەهیچ شێوەیەک نەک هەر ڕێگە بەخۆی نادا تێکەڵاوی بەزم و باڵۆرەی نووسەران و بۆرە مێژوونووسانی ڕەسمیی دەوڵەتی تورک بێ، کەوا بۆ سەدەیەک دەچێ بە بێ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنن، هەوڵ دەدەن کورد بکەن بە تورک، بەڵکو لەبەرامبەر ئەو بیرو بۆچوونانە وەستاوەو گەلێ بەرهەمی لەم بوارەدا تۆمار کردووە. هەموو لایەک دەزانن کە دەسەڵاتدارانی بەغداش هەمان سیاسەتیان بە شێوەیەکی گەلێ دڕندانەتر بەرامبەر بە گەلی کورد پەیرەو دەکردو جوقی نووسەرانی ڕەسمیی بەعس و نیمچە مێژوونووسانیش خەریکی بەستنی کۆنگرەو سیمیناری" زانستی و مێژوویی" بوون لەبارەی[عارەبێتی] جەزرەتی ئادەمەوەو بەراوردکردن لە نێوان سەدام و سەلاحەدینی ئەیوبیدا. ئەمانە بێجگە لە تۆمارکردنی دەیان بەرگی بە قەوارە قەبەو بە نێوەڕۆک قاڵا"بۆش" لەبارەی [شارستانێتی عێراق] و[ عێراق لە مێژوودا]. ئەم کتێبانە تەرخان کرابوون بۆ شێواندنی مێژووی عێراق لە ژێر پەردەی درۆیەکی زلدا کە نێویان لێنابوو[ سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو]. لەو بەرهەمانەدا ئەوەی پەیوەندی بەکوردو کوردستانەوە هەبوویان بە هیچ شێوەیەک باسی لێوە نەدەکرا یان دەشێوێنراو دەکرا بەبەشێک لە کولتوورو مێژووی عەرەب بۆ ئەوەی لەگەڵ بۆچوونە چەوتەکانی بەعس و "سەرکردەی بلیمەت"دا بگونجێ. کار گەیشتە ئەوەی "مێژوونووسان"ی عێراق بەشان و باڵی والی خوێنڕێژی ئەمەویدا حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیدا هەڵبدەن و بە عارەبێکی ڕاستەقینەی بژمێرن(٣). ئا بەو جۆرە بەعسێکان بە شێوەیەکی ئابڕووبەرانەتر پەیرەوی ڕێبازی دۆستە کەمالیزمەکانیان دەکرد.

ئیسماعیل بێشکچی لە ساڵی ١٩٣٩دا لە شاری ئیسکلیپی ویلایەتی چۆرووم لە باکووری تورکیا هاتۆتە دنیاوەو لە ساڵی ١٩٦٢دا کۆلێجی زانستە سیاسییەکانی لە زانکۆی ئەنقەرە تەواو کردووەو بۆ ماوەیەکی کورت مووچەخۆریی دەوڵەتی کردووە.

ڕۆژانی سەربازی لە شاری بدلیسدا لە کوردستان بردۆتەسەرو هەر لەو ڕۆژانەدا ئاشنایی لەگەڵ کوردو دۆزی نەتەوەیی کورددا پەیداکردووە. لەساڵی ١٩٦٤دا لە بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکانی زانینگەی ئەتاتورک لە ئەرزەرۆم بە پلەی یاریدەدەری توێژەری سۆسیۆلۆژی دامەزرا. یەکسەر کەوتە کۆکردنەوەی زانیاری و مەتریاڵ لەبارەی هۆزە کۆچەرەکانی کوردەوە لە ویلایەتی ئەرزەرۆمدا. بەرهەمی ئەو هەولانە ئامادەکردنی تێزی دکتۆراکەی بووکە ساڵی ١٩٦٧ لێی بووەوە. لەهەمان ساڵدا تەوژمی خۆپیشاندان و میتینگی جەماوەریی شارەکانی کوردستانی باکووری گرتەوەو خۆپیشاندەران دژی سیاسەتی چەوساندنەوەی کورد و پشت گوێ خستنی کوردستان دروشمیان بەرزدەکردەوەو داوای کردنەوەی قوتابخانەو نەخۆشخانەیان دەکرد لە جیاتی بنکەی ژاندارم و پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایش و سیخوڕی. بێشکچی لاوو شۆڕشگێر چالاکانە لەو خۆپیشاندان و میتینگانەدا بەشداری کردو یەکەمین کتێبی بۆ لێکدانەوەی سروشت و ناوەڕۆکی ئەو میتینگانە تەرخان کرد، کەلە هەمان ساڵدا بە نێوی [ لێکدانەوەی میتینگەکانی ڕۆژهەلات] بلاوی کردەوە(٤). لەو کتێبەدا بێشکچی هەولی ئەوەی داوە نێوەڕۆکە کۆمەلایەتی و ئابووریی وسیاسییەکانی ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییانە بخاتە بەر تیشکی ئەنالیزو لێکدانەوەو لە دروشمەکانیان وردبێتەوەو شیانبکاتەوە، کە هەموویان بریتی بوون لە پرۆتێست دژی سیاسەتی نامرۆڤانەی کاربەدەستانی تورکیا بەرامبەر گەلی کورد و نیشتمانەکەی.

کوردستان لە دەزگای خزمەتگوزاری بێبەش بوو لەکاتێکدا بە بنکەی پۆلیس و ژاندارم و ئاسایش ئێنتەلای کردبوو. دوای ئەوە بەساڵێک ، واتە لە ساڵی ١٩٦٨دا بێشکچی کتێبێکی تری بە نێوی [ گۆرانکارییە کۆمەلایەتییەکان لە نێو هۆزە کۆچەرەکانی کورددا لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ] نووسی(٥). ئەم کتێبەو ئەوەی دوای ئەویش کە لە ساڵی ١٩٦٩دا بە نێونیشانی[ گۆڕانکای و مەسەلەکانی ڕۆژهەلات: هۆزی کۆچەری عەلیکان](٦) بلاوی کردەوە، بریتی بوون لەو لێکۆلینەوە سۆسیۆلۆژییانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نێو هۆزە کوردەکانی نێوچەی ئەرزەرۆمدا کردبووی لە کاتی ئامادەکردنی تێزی دکتۆراکەیدا. لەهەمان کاتدا گرنگترین کتێبی بێشکچی بلاوکرایەوە، واتە کتێبی[ دۆزی ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ: بناغە کۆمەلایەتی و ئابووری و ئەتنیکییەکان](٧). ئەم کتێبە لەلایەن خوێنەرانەوە بەگەرمی پێشوازی لێکراو تەنیا ساڵێک بەسەر بلاوکردنەوەیدا تێنەپەڕی ، چاپی دووەمی کەوتە بازارەوە(٨). بێشکچی بەهۆی ئەم کتێبەوە لە کار دەرکرا.

ئەم کتێبە ئەوەندە زانیاری و بۆچوونی زانستی تێدابووە کە دەتوانین بە سەرەتای سەردەمێکی نوێی لێکدانەوەی باری کوردی تورکیای بژمێرین. بێشکچی پشت قایم بە زانیاری و ڕاستییەکانی سەرژمێری گشتی و دەزگا ئابووری و کولتووری و تەندروستییەکانی ولات و هەواڵی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، سەرباری ئەو زانیاری و مەتریالە مەیدانییانە کە بە خۆی ڕاستەوخۆ کۆیکردبوونەوە وێنەیەکی ڕەش و تاریکی کوردستانی کێشاو ڕەوشی نالەباری کوردی خستە ڕوو بە توندی دەسەلاتدارانی ولاتی تاوانبارکرد بەوەی کە سیاسەتی پشت گوێخستنی کوردستانیان لەماوەی نیو سەدەدا پەیڕەوکردووەو هەمیشە هەولیان داوە ناوچە کوردییەکان بە دواکەوتوویی بهێڵنەوەو بە زۆرکورد لە شارستانێتی دابچڕن. لەو بەرهەمەیدا بێشکچی پەردەی لەسەر ڕووی درۆکانی کاربەدەستانی دەولەت داماڵی کە گوایە دەیانەوێ سیستەمی فیۆدالی و خێلایەتی لە کوردستاندا لەنێو ببەن، بە پێچەوانەوە بێشکچی بۆ خوێنەرانی دەرخست کە هەلسوکەوتی دەولەت بۆ چەسپاندنی ئەو سیستەمەیە نەک بۆ لە نێوبردنی بۆ ئەوەی

بتوانێ لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. هەروەها بێشکچی ئەو ڕاستییەی بەباشی ڕوونکردۆتەوە کە تاقمی کاربەدەست هەمیشە سیاسەتێکی دووسەرەیان بەرامبەر بە کورد هەبووە. لە کاتێکدا دەسەڵاتی ئاغاو سەرەک هۆزانی کوردیان بەهێزدەکردو ئەمانەیان لە خۆیان نزیک دەکردەوە، هەڵبەتە بۆ ئاسانکردنی چەسپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر گەلی کورددا، لەهەمان کاتدا بەهەموو تواناو هێزیانەوە جەماوەران و ڕۆشنبیران و هێزە سیاسییەکانی ئەو گەلەیان درندانە سەرکوت کردووە. ئەو کتێبەی بێشکچی گەلێ نێوبانگی دەرکردو هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە بارەی کوردی باکوورەوە لەسەردەمی کۆمارییدا ناتوانێ پشت گوێی بخات.

بێشکچی لە سەرەتای ساڵی ۱۹۷۱دا لە کۆلێجی زانستە سیاسییەکان لە ئەنقەرەی پایتەخت دامەزرا، بەڵام لەسەر ئەو کارەش زۆر نەمایەوە، چونکە دوای ماوەیەکی کورت لە دوای کودەتای ۱۲ ئازاری ۱۹۷۱ کە بە (کودەتای یاداشتنامە) نێوبانگی دەرکردووە، بێشکچی دەگیرێ و دەخرێتە زیندانەوە. لەو ڕۆژانەدا بزووتنەوەی چەپانی تورکیا کە گەلی کورد چالاکانەلەڕیزەکانیاندا خەباتی دەکردو بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد پەرەیان سەندبوو مەترسییان خستبووە دڵی جەنەڕاڵ و هێزە ڕەگەزپەرست و ڕاسترەوەکانی تورکیاوە. هەر لەو ڕۆژانەدا بوو پارتی کاری تورکیا(TIP) لە کۆنگرەی چوارەمینیدا دانی بە هەبوونی کورددا نابوو، سیاسەتی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیای تاوانبار کردبوو. ئەوە یەکەمین جار بوو لە مێژووی تورکیادا پارتێکی سیاسی بۆچوونێکی لەو چەشنە بلاوبکاتەوە. لێرەدا جەنەڕاڵەکانی سوپای تورک و سیاسەتمەدارە ڕەگەزپەرستەکان ئەم ڕووداوەو گەلێ دیاردەی تری ژیانی سیاسیی ئەو ڕۆژانەی تورکیایان بە دیاردەی خەتەرناک داناو کەوتنە خۆیان .

جەنەڕاڵەکان( یاداشتنامە)یەکیان پێشکەشی سەرەک وەزیرانی ئەو کاتە و سەرەک کۆماری ئەمڕۆ سلێمان دیمیرێل کردو هەرەشەیان لێکرد، ئەگەر حکومەت سنوورێک بۆ چالاکی و خەباتی هێزە چەپڕەوەکانی تورک و بزاڤی کورد دانەنێ، ئەوا سوپا دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرێ. کابینەی وەزیرانیش یەکسەر دەستی لە کار کێشایەوە. نووسەران و مێژوونووسان گەلێ بە گومانن لەو ڕووداوەو لەوباوەڕەدان کە کودەتاکە شانۆگەرییەک بوو دیمیرێل لەگەڵ جەنەڕاڵەکاندا بە نهێنی ڕێککەوتبوون لەسەری. حکوومەتی نوێ کە نیهاد ئێریم پێکیهێنا، یەکسەر باری نائاسایی(ئاوە رتە) لە ئەستەموڵ و دیاربەکرو سێرت ڕاگەیاند. ئەو بارەش بۆ سەرکوتکردنی چەپانی تورک و خەباتکارانی بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد بەکارهێنرا(۹).

بەشی ئیسماعیل بێشکچی لە خێروبێری دووەمین کودەتای سەربازی لە تورکیای کۆماریدا سێ ساڵ زیندان بوو. دوای لێبووردنی گشتی ساڵی ۱۹۷۱ ئازادکرا، بەڵام زانکۆ ڕێگەی نەدا بگەڕێتەوە سەر کارەکەی. ئەویش بڕیاری دا سەربەخۆو دوور لە کەش وهەوای زانستگەو دەزگاکانی پەروەردە کە بیروباوەڕی ڕەگەزپەرستی و شۆڤینی کەمالیزم باڵی ڕەشی بەسەریاندا کێشاوە، خەریکی لێکۆڵینەوەو کاری زانستی بێ.

لەم چەند ساڵە دواییدا گەلێ لەبەرهەمەکانی بۆ بەرەنگاریکردن و ڕەخنەگرتن و بەربەرچدانەوەی ئەو بیروباوەڕانە واتە فەلسەفەو ئایدۆلۆژیای ڕەسمیی دەوڵەت لە بوارەکانی زانست و پەروەردەکردندا تەرخان کردووە. هەڵبەتە لێرەشدا هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی ڕەسمیی و دەزگاکانی زانستی تورکیا بەرامبەر بەکوردخاڵی سەرەکی چالاکی و خەباتی زانستیی بێشکچی بوو. لەم بوارەدا کتێبی یەکەمی بە نێوی( میتۆدی زانست) لە ساڵی ۱۹۷۶ بلاوکردەوە(۱۰). بەدوای ئەو کتێبەداو هەر لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی زانست و شێوەی بەکارهێنانی لە تورکیا زنجیرەیەکی تایبەتی لەژێر نێوی(

پیادەکردنی تورکییانەی میتۆدی زانست) چاپکرد. کتێبی یەکەمینی ئەم زنجیرەیە بە نێوی( نیشتەجێکردنی زۆرەملێی کوردان) بوو کەلە ساڵی ١٩٧٧دا لەلایەن کۆمەڵەوە، کە گروپێ ڕۆشنبیری کوردی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆکردبۆوەو لە هەفتاکاندا ڕۆڵێکی باشی لە بڵاوکرنەوەی کتێب و نامیلکەدا دەربارەی کورد لە تورکیا دەگێرا، بڵاوکرایەوە.(١١) لێرەدا لە سیاسەتی دەوڵەت دەکۆڵێتەوە لەبواری نیشتەجێکردنی زۆرەملێی کوردان کەلە سەرەتای سییەکانەوە لە تورکیا پەیرەو دەکرا. کتێبی دووەمینی ئەو زنجرەیەش لەژێر نێو نیشانی (تیزی تورکی بۆ مێژوو: تیئۆری زمانی خۆرو دۆزی کورد) هەر لە هەمان ساڵدا لە لایەن هەمان ڕێکخراوەوە بڵاوکرایەوە(١٢) کاک حەمید بۆز ئەرسەلان خوێندنەوەیەکی تێزەکانی ئەم کتێبەو هەندێ بۆچوونی خۆی لە بارەیانەوە لە گۆڤاری ئینستیتوتی پاریسدا پێشکەش بە خوێنەرانی عەرەبی زمان کرد(١٣). لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانم لێرەدا لەسەر نێوەڕۆکی ئەو کتێبەی بێشکچی بدوێم ؛ تەنیا دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکەم کە بە گوێرەی تێزی تورکی لە مێژوودا( ڕەگەزی تورک سەرچاوەی ڕەسەنی هەموو شارستانییەکانی جیهانەو زمانی تورکانیش دایکی هەموو زمانانە) . کتێبی سێیەمینی بێشکچی لە زنجیرەی نێوبراودا بە نێوی ( پرۆگرامی کۆمەلە -فرقە- ی گەلی کۆماری ساڵی ١٩٢٧ و مەسەلەی کورد) بوو کەلەساڵی ١٩٧٨دا بڵاوکراوەیەوە.(١٤) وەکو دەزانین ئەو کۆنگرەیەی فرقەی گەلی کۆماریی کە بوو بە پارتی گەلی کۆماریی (C.H.p) و هەموو دەسەلاتەکانی لە تورکیا گرتە دەستی خۆی، بناغە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەوڵەتی تورکی دارێژراو پارتی دەسەلاتدارو سازییەکانی دەوڵەت تێکەلاو بەیەک کران و بوون بەیەک دەزگا کەلەسەر لوتکەکەی ( سەرکردەی تاقانە) موستەفا کەمال چوار مشقی لێی دانیشتبوو. سیاسەتی تواندنەوەو ڕاماڵینی نەتەوەیی کوردیش شوێنێکی دیاریکراوو تایبەتی لە بڕیارو پلانەکانی ئەو کۆنگرەیەدا هەبوو. کتێبی چوارەمینی ئەو زنجیرەیەش. بۆقڕکردنی کوردی دەرسیم تەرخان کراوەو لە ژێر نێونیشانی ( زاکۆنی تونجیلی ساڵی١٩٢٥و جینۆ سایدی دەرسیم) بوو. ئەو کتێبە وەکو گەلێک لەبەرهەمەکانی تری بێشکچی قەدەغەکراو دەستنووسەکەی بزربوو، کۆدەتای ١٢ی ئەیلوولی١٩٨٠ی بەسەرداهات و چاپکردنی هەتاوەکو ساڵی ١٩٩٠ وەدواکەوت(١٥). ئەم کتێبە بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەو یاسایە تەرخانکراوە کە ئەنجومەنی مەزنی نیشتمانیی تورکیا (پەرلەمانی تورکیا) لە ساڵی ١٩٣٥ بڕیاری لەسەر دابوو لە پێناوی لە نێوبردن و تەفروتووناکردنی کوردەکانی ئەو نێوچە سەرکەشە. لە نێوچەی دەرسیم بەرێوەبەرایەتییەکی تایبەتی پێکهێنراو دەسەلاتی بێ سنووری پێدرا، بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە. دواکتێبی ئەو زنجیرەیەش لەژێر ئەم نێونیشانە سەیرەدا بوو( سی وسێ گوللەی ڕووداوەکەی جەنەڕاڵی مۆڵەلی) کە لە ساڵی ١٩٩٠دا بڵاوکرایەوە(١٦). لەم کتێبەدا بێشکچی ئەو زەمینە فیکری و سیاسی و پەروەردەییە لێکدەداتەوە کە دەبێتە هۆی ڕووداوی لەو جۆرە. ئەفسەرێکی تورکی ڕەگەزپەرستی کەمالی کە خەڵکی نێوچەی مۆڵە (دەنووسرێ مۆگڵە) بوو. لەساڵی ١٩٨٣ دەکەوێتە تەقەکردن لە دانیشتوانی گوندێکی کوردی سەر سنووری تورکیاو ئێران و بەرهەمی ئەو تاوانکارییە شەهیدبوونی سی وسێ کوردی بێ گوناە بوو، بەدەستی ئەو تاوانکارە کەمالییە. یەکێک لە دانیشتوانی گوندەکە بەبریندارى خۆی دەگەیەنێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەواڵی ئەو کارەساتە دەگەیەنێتە ئەودیوی دیوارەکانی تورکیاو ئەوجا کۆچی دوایی دەکا. نووسەرێکی کوردیش کە نێوی (گیونەی ئەسڵانە) کتێبێکی دەربارەی هەمان کارەسات نووسی و خەڵاتی نووسەرانی ئەڵمانی لەسەر وەرگرت(١٧).

بێشکچی ئەو کارەساتەی خستە بەر نووشتەری لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بگاتە بنکەی ئەو ڕاستییە کە

چۆن تاوانکارێک له دەوڵەتێکی وەکو تورکیادا دەتوانێ وا بە ئاسانی کۆتایی بە ژیانی ئەو هەموو مرۆڤە بێنێ بێ ئەوەی کەس لەم جیهانە بەرینەدا بزانێ چی لەوێدا ڕوودەدا.

بێشکچی کتێبێکی تریشی نووسی کە پەیوەندی بە بابەتەکانی زنجیرەی نێوبراوەوە هەیە ئەویش کتێبی (زانست - ئیدیۆلۆژی ڕەسمیی دەوڵەت- دیموکراسی و مەسەلەی کورد) کە لە ساڵی ١٩٩٠دا بڵاوکرایەوە(١٨). لێرەشدا بێشکچی دەکەوێتە گیانی ئیدیۆلۆژی ڕەسمیی دەوڵەت کە هەموو دەزگا زانستی و دەوڵەتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە تورکیادا لە ژێر ڕکێفیدان. هەروەها ئەو ڕاستییە بەزەقی دەخاتە بەردەم خوێنەران کە چۆن ئەو دەزگایانە لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەتایبەتی بەرامبەر بەکورد ، ناتوانن بەهیچ شێوەیەک لە چوارچێوەی ئەو ئیدیۆلۆژییە دەرچن. دەتوانم بڵێم کەئەم لێکۆڵینەوانەی بێشکچی مەسەلەی گەلی کوردو مافە ڕەواکانی لای گەلێ مرۆڤی تورک هەژاندو ڕێگەی لە پێشیاندا کردەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نوێ بڕواننە مەسەلەکان. بێشکچی پشت قایم بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیانەو تواناو سووربوونێکی سەیرەوە بۆچوون و وتەکانی دەسەڵاتداران و سیاسەتمەداران لە کاتی فەرمانڕەواییاندا بێت یاخود کاتێ ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن نییانە شیدەکاتەوەو ڕەنگدانەوەی ئەو بیرو باوەڕانە لە نووسین و بەرهەمەکانی ئەکادیمییان و نووسەرانی تورکدا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەخاتە بەردەم خوێنەرانی و ڕەگەزپەرستی و نامۆییان لە بیروبۆچوونی سەردەم دەخاتەڕوو. هەروەها پشت بەڕاستی توند دەکاو ئەو دروشمانەی هێزە سیاسی و دەزگاکانی فێرکردن و پەروەردەکردن لە تورکیادا لەبارەی دیموکراسی و نیشتمانپەروەری و ڕێبازی لێکۆڵینەوەو مافی مرۆڤەوە بەرزی دەکەنەوە بە درۆ دەخاتەوە. بەهۆی ئەو کتێبانەوە کە لە نێوەڕاستی حەفتاکاندا بڵاوی کردەوە دیسان لە ساڵی ١٩٧٩دا زیندان کراو پێش کۆدەتای ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ ئازاد کرا. بەڵام چاوەڕوان نەدەکرا دوای ئەو کۆدەتایە بێشکچی بە ئازادانە ژیان بباتە سەرو ڕژێمی (جەنەڕاڵەکان بتوانێ چاو لە بیروبۆچوونەکانی مرۆڤێکی وەکو ئەو بپۆشێ. لە ساڵی ١٩٨١دا فەرمانی زیندانیکردنی درا بە هۆی نامەیەکەوە کە لە زیندانی(تۆپ تاش)ەوە لە ساڵی ١٩٨٠ ناردبووی بۆ سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی سویسراو زیاتر لەشەش ساڵ لەزیندانەکانی تورکیا ڕۆژانی بەسەربرد تاوەکو لەساڵی ١٩٨٧ ئازاد کرایەوە(١٩). سەرباری ئەو کتێبانە بێشکچی گەلێک بەرهەمی نایابی تری بەربارەی دۆزی کورد بڵاوکردۆتەوە، وەکو کتێبی ( کوردستان: کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی) کە لەساڵی ١٩٩٠دا لە شاری ئەستەموول چاپکرا(٢٠). ئەم کتێبە هەندەی من ئاگادارم کراوە بە ئینگلیزی و ئەڵمانی و کوردی(٢١). لەم کتێبەدا بێشکچی هەوڵێکی سەرکەوتووانەی بۆ دەست نیشانکردنی پێناسەیەک بۆ باری کوردو کوردستان داوەو لەم بوارەدا دەتوانێ داخوازی ڕۆڵی پێشەنگی بکات، چونکە هەتاوەکو چەند ساڵێک لەمەوبەر هەندێ نووسەری کوردی لێدەرچێ، کە دکتۆر جەمال نەبەز لە پێشی هەموویانەوە دێ، کەس خۆی لەو بابەتە نەدەداو هەوڵێکی ڕاستەقینەی بۆ پێناسەکردنی باری کوردو کوردستان نەداوە. ئایا کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە لەلایەن بێگانەوە؟

ئەگەر وایە جیاوازی لە نێوان باری کوردستان و کۆلۆنییە کلاسیکییەکاندا چییە؟ لە وڵات هەڵبەتە کەس بۆی نەبوو خۆی لەو دەرەتانە بداو پارتە سیاسییەکانیشمان سەر زمان و بن زمانیان هەر باس و خواسی ئۆتۆنۆمی و برایەتی بوو لەگەڵ گەلانی دراوسێدا( واتە داگیرکەراندا) وەکو ئەوەی برایەتی بەبێ داگیرکردنی کوردستان و قڕکردنی کوردان جۆش و خرۆشی نابێ. لەم کتێبەدا بێشکچی هەوڵی داوە ئەو پرسیارانەو دەیان پرسیاری تر بێ پێچ و پەنا وەڵام بداتەوە.×

هەروەها بێشکچی کتێبێکی بە نێونیشانی

(ڕۆشنبیرێک، ڕێکخراوەیەک و مەسەلەی کورد) نووسی کە ئەویش هەر لە هەمان ساڵدا ۱۹۹۰دا لە چاپ لرا(۲۲)، بیشکچی ئەم کتیبەی بۆ لیکدانەوەو بەرپەرچدانەوەی بیروبۆچوونەکانی (عەزیز نەسین) تەرخان کرد، عەزیز نەسین لە یاداشتەکانی خۆیدا باسی پەیوەندی خۆی و بیشکچی کردووە بە تایبەتی ئەو کاتەی کە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی تورکیا بووەو لەوێدا هەندێ شتی ناڕەوای دەربارەی بیشکچی وتووە. مەسەلەکەش لەوەوە دەستی پێکرد کاتێ بیشکچی لەکۆنگرەی چوارەمینی یەکێتی نووسەرانی تورکیادا مەسەلەی چەوساندنەوەی کوردو قەدەغەکردنی زمانی کوردی و کولتووری کوردی خستەڕوو، داوای هەڵوێستی لەو یەکێتییە کرد. لەو کاتەوە عەزیز نەسین کەوتە هێرشبردنە سەر بیشکچی و بە توندڕەوو نمەک نەناس و تەنانەت بە ئاژانیش ناوی بردبوو. بیشکچی لەم کتیبەیدا ڕاستییەکان دەخاتەڕوو عەزیز نەسین وەک کابرایەکی بێ هەڵوێست و بەرژەوەندی تایبەتی پارێزو کەمالیست ناودەبات. بۆ ئەو وتانەشی پشت بە سێ بەڵگەو دەکۆمێنت دەبەستێ کەلە دووتوێی کتیبەکەیدا بڵاویکردوونەتەوە.

بیجگە لەمانەش بیشکچی کۆمەڵێ کتیبی تری بڵاوکردەوە، وەکو (ڕامان لەسەر ڕۆشنبیریی کورد)، (نامەیەک بۆ یۆنیسکۆ)،(تیرۆری دەوڵەت لە ڕۆژهەلاتی ناڤین)، (مەرجەکانی سەرهەڵدان)، (بەرخۆدان)،( ترسی بنکەکانی ژاندارم لە میشکتان دەرکەن).

بیشکچی لەم یەک دوو سالەی دواییدا، خەریکی ئامادەکردنی چەند کتیبێک بوو بۆ ئەوەی لەبەردەم دادگادا بۆ پاراستنی خۆی بەکاریان بێنێ و ڕوونی بکاتەوە بۆچی ئەو لەسەر کورد دەنووسێ و داوای مافی کوردان دەکات و ڕەخنە لە سیاسەتی دەوڵەت بەرامبەر بە گەلی کورد دەگرێ.

سەربارێ ئەو کتیبانە بیشکچی زاناو مرۆڤ سەدان باس و وتاری لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا دەربارەی کوردو دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد بڵاوکردۆتەوە، لە هەموو ئەو باسانەدا مافی کوردی پاراستووەو هەوڵی داوە ڕووی ڕاستەقینەی بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی بخاتە ڕوو، تیۆرۆکی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەو وێرانکەرانەی دەوڵەت بەرامبەر بەکورد وکوردستان ڕیسوا بکات.

لە ساڵی ۱۹۸۹دا جارێکی تر بیشکچی گیرا بە هۆی بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنێکەوە کە گۆڤاری(Özgûr Gelecek) لەگەڵیدا کردبووی لە کاتێکدا کە هێشتا لە زیندان بوو، ئەم جارەیان ئازادکرا. لە تەمووزی ۱۹۹۱دا بۆ سێ مانگ لە زیندان توند کراو لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا ئازاد کرا، بۆ ئەوەی لە ۲۵ ی نۆڤەمبەری هەر ئەو ساڵەدا بدرێتەوە بە دادگا لەسەر کتیبی یەکەمی زنجیرەی ئێوبراو کەلەساڵی ۱۹۷۷دا بڵاوکرابووەوەو بیشکچی لەسەری زیندان کرابوو. ئەمجارەیان دادگا ناچار بوو ئازادی بکات.

دوای ماوەیەکی کەم جارێکی تر گیراو درا بە دادگا بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەو دوو کتیبەوە کە لەسەرەوە باسیان لێوەکرا(کوردستان: کۆلۆنییەکی نێو دەوڵەتی)و(ڕۆشنبیرێک، ڕێکخراوەیەک و مەسەلەی کورد) کە قەدەغەکران و هەر لە چاپخانەدا دەستیان بەسەردا گیرا. لە ئازاری ۱۹۹۲ بە سەرۆکی ئینیستیتوتی کوردی کە لە ئەستەمووڵ دامەزرا ، هەڵبژێردرا. ئێستاش بیشکچی ژیانی لە زینداندا دەباتەسەرو بەزیاتر لە دووسەد ساڵ و چەند ملیارێک لیرە سزادراوە.

بیشکچی ئێستا تەمەنی (٥٧)ساڵە. چەند ڕێکخراوەیەکی کوردی و جیهانی خەریکی سازکردنی هەڵمەتێکی جیهانین بۆ پشتگیریکردنی ئیسماعیل بیشکچی و ڕیسواکردنی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئازادی بیرو بۆچوون و ڕادەربڕین لە تورکیا.

لەباسێکی وادا هەڵبەتە ناتوانرێ وێنەیەکی تەواوی بیروبۆچوونەکانی ئەم زانا خاوەن هەڵوێستە بخرێتە ڕوو، هەموو تێزە بەهادارەکانی لێکبدرێتەوە

لەبەر ئەوە تەنیا ئاماژە بۆ هەندێ لە بیرو بۆچوونە بناغەییەکانی دەکەم، کە دەتوانن ببن بە نموونەیەکی بیروباوەری بێشکچی. ئەم بۆچوونانە ئەوە دەردەخەن کە ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی تورک بەرامبەر بە گەلی کورد نەیتوانیوە ئەم زانایە لە خشتەبەرێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بێشکچی زانایانە لە بنەماو کارەستەکانی ئەو ئایدیۆلۆژییایەو ئامێرەکانی ئەو بەرهەمە وێرانکەرەکانی گەیشتووەو ڕیسوایان دەکات هەروەها ئەو ڕاستییە بەخوێنەرانی ڕادەگەیەنێ، کە ئەکادیمی و نووسەرانی تورک و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەموویان لە چوارچێوەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا کاردەکەن و تەنانەت چەپانی تورک و کوردیش لە تۆری کەمالیزم ئازاد نەبوون(٢٣).

پێش هەموو شتێک دۆزی کورد لای بێشکچی دۆزی کەمایەتییەکی نەتەوەیی نییە، وەکو ڕەگەزپەرستانی تورک و عەرەب و عەجەم و بەشێک لە ڕۆژهەلاتناس و سیاسەتمەداری گێلی کورد دەیانەوێ بیبەنە مێشکی خەڵکەوە( بەڵکو دۆزی گەلێک و ولاتێکی پارچەپارچەکراوە دژی خواستی ئەو گەلە کە هەمیشە ویستوویەتی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ساز بکات. ئەو کارەش بەگوێرەی پیلانێک کرا کە لە لایەنە سەرەکییەکانی ئیمپریالیستی ئینگلیزو فەرەنسی و کرێگرتەکانیان لە نێوچەکەدا ، کە بریتی بوون لە کەمالی و لایەنگرانی ڕژێمی پاشایەتی لە نێو عەرەب و فارسەکاندا). لەبەر ئەو ڕاستییە بێشکچی سوورە لەسەر مافی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی و بە تەوژەوە دەپرسێ:(بۆ دەبێ تورک و عەرەب و فارس دەسەلاتدار بن لەکوردستاندا؟)، هەر بەخۆی وەلامی ئەو پرسیارە دەداتەوە ودەلێ:(مافی تەواوی کوردە کاروباری خۆی و ولاتەکەی بەڕێوەببات و ئەو گەلە شیاوی ئەو مافەیە، خراپترین بەڕێوەبەرایەتی کوردیش، لە چاکترین بەڕێوەبەرایەتی کۆلۆنیالی و ڕەگەزپەرستی و فاشی بیانی باشترە). بەلای بێشکچییەوە ئیدی دۆزی کورد مەسەلەیەکی نێوخۆیی پابەند بە چەند ڕژێمێکی دیکتاتۆرییەوە نییە، بەڵکو دەبێ کورد کێشەکەیان لە چنگی ئەو ڕژێمانە دەرکەن و بیبەنە سەر شانۆی جیهانی و پێویستە دەوڵەتان و ڕێکخراوە جیهانییەکان بکەونە خۆیان وکورد لەو شالاوە بێ بەزەییانەو خوێناوییانە بپارێزن کە کەوتوونەتە بەری. بێشکچی گاڵتەی بەوانە دێ کە لەخۆیانەوە بە ناوی کوردەوە دەئاخفن و بڕیار دەدەن کەچی پێویستە بۆ کورد و چی دەست نادا و لەم بارەیەوە دەڵێ( کورد پێویستی بە لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەم فەیلەسوف و ئەو فەیلەسوفە نییە بۆ ئەوەی ئیسپاتی بکات چی بەسەرهاتووە، یاخود پلانی داهاتووی بۆ دابڕێژێ، چونکە تەنیا کورد بەخۆی ئەو زۆرداری و مەینەتییەی کێشاوەو تووشی وێرانکاری کولتووری و ڕۆحی هاتووەو کەس لە خۆی باشتر ناتوانێ ناسنامەی یاری ئەو بکا و بزانێ پێویستییەکانی چییە. باشترین چارەسەری دۆزی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتانی داگیرکەردا، چارەسەرییەک نییە دلخوازییەکانی کورد تێر بکات، چونکە مافەکان ناگەڕێنێتەوەو دادپەروەری دابین ناکات و ئەو زیانانەی لە کورد کەوتوون بەهۆی دابەشکردنی ولاتەکەیەوە لە هۆڵێ ڕاناکا). ئا بەو شێوەیە کێشەکە لای بێشکچی ڕوون و ئاشکرایە و لە لەتلەتکردنی کوردستان و دابەشکردنی گەلی کوردایە و تەنیا چارەسەریش گەڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی کوردەو ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی مێژووە.

بێشکچی بە ڕاشکاوەیی سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورک بەرامبەر بە گەلی کورد تاوانبار دەکاو کوردستان بە کۆلۆنی و لەوەش خراپتر دادەنێ و ئەم باسەی بە دوورودرێژی لەو کتێبەیدا( کوردستان: کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی) شیکردۆتەوە. لەم بارەیەوە بێشکچی دەڵێ:( کوردستان نەک تەنیا کۆلۆنییەکە بەڵکو گەلێک لەوەش خراپترە، چونکە لە کوردستان دەستدرێژی ناموس و شەرەفیش دەکرێ. هەڵبەتە شەرەف تێرمنێکی زانستی نییە، بەڵکو زاراوەیەکی

ئەخلاقییە. تەنیا پشت بەستن بە تێرمنە زانستییەکان و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی ناتوانێ ئازارو مەینەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری ڕوونبکاتەوە، چونکە وشەو تێرمنەکان دەستە پاچەن لەبەرامبەر ئەو بارەو دەربڕینی ئەو ڕەوشەدا). بۆ هەندێ ڕوونکردنەوەی ئەو بارەش بێشکچی دەڵێ:( لە کوردستاندا شتێک نییە بەتێوی مافەکانی مرۆڤ، سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی لەسەر بناغەی زۆرداری و فەرمان دەرکردن و ڕاگوێزان و چاودێریکردن و قەدەغەکردن دامەزراوە. بەڕێوەبەرایەتی کۆلۆنیالی تورکی نوێنەرایەتی گەلی کورد ناکات. دەوڵەتی تورک دەوڵەتێکی کۆلۆنیالەو باری کورد لەباری گەلێکی ژێر دەستەوداگیرکراو لەلایەن بیانییەوە خراپترە. کورد تەنانەت وەک گەلێکی کۆلۆنیزەکراویش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا ناکرێ. دەوڵەتی تورک دەسەلاتی لەسەر کوردستان بە ڕێگەی چەک و کەرەسەی شەڕو یارمەتی تری دەوڵەتانی ئیمپریالی کە پێشکەشی دەکرێن و دژی گەلێکی زۆرلێکراوو دیلکراو بەکاردەهێنرێن، درێژەپێدەدات). بێشکچی توندترین وشە بەکاردەهێنێ بۆ پێناسەکردن و ناساندنی سیاسەتی دەوڵەتی تورک بەرامبەر بەگەلی کورد. ئەو دەوڵەتە بەڕەگەزپەرستترین دەوڵەتی ئەم جیهانە دادەنێ و لە بارەیەوە دەڵێ:( تورکیا تەنیا دەوڵەتی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و بەلکانە کە دان بە هەبوونی گەلێک و مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانیدا نانێ. لە مەسەلەی داننەنان بە هەبوونی گەلان و مافەکانیاندا وێنەی نییەو لەم بوارەدا نموونەو پێشەنگە. تورکیا ڕێبەرە لە ڕەگەزپەرستیدا. ئایا لە جیهاندا ڕەگەزپەرستییەکی لەو جۆرە هەیە؟ ڕەگەزپەرستیتی تورکیا گەلێک دواکەوتووترو دڕەندەترو وێرانکارترە لە سیاسەتی ئەپارتایدی باشووری ئەفریکا. سەیر لەوەدایە دنیا دەگۆڕێ تەنیا تورکیا نەبێ کە بە هەموو کەلەڕەقییەکەوە لە هەمبەری گۆڕانکارییەکاندا وەستاوە).

بێشکچی سیستەمی کۆلۆنیالی تورکی بە گەندەڵترین کۆلۆنیالیزم دەژمێرێ. لەمەشدا بێشکچی دڵی ڕاستی پێکاوە، چونکە کۆلۆنیالیزمی دراوسێی دواکەوتوو و هەژار کۆلۆنیالیزمێکی وێرانکەرو تالانکەرەو لە وێرانە بەولاوە هیچ شوێنەوارێک لە دوای خۆی بەجێناهێلێ. لەم بارەیەوە دەڵێ:( ئەگەر کوردستان کۆلۆنییەی دەوڵەتێکی کۆلۆنیالی وەکو بەریتانیا بوایە ئەوا لە زووەوە ڕزگاری بووبوو. هیچ هێزێکی کۆلۆنیالی ئەو وێرانکارییەی نەکردووە کە دەزگاکانی دەوڵەتی تورک کردوویانە، چونکە کۆلۆنیالیزمی تورکی دەستدرێژی هەموو نرخ و بنەمایەکی مرۆڤی کوردی کردووەو ئابڕووی ئەو مرۆڤەی خستۆتە ژێر پێوەو کەسایەتی مرۆڤی کوردی تێکداوەو مرۆڤێکی ڕووخاوی بێ دەرەتانی لێ درووست کردووە. هیچ هێزێکی کۆلۆنیالی تر لەم جیهانە بەرینەدا ئەمەی نەکردووە..... هەرچەندە کورد لەو ڕاستیانە بە باشی تێبگات، ئەوەندە پیسێتی و گماری و گەندەلی ئیمپریالیزمی تورکی بۆ ڕوون دەبێتەوە).

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ڤایرۆسەش کە بزووتنەوەی سیاسی کورد و سەرانی کورد بە ڕاست و چەپی کاڵ و تۆخیانەوە هەمیشە تاوەکو ئەوڕۆش زەندەقیان لێی دەچێ، واتە تۆمەتی ( جوداخوازی و ناپاکی نیشتمانی)، بێشکچی دەڵێ:( ئای کە بۆچوون و تێگەیشتنی چەوت و دوور لە ڕاستییە، چونکە کوردەکان ولاتی -تورکیا- دابەش ناکەن، بەڵکو بەرگری لەنیشتمانی خۆیان کوردستان دەکەن و لە داگیرکەرانی دەپارێزن و دەیانەوێ ولاتەکەیان کە لەلایەن کۆلۆنیالیستەکانەوە پارچەپارچەکراو کرا بە کۆلۆنییەکی نێو دەوڵەتی ڕزگاربکەن).هەروەها بێشکچی خەون و خەیاڵەکانی دەسەلاتدارانی تورکیا ڕیسوا دەکات، بەتایبەتی خەونی لە نێوبردن و ڕامالینی کوردو تواندنەوەیان لە نێو تورکاندا. زیاتر لە حەفتا ساڵە دەزگا ڕەسمییەکانی دەوڵەت لافی لە نێوبردنی دۆزی کورد ، بۆ هەمیشە لێدەدەن، بەلام وەکو ڕووداوەکان دەریانخست نە کورد لە نێوچووەو نە دۆزی کورد بۆ

هەمیشە لە گۆڕنراو نە دەشبوو وابێ، چونکە ئەوە لەگەڵ ڕەوتی ژیان و مێژوودا ناگونجێ. بە پێچەوانەوە بۆمان دەرکەوت کە کوردەکان( کوردێتی خۆیان پاراستووەو بەرەنگاری دەوڵەت و پیلانەکانی دەبنەوەو تەنانەت ئەوانەشی کە بەزۆرکراون بە تورک بە قینن لەوانەی بەرپرسیارو تاوانبارن لە بەتورک کردنیان و نەزانینی زمانی زگماکی خۆیان؟ لەبەر ئەوە دوژمنایەتی و ڕقیان بەرامبەر دەوڵەتی کۆلۆنیالی تورک) زیاترو قوڵترەو ئامادەییان بۆ خەبات و فیداکاری لە پێناوی دۆزی گەلەکەیاندا بە جۆشترە. بەو شێوەیە سیاسەتی دەوڵەتی تورک لە هەموو بوارەکاندا تووشی شکستییەکی شەرمەزارانە هاتووە).

بێشکچی وەکو شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە هەوڵی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکانی هێزە چەپرەوەکانی تورکیاو ڕۆژهەڵات دەدا. ئەو هێزانە وەکو هەموو لایەک دەزانن کەس لەوان شۆڕشگێرترو ئەنتەرناسیۆنالیستر نەبوون کاتێ باس باسی ئەمریکای لاتین و ئەفریکاو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بوایە ئامادەبوون هەتا ئێوارە ڕاگەیاندن تۆماربکەن و خۆپیشاندان و ڕێپێوان سازبکەن، بەڵام کاتێ باس دەهاتە سەر کوردو بزاڤی کوردو مافی مرۆڤاتیی و نەتەوەیی گەلی کوردستان، یان خۆیان لێ بێدەنگ دەکرد یان هەوڵیان دەدا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ڕەش و بەدنێوبکەن و بەو شێوەیە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پاکانەیان بۆ سیاسەتەکانی دەوڵەتەکانیان دەکرد. لەم بوارەدا جیاوازییەکی زۆریان لە گەڵ سیاسەتی دەوڵەتدا نەبوو، بۆچوونە شۆڤینی و ڕەگەزپەرستییەکانی خۆیان بە هەندێ دەقی مارکس و لینین، کەلە کات و شوێنی جیاوازدا بۆ مەبەستی جیاواز وتراون دادەپۆشی و گێلە چەپی کوردیان پێ دەخاپان و دەترسان، لەبەر ئەوە بێشکچی دەڵێ:( نابێ کورد خۆی بە پێناسەو بۆچوونەکانی چەپانی تورکەوە گرێ بدا. دەبێ کورد پێناسەو بیرو بۆچوونی تایبەتی خۆی دەربارەی گەل و نەتەوە و خەبات هەبێ، ئەوەی ئەمڕۆ کورد پێویستێتی بیری مارکسی - لینینی نییە، بەڵکو هەستی ناسیۆنالی کوردییە. ناسیۆنالیزمی کورد بزاڤێکی خەباتکەرەو گەلی کورد دەپارێزێ و دەیەوێ هەمان ماف وەدەست بێنێ کە تورک و عەرەب و فارس هەیانە. لەبەر ئەوە بزووتنەوەیەکی دیموکراتی و دژ بە ڕەگەزپەرستی و زۆرداری و داگیرکەریی کۆلۆنیالییە). چەپانی تورک وەکو هەڤاڵە عەرەب و فارسەکانیان لە نێوچەکەدا هەمیشە لە شۆڕشگێرانی کوردیان دەخواست کە هەموو پێکەوە خەبات بکەن لە پێناوی سۆسیالیزمداو مەسەلەی چارەسەرکردنی دۆزی نەتەوەیی کورد وەدوابخەن تاوەکو سۆسیالیزم سەردەکەوێ. هەموو هەوڵێکی سەربەخۆیی کورد لەپێناوی وەدیهێنانی مافەکانیاندا بە تەسکبینی نەتەوەیی و جوداخوازی و خێڵێتی لە قەڵەم دەدراو بەیان نێوو ناتۆرەی تری لێدەنرا. ئا لێرەدا بێشکچی دیاردەکان بەنێوی خۆیان نێو دەباو دەڵێ:( شۆڕشگێرانی تورک لە داووتۆری ئیدیۆلۆژی کە مالیزم ڕزگار نەبوونە، لەبەر ئەوە دەبێ شۆڕشگێرانی کورد بە شێوەیەکی کوردییانە بیر لە مەسەلەکان بکەنەوەو ڕێگەو ئامێری شیاوی بۆ هەڵبژێرن و پلانی سازکردنی داهاتووی خۆیان دابڕێژن، چونکە ئەوان بەخۆیان لەهەموو کەسێک، باشتر دەزانن چییان بەسەرهاتووەو چی (جەزرەبەیەکیان: بەدەستی کۆلۆنیالیزمی تورکەوە کێشاوە):

مەسەلەیەکی دی کە بێشکچی بایەخێکی زیاتری تەنانەت لە خودی شۆڕشگێرانی کورد دەداتێ مەسەلەی زمان و کولتووری کوردییەو گاڵتە بەو کوردانە دەکا کە ئاخافتن بە تورکی بە شێوەیەکی گەوج و گێلانە بە ئینتەرناسیۆنالیزم لە قەڵەم دەدەن.

ئینتەرنەسیونالیزم ئەوە نییە بە زمانی خۆت نەدوێی و نێوی ئەتاو جەنگیز و ئەسلان و ئیوزتورک لە زارۆکانی خۆت بنێی. لێرەدا بێشکچی داوا لە

کورد دەکا زمانی تورکی بەکارنەیەنن و وەکو گاندی لە کاتی خۆیدا داوای لە خەلکی هندستان دەکرد زمانی ئینگلیزی بەکار نەیەنن.

ئاخافتنی شۆڕشگێرانی کورد بە تورکی لای بێشکچی تەنیا یەک مانای هەیە ئەویش( بیرکردنەوە لەمەسەلەی کورد بەشێوەیەکی تورکی). لەبەر ئەوە داوا لە کوردو بەتایبەتی لە شۆڕشگێرەکان دەکا بایەخ بدەن بە زمانی کوردی، چونکە ( یەکێکە لەو زمانانەی کە زیاتر بەر شالاوی لەنێوبردن و ڕامالین کەوتووەو داگیرکەران هەولیان داوە بە هەموو شێوەیەک لە نێوی ببەن)؛ بۆ پاراستنی کولتووری کوردیش بێشکچی داوا لە کورد دەکات ئەو نێوە تورکیانە کەبەسەر شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستاندا بە ناڕەوا سەپێنراون بە کارنەهێنن و بەردەوام نێوە کوردییەکانی پێشوو بەکاربێنن. وەکو ئاشکرایە دەولەتی تورک سالەهای سالە خەریکی گۆڕین و ڕامالینی هەموو شوێنەوارێکە کە ئیماژە بۆ هەبوونی گەلی کوردو کوردستان بکات و گۆڕانی نێوی گوند و شارۆچکەکان بەشێک بوو لەو شالاوە کەلە بیستەکانەوە دەستی پێکردو لە دوای کودەتای سالی ١٩٦٠ەوە زیاتر پەرەی سەند، تاوەکو لە هەشتاکاندا، واتە دوای کودەتای ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ زیاتر لە ٨٠٪ گوندو شارۆچکەکانی کوردستان نێوی تورکیان لە جێی نێوە کوردییەکانیان بەسەردا سەپێنرا. تەنیا بۆ نموونە لە ویلایەتی ئاگری نێوی(٣٧٦) و لەویلایەتی وان(٤٢٦) و لە ویلایەتی موش(٢٨٩) و لە ویلایەتی بدلیس نێوی (٢٢٩) گوند کران بە تورکی.(٢٤). بۆیە بێشکچی داوا دەکا کورد بەدەست و ددان کولتووری خۆیان بپارێزن و شانازی بە هەموو شتێکەوە بکەن کە پەیوەندی بە ژیانی کوردەوارییەوە هەیە و بەلای ئەوەوە دەبێ کورد گۆرانی و هەلپەرکێی کوردی باش بزانن و بە باشی ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی بەکاربێنن و بایەخ بە پاشماوە کولتوورییەکانی گەلەکەیان بدەن. بەو شێوەیە دەتوانن باشترین کۆسپ لە بەردەم سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تواندنەوەو ڕامالینی نەتەوەیی کە دەولەتی تورک دژ بە گەلی کورد پەیرەوی دەکا، ساز بکەن.

بێشکچی خۆی لە چەمکێکی تری گرنگی ڕەوشی کورد دەدا کە پێویستی بە ئاوردانەوە هەیە. گەلێ لە نووسەران و کوردناسان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە گوایە هەستی نەتەوەیی لای کورد گەلێ بەرزەو، تەنانەت کوردناسی ڕووس پرۆفیسۆر لازەرێف ئەو هەستە بەرزە نەتەوەییە بەهۆیەکی سەرەکی توندو تیژی دۆزی کورد لە قەلەم دەدا(٢٥). وادەزانم ئەم مەسەلەیە دەتوانێ ببێتە بابەتی دەمەتەقێیەکی گەرموگوڕ، ڕەنگبێ ئەم بۆچوونە ڕاست بێ ئەگەر کورد لەگەل هەندێ گەلی تری ژێر دەستەدا لە نێوچەکە بەراورد بکەین، بەلام ئەگەر ئەو بەراوردییە لەگەل گەلانی تری نێوچەکەدا بێ ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە هەستی نەتەوەیی کورد، مەبەست هەستی نەتەوەیی مۆدێرن و یادنامەی مێژوویی کوردە، گەلێ کول وبێ دەرەتانە . لێرەدا بێشکچی گوناهبارمان دەکات، لەوەشدا من بەش بەحالی خۆم بەڕاستی دەزانم، کە ئێمەی کورد (هەستی نەتەوەییمان و گرێدانمان بە خاکی کوردەوە گەلێ لاوازە).

بێشکچی دەلێ:( کاتێک باسی هەستی نەتەوەیی دەکرێ دەبێ مرۆڤ ئاماژە بۆ ئەرمەن و جوولەکەکان بکات. ئەمانە تووشی قڕکردن و تەفکوژی دڕندانە هاتن، بەلام تەنانەت بۆ یەک چرکە ئەوەیان لەبیر نەکرد . لە کاتێکدا کورد بە ئاسانی و سانایییەکی سەیرەوە هەموو ئەو زۆرداری و قڕکردنانەی دژی کراوەو دەکرێ،لەبیر دەکا). ئەمەش مخابن ڕاستییەکی تالی ئێمەیە و دەبێ لێی بکۆلینەوە. کۆماری ئەرمەنستان و هەموو ئەرمەنیانی جیهان هەموو سالێک یادی قوربانییانی قڕکردنی ئەرمەن لە دەولەتی عوسمانیدا کە لەلایەن دەسەلاتدارانی ئیتحادو تەرەقییەوە لە سالی ١٩١٥دا جێبەجێکرا، دەکەنەوەو لەو ڕۆژەدا لە سەرانسەری ئەرمەنستاندا بەدەگمەن مرۆڤ دەبینێ خەندەی بەڕووەوە بێ و پیاوان ڕدێنیان ناتاشن و بە دەگمەن ژنان جلی

ڕەنگاورەنگ لەبەردەکەن. باسی جوولەکەکان هەر ناکرێ، وابوو بە نیو سەدە ڕاوی هەموو ئەوانە دەکەن کە لە دوورو نزیکەوە پەیوەندییان بە کۆمەڵکوژی جوولەکەوە لە کاتی نازییەکان هەبووەو لە هەر جێیەکی ئەم جیهانە بێ دەیگرن و دەیدەنە دادگا. ئەگەر لە هەڵوێستی کوردان وردبینەوە بەتایبەتی هەڵوێستی میران و سەرانی کورد، بەرامبەر بە یادی قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال و دەیان کارەساتی تر کە دژی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی وڵاتە پارچەکراوەکەیدا کراوە، ئەوا مرۆڤ لەو پشت گوێخستن و بێباکییە، شەرمەزاریی دایدەگرێ.

مرۆڤ گەلێک جار لەم دووره وڵاتیەش ئاماویی دایدەگرێ کاتێ (کورد)ی ئەورووپا لە ڕۆژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، ڕۆژی ١٦ی مارتدا جەژن و ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن، لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە ڕۆژی کۆتایی پشوودانی هەفتەیە، یان لەبەر نەبوونی جێگای هەڵبەرکێ و ئاهەنگێڕان لە ڕۆژانی تردا. کاتێک مرۆڤ ئەو دیمەنانە دەبینێ پرسیارێکی بەبیردا دێ ئەویش ئەوەیە، ئاخۆ ئەم کوردانە هیچ پەیوەندییەکیان بەو سی ملیۆنە برسی و بێدەرەتان و زۆرلێکراوانەوە هەیە ، کە تەنانەت بیانی دەستی یارمەتیان پیش ڕۆڵەکانی خۆی بۆ درێژ دەکا.

ئەمانە هەندێک لە دیدو بۆچوونەکانی بێشکچی زاناو مرۆڤن. کوردیش دەڵێ مشتێک نموونەی خەروارێکە. بێشکچی وەکو زانایەکی ڕاستەقینە هەمیشە ڕاستگۆو خاوەن هەڵوێستەو دوورە لە خوو ڕەوشتی خۆهەڵکێشان و خۆبەزلزانین. لێرەدا یەک دوو نموونەی بچووک دێنمەوەکە ئەو ڕاستییانە دەردەخەن.

یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی بۆی گێرامەوە کە ڕۆژێک دوای ئەوەی دادگا بڕیار دەدا ئازادی بکا. بێشکچی دەردەکەوێ و ڕۆژنامەنووسان لێی دەئاڵێن و لێی دەپرسن: ئەرێ مامۆستا بێشکچی لەوەدوا خەریکی چی دەبی؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ:( هەڵبەتە خەریکی نووسین دەبم لەسەر مەسەلەی کوردو مافی کوردان. کاتێ پارێزەرەکەی تکای لێدەکا هیچ نەبێ لەبەردەم دەرگای دادگادا واز لەو قسانە بێنێ، ئەویش لێی دەپرسێ: بۆچی دۆستی خۆشەویستم شتێکی خراپم وتووە، من هەمیشە لەسەر ڕاستی دەنووسم و لەوەش خۆشترو جوانتر نابینم، مرۆڤ لە پێناوی سەروەری زانست و ڕاستیدا خەبات بکا(٢٦).

بێشکچی هەتا بڵێی مرۆڤێکی بێ فیزو نایابە. ئەمەش خەسڵەتی ڕاستەقینەی مرۆڤی زانایە. مرۆڤ باتوانێ لە بێ فیزیی و ڕاستگۆیی و فیداکاری بێشکچی گەلێ شت فێربێ. خەباتکارێکی کورد کە ماوەیەکی لە زینداندا لەتەکا بێشکچی بەسەربردووە بۆی گێرامەوەو گوتی: ڕۆژێک زەلامێکیان هێنایە قاوشەکەمان و لەبەر نەبوونی جێگا هەر لای دەرگاکەوە شانی لێدایەوەو دوای ماوەیەک بە ڕێککەوت ، زانیمان کەئەم کابرایە ئەو ئیسماعیل بێشکچییەیە کە کورد دەپارێزێ و لەسەر کورد دەنووسی. دەڵێ ئەو کاتە ڕێزمان لێگرت و شوێنێکی لەبارمان(هەڵبەتە لەگۆر ڕەوشی زیندان) بۆ دابین کرد. هەروەها دەڵێ لە هەموو ئەو ڕۆژانەی کەلەلامان بوو لە زیندان ڕێگەی بەکەس نەدەدا خزمەتی بکا یاخود لە باتی ئەو کارێک ڕاپەڕێنێ. لەزیندانیش دەرسی باشی بە چەپی تورک و کورد لەبارەی وڵات پارێزی و شۆڕشگێڕیی ڕاستەقینەوە دەداو هەڵوێستی چەوتی چەپانی تورک و کوردی بە زەقی و بێ پێچ و پەنا دەخستە ڕوو(٢٧).

بێشکچی مرۆڤێکی سەربەرزو فیداکارە و کاتێ زانست و ڕاستی دەپارێزێ چاوەڕوانی پاداشت و سوپاسگوزاری لەکەس ناکا، بەڵکو ئەمە بەئەرکی خۆی دەزانێ. لەبەهاری ١٩٩١ ئەو دەهەزار دۆلارەی ڕەتکردەوە کە ڕێکخراوەیەکی ئەمەریکی Fund for Free Expression - بۆ پاراستنی قوربانیانی بیروباوەر دەربڕین بەخەڵات بۆیان ناردبوو. ڕۆژنامەکانی تورکیا نامەکەی بێشکچییان بۆ ئەو کۆمەڵەیە بڵاوکردەوە. لەنامەکەیدا سوپاسیان دەکاو داوای لێبوردنیان لێدەکا کە ئەو ناتوانێ ئەو خەڵاتە

وەربگرێ چونکە ئەو کارەی دەیکا بۆوڵات و گەلی خۆی ئەیکا بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ هۆی ڕاستەقینەی وەرنەگرتنی خەڵاتەکەی لەم چەند وشەدا کورت کردەوە:( لەبەر سیاسەتەکانی حکوومەتی ئەمەریکی کە پشتگیری ڕژێمی کۆڵۆنیالی و ڕەگەزپەرستی تورکیا دژی گەلی کورد دەکا، من ناتوانم ئەم خەڵاتە وەربگرم)(۲۸).

بێشکچی زۆر لەوە گەورەترە لە وتارێکی لەم چەشنەدا هەموو لایەنەکانی ژیانی و هەڵویستی و بەرهەمەکانی لێک بدرێتەوە. بێشکچی لە دڵی هەموو کوردێکدا شوێنێکی تایبەتی بۆخۆی کردووەتەوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە نێو تورک و گەلانی تری ناوچەکەدا، هەڤالانی زۆرتر دەبن.

## پەراوێزەکان:

۱- چەبار قادر، بزاڤی نەتەوەیی کورد لەتورکیا لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانیدا، تێزی دکتۆرا، مۆسکۆ۱۹۷۷ل۹(بەزمانی ڕووسی).

۲- د. چەبار قادر، دەربارەی سەرچاوە تورکییەکانی مێژووی کورد، گۆڤاری ( ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە۱۰۶ ساڵی ۱۹۸۵ بەغدا.ل۸۱-۱۸۲.

۳- د. عبدالواحد زنون، الحاج یوسف السقفی، الموصل

4- Ismail BeSikçi, Dogu mitingleri, nin Analizi, Erzurum,1967.

5- Ismail B. ,Dogu Anadolu da Göçebe kûrt Asiret Lerinde Toplumsal Degisme, Erzurum,1968.

6- Ismail. B. Dogu da Degisim ve yapIsal Sorunlar (Goçebe Alikan Asireti), Ankara,1969.

7- Ismail. B. Dogu Anadolu nun Dûzeni, sosyo-Ekonomik veEtnik Temeller, Istanbul,1969

8- Ismail.B. Dogu Anadolu nun Dûzeni, sosyo-Ekonomik ve Etnik Temeller, Istanbul.1970.

۹- الدکتور جبار قادر واخرون، ترکیا المعاصره، الموصل، ص۵۹-۶۱.

10- Ismail. B . Bilim yöntemi, Istenbul,1976.

11- Ismail. B. Bilim yöntemi, Tûrkiye deki Uygulama 1, Kûrtlerin Mecburi Iskani, Istanbul,1977.

12- Ismail. B. Bilim yöntemi Tûrkiye deki uygulama2 Tûrk Tarih Tezi Gunes-Dil Teorisi ve Kûrt Sorunu, Istanbul,1978.

۱۳- حمید بوزرسلان، حول "الاطروحه الترکیه فی التاریخ"، دراسات کردیه، العدد۲-۷، السنةالثامنه، پاریس، ص ص ۳۱-۴۶.

14- Ismail.B. Bilim yöntemi Turkiye deki uygulama 3 Cumhuriyet Halk Firkasi nin Tuzugu(1927) ve Kurt sorunu, Istanbul1978.

15- Ismail. B. Bilim yöntemi Tûrkiye deki uygulama:4 , Tunceli Kanunu(1935) ve Dersim Jenosidi,Wesanen Rewsen,Bonn,1991.

16- Ismail.B. Bilim yöntemi Tûrkiye deki uygulama:5, Muglali olayi otûzuç Kursun, Istanbul.1991.

۱۷- بڕوانە: کورتەیەک لە ژیانی ئیسماعیل بەشکچی" لە کتێبی- کوردستان کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی- ڕێبوار ڕەشید کردوویە بە کوردی، ل.۳۱.

18- Ismail. B. Bilim- Resmi ideoloji,Devlet Demokrasi ve Kûrt Sorunu, Wesanen Rawsen, Bonn1990.

19- Ismail. B. Kurdistan and Turkish colonialism, selekted writings, London1991.P.43.

20- Ismail. B. Devletlerarasi sömûge: Kûrdistan, Wesanen Rewsen, Bonn1990.

۲۱- د. ئیسماعیل بەشکچی، کوردستان کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ڕێبوار ڕەشید، بۆن، ساڵی لەچاپدانی بەسەرەوە نییە.

× لە ژمارە(۶)ی ڕابوون ۱۹۹۳دا، باسێکی فراوان دەربارەی ئەم کتێبە بڵاوکراوەتەوە، کە دکتۆر فوئاد سەیدە نووسیویەتی.(ڕابوون).

22- Ismail. B. Bir Aydin, Bir orgut ve Kurt sorunn, Ankara, 1993.

۲۳- گەلێ لەو دەقانە لەو چاوپێکەوتنە وەرگیراون کە ڕۆژنامەی Serxwebun( لە ۲۹-۱۱-۱۹۹۰لەگەڵ بێشکچیدا تۆماری کردووە.

- بۆ کوردییەکەی بڕوانە : دوو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ بەڕێزان، د. عیسمەت شەریف وانلی و د. ئیسماعیل بێشکچی. مەهاباد کوردی کردوویە بەکوردی. بۆن، ۱۹۹۲.

۲۴- م. ئە . هەسرەتیان. کوردی تورکیا لە سەردەمی هاوچەرخدا. یەریڤان.۱۹۹۰ل۳۲۸(بەزمانی ڕووسی).

۲۵- م.س.لازەریێڤ. کوردو کوردستان- فاکتەرەکانی دروستبوونی کێشەکە، لە کتێبی(دۆزی نەتەوەیی لە وڵاتانی ڕزگاربووی ڕۆژهەڵاتدا. مۆسکۆ.۱۹۸۶.ل۴۴(بەزمانی ڕووسی).

۲۶- ئەم باسەم لەبەڕێز یەشار کایە بیستووە، لەمایسی.۱۹۹۴

۲۷- ئەم چیرۆکە دۆستێکی کوردی باکوور ، کە نایەوێ نێوی ببرێ لە ۲۱ی ئەپریلی۱۹۹۴دا لەشاری بەرلین بۆی گێرامەوە.

28- Ismail. B. Kurdistan and Turkish Colonialism...P.1.

# چەند سەرنجێک لەسەر دوو تەرجەمەی فارسی و کوردی کتێبەکەی کریس کووچیرا

## Le Mouvement National Kurde

ئەحمەدی ئەسکەندەری

نووسەری ئەم کتێبە کە نازناویChris Kutscheraی بۆخۆی هەڵبژاردووە، ڕۆژنامەنووسەو لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی فەرانسەدا(وەکLe Monde Diplomatique و هیتر) هەروەها گۆڤاری The Middle East ی لەندەن وەکوو شارەزایەکی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، لەوانە مەسەلەی کورد دەنووسێ.

یەکەم جار "کریس کوچیرا"م هاوینی ١٩٧٩ لە شێنێ لە ناوچەی قەڵادزێ بینی لە گەڵ هاوسەرەکەی کە وێنەگرەو بۆ نووسینی ڕاپۆرت و هەواڵ لەسەر وەزعی کوردستان هاتبوون. کە دواتر لە زستانی ١٩٨٢چوومە پاریس لەوێ لە چاوپێکەوتنێکدا بە دووروودرێژی لەسەر هەلومەرجی کوردستان و باروودۆخی سیاسی وڵات قسەمان کرد. هەر ئەو کاتەبوو کە کتێبەکەی خۆی بەناوی"بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد" پێشکەش کردم.

کە کتێبەکەم خوێندەوە هەرزوو بڕیارم دا تەرجەمەی بکەمەوە. بەشێکم لێ تەرجەمە کردبووەوە کە گۆڤارێکی فارسیم بینی لەوێدا کەسێک بەشێکی هەر لەو کتێبە تەرجەمەکردبوو. ئەوەی ڕاستیبێ من دەستم لێڕاگرت لەبەر ئەوەی پێموابوو ئەو کەسە وەک من نییە کە کاروباری سیاسی هەمووکاتی گرتبێ و ماوەی زۆرکەمی بۆ ئەم جۆرە کارانە هەبێ و لەوانەشە هەر هەموو کتێبەکەی وەرگێڕابێتەوە.

هەتا ماوەیەک لەمەوبەر دۆستێکی بەڕێزم کە ئاگای لەم هەوڵدانەی من بۆ وەرگێڕانی ئەو کتێبە هەبوو ئاگاداری کردم کە وا کتێبەکە بە کوردی دەرچووە، هەروەها کتێبەکەشی بۆ ناردم. زۆری پێنەچوو دۆستێکی دیکە فارسییەکەی بۆ ناردم، کە تازە بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ من خۆشحاڵ بووم کە خوێنەرانی کوردی و فارسی زمان ئەم هەلەیان دەست کەوتووە کە لەم کتێبە کەڵک وەرگرن.

بەڵام کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی تەرجەمەکوردیەکە بەڕاستی بۆم بوو بە داخ کە ئەو کتێبە بەستەزمانە چۆن بە زمانی کوردی تووشی ئەو چارەنووسە بووە!! کە زۆرتر لێی وردبوومەوە کەوتمە بەراوردی لەگەڵ ئەسڵی کتێبەکە بە زمانی فەرانسە، هەروەها بە وردبینییەکی زیاترەوە سەرنجی وەرگێڕانە فارسییەکم دا.

هەردوو وەرگێڕانەکە لە ئێران کراوە. وەرگێڕی کوردی بەڕێز (محمد ریانی)یە کە ئەمزانیووە پێشتر کاری تەرجەمەی کردبێ و خۆشی لە "ناسینی وەرگێڕ"دا باسی ناکا.

وەررگێڕی فارسی بەڕێز(ئیبراهیم یونسی)یە کە ئەویش کوردەو یەک لە وەرگێڕە ناسراوەکانی زمانی فارسییە لە ئێران و ئەزموونی وەرگێڕانی بۆ زمانی فارسی زۆرە.

لەڕاستیدا ئەم دوو وەرگێرانە زۆریان فەرقەو ئەگەر ئەوە نەبوایە کە هەردووکیان وەرگێردراوی یەک کتێبن نەدەبوو پێکەوە هەڵسەنگێندرێن.

هەڵەی وەرگێرانە کوردییەکە ئێجگار زۆرەو بەداخەوە لە هەموو بەشەکانی کتێبەکەدا بەدی دەکرێ. من تەنیا نموونەم لە چەند بەشێکی کتێبەکە هەڵبژاردووە.

ناوی کتێبەکە "Le Mouvement National Kurde" بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد"ە. ریانی ناوی ناوە "مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا"!! بەبێ ئەوەی لە هیچ شوێنێک ناوی ئەسڵی کتێبەکەی نووسیبێ! ناوی کتێبەکە بە فارسی "جنبش ملی کورد"ە.

کتێبەکە پێشەکییەکی هەیە کە بەداخەوە کاک ئیبراهیم یونسی هەر باسی نەکردووە مەعلوومیش نییە هۆیەکەی چییە. هەڵبەت لەم کتێبەدا لە چەند جێگا شتی وای تێدایە. کە دیارە سانسۆری جمهوری ئیسلامی ڕێگای نووسینی نادا. بەڵام سەیر ئەوەیە کە کاک ریانی لەوەرگێرانە کوردییەکەدا ئەو پێشەکییەی هێناوە( کە بریا نەی هێنابا!). ئایا دەکرێ بەشێک کە بەکوردی تەرجەمەی ئازاد بێ، بە فارسی ئیجازەی پێنەدرێ؟ یان وەرنەگێرانی بە فارسی هۆی دیکەی هەبووە...

بەڵام بۆچی بریا لە کوردییەکەشدا نەهاتبایە؟لەبەر ئەوەی ناکرێ بەوە بڵێی وەرگێران، بەڵکو ئەوە زیاتر گێرانەوەی کتێبەکەیە بە کوردی. واتا زیاتر لەوە دەچێ "وەرگێڕ" کتێبەکەی خوێندبێتەوەو ئەو ئەندازەی لێتێگەیشتووە، بە کوردی گێراویەتەوە! من کاک محمد ریانی ناناسم و پێشتر هیچ نووسراوەیەکم لێ نەدیوە. هەر بۆیە باسەکە تەنیا لەسەر وەرگێڕانی ئەم کتێبەیە.

نووسراوەکەی کاک ریانی لەباری زمانەوانیشەوە چ لە ناوەڕۆک و شێوەی داڕشتندا و چ لە باری شێوەی نووسینی کوردیدا زۆر لاوازەو بەداخەوە هەڵەی زۆرە. هەر بۆیەش ئەو بەشانەی کە نووسینی کاک ریانی دەگێڕمەوە، هەوڵم داوە دەقاودەق هەروەک نووسراوەکەی ئەوبێ.

لە پاراگرافی دووهەمی "سەرەتا"دا کووچیرا لەسەر وەزعی کورد لەبەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەدوێ و دەڵێ:" تەنانەت ناوەکەشیان لەهەموو لایەک بەڕەسمی ناناسن: Leur nom même n'est pas reconu partout لە تورکیا وشەی "کورد" قەدەغەیەو بە کوردەکان دەڵێن ئاناتولییەکانی ڕۆژهەڵات": En Turquie, le mot "kurde" est proscrit, et les kurdes sont désignés sous le nom d'Anatoliens de l'Est.

بزانین کاک ریانی چۆنی نووسیوە:

" ووشەی کورد لەو وڵاتانەدا وەک یەک لەسەر زاران نییە. لە تورکیەدا پێیان دەڵێن دانیشتوانی ئاناتولی باشوری"!!

لە زمانی فەرانسەدا بە ڕۆژهەڵات ئەڵێنEst کەچی کاک ریانی کردوویەتی بە "باشوور"!

بەشی یەکەمی کتێبەکەی کریس کووچیرا ناوی" لە دایکبوونی ناسیۆنالیسمی کورد"ە، La naissance du "Nationalisme Kurde" ریانی ئەمەی ئاوا وەرگێڕاوەتەوە: "هەستی و، بوونی نەتەوایەتی کورد"!!.

کوچیرا دەڵێ":

Pour beaucoup de Kurdes militant aujourd'hui dans des partis progressistes, Bedir Khan n'est rien d'autre qu'un grand féodal typique

. واتە: ئەوڕۆکە بۆ زۆربەی خەباتگێرانی حیزبە پیشکەوتووخوازەکانی کورد بەدرخان لە نموونەی بەرچاوی فیئودالێکی گەورە بەولاوە چی دیکە نییە.

محمد ریانی لە لاپەرەی ٤٨دا بەم چەشنەی نووسیوە "پۆلێ ڕووناکبیرو، پلەی سەرەوەی کوردی ئەوڕۆ، لەسەر ئەو ڕاو تەدبیرەن کە خەباتی ئەمیر بەدرخان لە کوردایەتیدا، خەباتێکی دەرەبەگایەتی وفیئودالی بووە. ئەگینە ئەو حکومەتە نەدەبایە بەو زووانە ڕووخابایە، ئەگەر فەلەو جوتیارەکان بە چاکی لەگەلی بان ، دەوامی پتر دەبوو"!؟؟

مەعلووم نییە ئەم وشانە - پولی ڕووناکبیرو، پلەی سەرەوەی کورد، ڕووخانی بەوزووانە، فەلەو جوتیار، دەوامی پتر- کە کریس کووچیرای فەقیر باسی نەکردووە، چۆن بە ناوی وەرگێڕانی نووسراوەی ئەو دەرهاوێژراون.!

بەڵام ئەم دێڕە ئیبراهیم یونسی بە دروستی و بەم شێوەیە کردوویە بە فارسی:" اما از نظر بسیار از کردهایی که امروزه در احزاب ترقیخواه فعالیت میکنند بدرخان چیزی بجز یک فئودال بزرگ نیست.".

دەکرێ بگوترێ ئەوەی کاک ریانی، قسەی کریس کووچیرا نیە!!.

هەر لەهەمان لاپەرەدا ریانی شتێکی دیکەی نووسیوە، کە لە نووسراوەکەی کووچیرادا نییەو، هەرچەندە کتێبەکە ژێرو ژوور بکەی نایدۆزیتەوە. کاک ریانی دەنووسێ:

"ئەوەی کەلە مێژوونووسەکان وە هەروەها مێژووناسەکان وەدەردەکەوێ، ئەوەیە کە ئەمیر بەدرخان لە مێژوودا بۆ کوردستان چەرخێکی زێڕینی وەهەست هێناوە" ؟

بە شێکی دیکەی کتێبەکە نێوی (Les années de l'épression) ە واتا سالەکانی سەرکوتکردن، ریانی کردوویەتی بە" سالەکانی بەرهەلستی".

کووچیرا لە لاپەرەی ٣٩ی کتێبەکەیدا دەلێت:" لە عێراق شێخ مەحموود کەلە بەر چەند هۆیەکی ئاشکرا ئیتر لەسەر بەریتانیاییەکان حیساب ناکا، سەرنجی بەرەو لای تورکەکان رادەکێشێ - یان لانی کەم زۆر بە روونی وا دەنوێنێ- بەو هیوایە کە بە قازانجی "پاشایەتی کوردستان"ەکەی کەلک وەرگرێ لەرقەبەری نێوان ئینگلستان و کەمالیستەکان. بەلام تاقە یەک شتی لەبیر کردبوو، لە عێراقدا جێگای دوو پادشا نەدەبووەوە".

ئیبراهیم یونسی ئاوای کردووە بە فارسی: "در عراق شیخ محمود که دلایل وموجبات کافی دارد تاپش ازاین بر انگلیسیها اتکا نکند به ترکان روی میبرد، که دست کم قیافەای به او نشان میدهند(؟) که وی میتواند امیدوار باشد بەسود "قلمرو حکومتش" از کشمکشهای انها با انگلستان استفاده کند. اما او یک چیزرا فراموش کردەبود که دو پادشاه در اقلیم عراق نگنجند"

دیارە وەرگێڕانەکەی کاک ئیبراهیم کەم وکورتی هەیەو بەشیکی هەلەی تێدایە. بەلام سەرنج بدەنە ئەو شتەی کاک ریانی نووسیویەتی، کە باوەرناکەم لە قامووسی وەرگێڕاندا بەوە بگوترێ "هەلەکردن":

" لە حەقیقەت دا ئنگلیس لەبەر قازانجی خۆی لە ناوچەکەدا خۆی گێل دەکردو، چاوی دەقووچاند، وەدەنگی لەبەر دەرنەدەهات. تورکەکانیش خەیانەتیان کرد. وە پەیمانەکانی دیکەش مەحکوم کران، وەلە بیر چوونەوە. هاوکات لەگەڵ ئەو کارەساتانە لە زەویووزاری وڵاتی تازە پێک هاتووی عەراقیش دا، شێخ مەحمود لە ناوچەی کوردستان دا خەریکی بزووتنەوەو خەبات بوو، وەمەبەستی ئەوەبوو، کەلە دوژمنایەتی و ، دوبەرەکی دوو رەقیبی تورک - ئنگلیس کەڵک وەرگرێ، وەلەگەڵ تورکەکان دژی ئنگلیس هاوڕێ بێت. وەهەروەها لە "ناوچەی کوردستان"ی عێراق دا سەربەخۆی وەدەست بخات و، بەپادشایەتی بکات. بەلام ئەوەی لەبەرچاوبوو، ئینگلیسیکان قەت نەیان دەویست کەلە عەراق دا دوو پادشا، یانی شێخ مەحمود وە فەیسەل بەهەست بێن".

ئەمە دەقاودەق نووسراوەکەی ئەو بەشەی کتێبەکەی ریانی یە . بەڕاستی سەیرە، مەعلووم نییە کێ خەیانەتی کردووە، چۆن پەیمانەکانی دیکە مەحکووم کراون، کامەکارەسات مەبەستە، زەوی وزار لە کوێوە هاتووەو.. هتد کووچیرا دەلێ: "Royaume du Kurdistan" واتە: "پاشایەتی کوردستان"، کەچی ریانی دەلێ "ناوچەی کوردستان" ، یونسیش مەعلووم نییە بۆ کردوویەتی بە "قلمرو حکومتش". بەلام من حازرم سوێند بخۆم کە ئەو قسانەی کاک ریانی هی کریس کووچیرای فەقیر نییە.

سەیر ئەوەیە کاک ریانی جاری وایە نێوی شارو وڵاتەکانیشی بەهەڵە نووسیوە. بۆ نموونە ئاناتولی رۆژهەلاتی کردووە بە ئاناتولی باشوور. لە لاپەرە(١٥٧)دا لە باتی "La Fondation du "Khoyboun" (l'Independance" و اتا: دامەزراندنی "خۆیبوون"(سەربەخۆیی)، کەچی ریانی ئاوای نووسیوە:پێک هاتنی "خۆیی بوون" مەسەلەی مافی نەتەوایەتی گشیی!!.

هەر لەو لاپەرەیەدا لەسەر شوێنی یەکەم کۆبوونەوەی دامەزراندنی خۆیبوون لە باتی (بحمدون) کە لە لوبنانە، ریانی نووسیویە "بی حەمرون لە لیبی"!.

لە کتیبەکەی محمد ریانی دا لە لاپەرەی ١٨٤ ئاوا نووسراوە:

"چاوپێ کەوتنی شازادە غازی لە ١٠ی نوت دا ، وەکاتی بریارنامەی دوژمنایەتی(؟!)، ئەندامانی نوێنەری حکوومەتی عیراق وەبەرچنێودان دران. سەرۆکی وەزیرانی عێراق نوری سەعیدش مەترسی وی نشیت و نوشتارێکی بلاوەکردەوە، وەبەو جۆرە دژی ئەو کارە دەیەویست تۆلەی خۆی بستێنێتەوە. ئینجا کوردەکان لەلایەکی دیکەشەوە لەسەر ووتەی ئینگیس و عەراق پەلپ و بیانوویان گرت، وەنارەزامەندی خۆیان دەربری وە هەمان مەسەلەی ئۆتۆنۆمی بە جۆرێکی دی داواکرد کە سەرئەنجام بە برینی هات و چۆی گەیشت".

ئەوە قسەی کاک ریانی بوو. جابابزانین کریس کووچیرا دەلێ چی: " چاوپێکەوتنی شازادە غازی هەلی رەخساند بۆ پێکهاتنی خۆپیشاندانی دژ بە حکومەت، رۆژی دەی مانگی هەشت(ئووت) سووکایەتی کرا بە

ئەندامانی دەستەیەکی نوێنەرایەتی حکوومەتی عێراق، هەروەک نووری سەعید سەرۆک وەزیری عێراق بە نیگەرانییەوە نووسیویەتی: ڕادەی داواکارییەکانی کوردان زۆر بەپەلە دەچووە سەر. نووری سەعید دەنووسێ: سەرەتا داوای هێندێک گارانتی یان دەکرد.. پاشان کوردەکان نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە ئامۆدەزگاکانی دەولەت دەربڕی... دواتر داواکای ئۆتۆنۆمییەکی نیوەچڵی، ئێستاش نۆرەی جیابوونەوەیە".

ئاشکرایە کەچەندە نووسراوەکەی ڕیانی لەوەی کووچیرا دوور دەکەوێتەوە.

بەشی سێهەمی کتێبەکەی کووچیرا نێوی La lutte pour l'Indépendance واتە خەبات بۆ سەربەخۆیی یە. کەچی محمد ڕیانی کردوویەتی بە" خەبات بۆ مافی گشتی نەتەوایەتی"! لەلاپەرە ٢٢٠دا کاتێ باسی پێکهاتنی "هیوا" دەکا ڕیانی دەڵێ:

"... بە شوێن ئەوەدا گۆڤارێکیان بە نێوی ئازادی لە چاپ دا، لەو گۆڤارەدا، داواکرابوو کە پارتی کۆمۆنیستی عراق و هەروەها ئەندامانی باڵی چەپی هیواش نزیک ببنەوە."

بەلام لە ڕاستیدا کووچیرا ئاوا دەڵێ:

هیوا... گۆڤاری "ئازادی" دەردەکەن کە هەڵوێستەکانی نزیکە) لەوانەی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و باڵی چەپی هیوا بە ئاشکرا کۆمۆنیستە." ڕەنگە وشەی "نزیکە" وای کردبێ کە ئەو وتەیە وای لێ بەسەرهاتووە.

لەو جێگایەی کە باسی ئاڵوگۆڕی نامە لەنێوان کورنوالیس سەفیری ئینگلستان لە عێراق و مەلا مستەفا بارزانی کراوە، "تەرجەمە"کەی ڕیانی بەڕاستی هیچی بەسەر نووسراوەکەی کووچیراوە نییە. مەلا مستەفا لە ٢٣ی مانگی دیسامبەری ١٩٤٣دا و دوای چەند ڕۆژ واتە ڕۆژی نوئیل (٢٥ی دیسامبر - کریسمەس)دا دوو نامەی جیاوازی بۆ کورنوالیس نووسیوە کە چی کاک ڕیانی وای زانیوە هەریەک نامەیەو تێکەڵی کردووەو هەڵبەت زۆریشی گۆڕیوە! ڕیانی لەلاپەرە ٢٢٦دا دەڵێ:

"... بەلام هەر لەو کاتەدا "هیوا" لایەن گری لەبارزانی دەکردو، دەی نووسی کە بارزانی، بەڕاستی پیاوێکی دژی ئیمپریالیستە. لە ٢٣ی دیسامبەری ١٩٤٢دا لە پێش ئەوەی کە نامەی کورن والیس بەدەستی مەلا مستەفا بگات، بارزانی نامەیەکی بۆ بالوێزی بەریتانیا لە بەغدا نووسی بوو، وە جێژنی "نوئێل"ی پیرۆزبایی پێ گوتبوو... بەلام ئەوەی کە جێی سەرسوورمانە، ئەوەیە کە نووسی بوشی کە: من لە ناخی دڵەوە سەر بۆ ئێوە شۆڕدەکەمەوە، وە وەک باب وکوڕێک دەبزووومەوە....

بارزانی هەروەها بە چەشنی پیاوە ڕامیارێکانی ڕۆژهەلات زۆر بە گرنگی نووسی بووی کە: بیروباوەڕێکی ئەوتۆی لە گشت دا بە دەولەتی ئینگلیس هەیەو، بەڵکو پتر لەوەی کە فکر دەکەنەوە لەبەر چاوودایە:"

ئەوە دەقی قسەکان بوو لە زمانی ڕیانییەوە!!

جا بابزانین کووچیرا لەم بارەیەوە چی گگوتووە: "... "هیوا" کە پشتیوانی سەرەکیی بارزانی بوو، بە ئاشکرا دژ بە ئیمپریالیست و دژی بەریتانیایە... بارزانی ڕۆژی ٢٣ی دیسامبەری ١٩٤٣ پێش ئەوەی نامەکەی کورنوالیسی پێگەیشتبێ، نامەیەکی بۆ سەفیری بەریتانیا لە بەغدا نووسی بوو «پیرۆزبایی جەژنی سەری ساڵ». بەلام ئەو نامەی کە بەبێ هیچ ئەملاو ئەولایەک زۆر جێگای سەرسوورمانە، نامەیەکە بارزانی ڕۆژی جێژنی نوئێل ناردوویەتی بۆ سەفیری بەریتانیا کەلەوێدا دڵنیای دەکا: هەر ئەمرو فەرمانێکتان هەبێ بەرێوەی دەبەم هەروەک منداڵێک کە بۆ باوکە خۆشەویستەکەی دەیکا" بە تەئکیدێکەوە کە بێگومان تایبەتی خەڵکی ڕۆژهەلاتە، بارزانی دەڵێ:" بڕوای تەواومان بە مەلەکەی خاوەن شکۆتان هەیەو... دۆستایەتی ئێمە بۆ دەولەتی بەڕەحمی بەریتانیا بێ سنوورە". جا هەروا سەرنج بدەن. کریس کووچیرا دەڵێ: هیوا دژ بە ئیمپریالیست و دژ بە بەریتانیایە، کەچی کاک ڕیانی دەڵێ بارزانی وایە!!

کووچیرا لەلاپەرەی ١٧٩دا لەسەر دواوتووێژەکانی نێوان قازی محەمەد و دەولەتی ئێران ئاوا دەڵێ: " لە مانگی ئووتدا وتووێژەکان - کەلە مانگی شەشدا دابرابوون- لە تاران دەستی پێکردووە. قازی محەمەد بە هۆی تەئمینێکەوە لەژێر چاوەدێری سەفارەتی یەکێتی سۆڤییەتدا دەچێتە تاران. لە گفتوگۆکاندا لەگەڵ سەرەک وەزیری ئێران قوام السلطنه قازی محەمەد داوای ئەوەدەکا کە ولایەتی (ئوستان) کوردستان دابمەزرێ کەهەر لە سنووری شۆرەوییەوە هەتا شوێنێک کە دەکەوێتە نێوان سنەو کرماشان بگرێتەوەو خۆیشی ببێتە یەکەم ئوستاندار(پارێزگار) ی گشتی.

بابزانین کاک ریانی له لاپەڕەی ٢٨٢دا ئەم بەشە چۆن باس دەکا. جارێ باسی ئەو پاراستنەی سەفارەتی شۆرەوی هەر ناکا. بەشەکانی دیکەشی ئاوا دەڵێ:

" قازی محەمەد لەو ووت و وێژەی دا لەگەڵ قەوام ئەلسەڵتەنە سەرەک وەزیر دەی کات، داوادەکات کە کوردستان ببێتە ئەیالەتێک کە ئەو ئەیالەتە لە سنووری شۆرەوی ڕا تا کرماشان و سنە درێژەی هەبێ، وەهەروەها بۆخۆشی ڕابەرو حوکمڕانی ئەو ئەیالەتە بێت."!!؟

لەسەر پەیوەندی و نێوانی مەلامستەفاو قازی محەمەد، کووچیرا باسێکی هەیە کە دەڵێ: " لە مانگی فێوریەی ١٩٤٧دا، یانی مانگێک دوای ڕاگەیاندنی جمهوری لەلایەن قازی محەمەدەوە(٢٢-١-١٩٤٦)، نۆ کەسی کوردی عێراق لەوانە بارزانی و هەمزە عەبدوڵڵا کۆمیتەیەکیان پێکهێنا بە ناوی "کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" بۆ چارەسەرکردنی کاروباری بارزانییەکان لە ئێران ... قازی محەمەد سەرەتا یارمەتی کردن وشوێنی کارکردن و ماشێن تایپیشی پێدان، بەڵام ماوەیەکی کورت دوای ئەوە بە بارزانی وهەمزە عەبدوڵڵای گوت: " تەنیا یەک حیزب هەیە. ئێوەش دەتوانن لەناو حیزبەکەی ئێمەدا کاربکەن، بەڵام نەک بە جیا."

کاک ریانی لەم بابەتەوە لەلاپەڕەی ٣٠٠دا دەڵێ:

" لە مانگی فیورییەی ساڵی ١٩٤٦دا مانگێک پاش قازی محەمەدو، حکومەتی کۆماری کوردستانی ئێران لە (٢٢ی ژانویەی١٩٤٦) ڕای گەیاند کە ٩ کەس لە کوردی عەراق واتە بارزانی و هەمزە عەبدوڵڵا کمیتەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی بارزانێکان لە ئێران دا پێک هاتووە!... لەهەوەڵەوە قازی محەمەد لەسەر دامەزراندنی ئەو کۆمیتەیە ڕازی بوو، ماشینی تای پی لەژێر دەست دانان، بەڵام وردەوردە پێی حاڵی کردن کە تەنیا حیزبێک لە کوردستانی ئێراندا، پێویستە، لەکارو کردەوەدا ببزوێتەوە"

کووچیرا لە لاپەرە٢١٩دا دەڵێ: " ڕێبەرانی پارتی هەرچەندیش لەپێش چاوی بارزانی زۆر ڕادیکاڵ بووین، لەوە دەترسان جووتیارانی کورد کە دەیانویست وشەکانی "شۆڕشی کورد" مانایەکی بۆ ئەوان هەبێ، لەوان وەپێش کەون" وادیارە کاک ریانی ئەم بەشەی کتیبەکەی نەخوێندۆتەوە!! چونکە لە هیچ کوێیەکی تەرجەمەکەیدا دیار نییە!

دوواتر کووچیرا باسی وتووێژێکی ڕۆژنامەی لۆمۆند لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەگێڕێتەوە لەسەر هەڵوێستی پارتی بەرامبەر جووتیاران و مەسەلەی زەوی، بەدوای ئەوەدا کووچیرا ئاوا دەڵێ:

" بۆ ئەم جووتیارە کوردانە، گرینگترین مەسەلە زەوییە. "بەڵام سەرەرای بێزاری لە دەرەبەگایەتی و ویستی بەرێوەبردنی ڕیفۆرمێکی ڕادیکاڵی ئەرزیی" (لە گفتوگۆکەدا لەگەڵ لۆمۆند)، پ.د.ک بڕیاری داوە لەو کاتەدا کە دژ بە حکوومەتی بەغدا شەڕدەکا "بێدەنگی" لەم مەسەلەیەدا بینێ نەکا سەرەک عەشیرەتە کوردەکانیان لێ دوورکەوێتەوە. جابابزانین ریانی دەڵێ چی:

" هەروەک کە دەزانی، بۆ جوتیارو فەلەکانی کورد، "مەسەلەی گرینگ زەویە" ئەگەر هات و نەختێک فیودالیستە لە نێو هەڵگیرا وە زەوییەکانیش دابەش کرا، ئیتر جوتیارو فەلە کاریان باش دەبێت. برائم ئەحمەد درێژەی بە قسەکەی داو گوتی بەڵام لەوکاتەعایستەم و ناسکەدا ئێمە دەست لە هیچ نادەین چونکە حکومەتی بەغدا ، لە بیانوان دەگەڕێ جا سەرۆکە عەشیرەتەکان هان دەداو، دژی ئێمەی دەکات. پەس کەوابوو پێویستە جاری بێدەنگ بین"

لەسەر جمال عبدالناصر و مەسەلەی کورد کووچیرا باسێکی هەیە کە کاک ریانی لە لاپەڕەی ٣٥٧دا ئاوای لێکردووە:

" لەناکاو لەوەختێکی تایبەتی دا ، ئەندامانی کۆمەڵی عەرەبەکان - عەلی سالح ئەسعەدی، نایب سەرۆک وەزیری ناوخۆی، تالب شەبیب وەزیری دەرەوەی عێراق ، وە ژەنەڕاڵ عەماش وەزیری بەرگری، وەسەرۆک ناسر، تێکڕا ڕایان گەیاندکە: هیچ مرۆڤێک حاشای ئەوە ناکات کە خەڵکی کورد هەقی نییە، وەسەرئەنجام پێویستە بەمافی خۆیان کەئۆتۆنۆمی یە بگەن"

بابزانین کریس کووچیرا چی گوتووە:

" بەڵام لەبەرچاوی ئەندامانی عەرەبی دەستەی نوێنەرایەتی عێراق - علی صالح السعدی جێگری سەرەک وەزیرو وەزیری ناوخۆو، طالب شبیب وەزیری دەرەوە، ژەنەڕاڵ عماش وەزیری بەرگری - سەرۆک ناصر بەتەواوی پشتگیریی لە هەڵوێستی کوردەکان کردو ڕایگەیاند : " کەس ناتوانی هەبوونی خەڵکی کورد

ڕەتبکاتەوە. کەوابوو مافیشیان هەیە، یەک لەو مافانەش داوای ئۆتۆنۆمییە.

لە لاپەرە٣٢٥دا کاک ریانی ئاوا دەڵێ:

"لە ماوەی چەند مانگ دا لە نێوان بڕینی هات و چۆی ناتەواو (هاوینی ١٩٧٢)دوە هەروەها بڕینی تەواو (مارسی ١٩٧٤) مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ بەغدا لە چاوەڕوانی ڕابەرە کوردەکانی ئێرانی، هیچ مەبەستێک بۆ یەکیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و دەوڵەتی بەغدا، دژی شای ئێران لە گۆڕێ دا نەمابوو، بەگوتری ئایا بۆ هەوەڵین کەرەت نەبوو کەلە مێژوودا دەدیترا کە دەوڵەتی پێشکەوتووی ی ئیمپریالستی عەراق ڕازی ببوو؟"

لەم بەشەدا هیوادارم هەڵەی چاپ وای کردبێ و "پێشکەوتووی ی ئیمپریالیستی" لەڕاستیدا "پێشکەوتووی دژی ئیمپریالیستی" بووبێ؟

کووچێرا ئەم بەشەی لە لاپەرە ٢٤٧دا ئاوا نووسیوە:

"لەماوەی ئەو چەند مانگەی نێوان دابڕانی نیوە ڕەسمیی بارزانی لەگەڵ بەغدا (هاوینی١٩٧٢) و دابڕانی تەواو ڕەسمیی (مانگی مارسی١٩٧٤) هیچ شتێک ناتوانێ پێش بەو بۆچوونەی ڕێبەرانی کوردی ئێران بگرێ کە ح.د.ک لەگەڵ بەغدا ببێتە هاوپەیمان لەدژی شا. مەگەر ئەم دەوڵەتە پێشکەوتنخوازو دژ بە ئەمپریالیستە (واتە عێراق) نییە کە بۆیەکەم جار لە مێژوودا ئۆتۆنۆمی داوە بە کوردەکانی خۆی؟"

کووچێرا لە دواین بەشی کتێبەکەیدا، لەسەر داهاتووی بزووتنەوەی کورد دەدوێ و وتەی کەسێک دەگێڕێتەوە کە پێی پیاوی چاک بووەو لە ساڵەکانی ١٩٧٤-٧٥دا لەکەسە نزیکەکانی بارزانی بووەو لەوانی دیکە کەمتر هەلپەرست بووە. ئەم کەسە کە کارمەندی حکوومەت بووە، کاتێ کە باسی کۆتاپێهاتنی شەڕی کردووەو گوتویەتی: "ئەگەر دەوڵەت حازر بێ هەموو پارەی کۆن و ئەوەی هی من لەسەریەتی بیداتەوە، چی و چی پێدەکرێم..." دوابەدوای ئەمە کووچێرا وەک نەتیجە وەرگرتن لەم هەڵوێستە ئاوا دەڵێ: "ئەم کابرایە کە جلوبەرگی پێشمەرگایەتی لەبەردایەو کەلاشینکۆفی بە شانەوەیە هەر لە ئێستاوە، یان هێشتاش هەر لە بەغدایە."

En tenue de Pechmarga, la Kalachnikov en bandoulière. cet homme était déjà, ou encore à Bagdad.

یونسی لە لاپەرەی ٤٤١دا ئاوای تەرجەمە کردووەتەوە:

"این مرد که لباس پیشمرگی بەتن داشت وکلاشینکفی بردوش انداختەبو، تا چندی پیش در بغداد بود، یاهنوز هم هست."

کە بەداخەوە لە دەقی فەرانسەکەی دوورەو دەبوو فارسییەکەی ئاوا وەرگێرابایەوە:

"این مرد که لباس پیشمرگ برتن وکلاشینکفی بردوش داشت، ازهمین حالا، ویا هنوزهم در بغداد است."

لە کۆتایدا کووچێرا زۆر بەرێکوپێکی نێوی هەموو سەرچاوەکان و ئەو کەسانەی کە لە گەڵیان وتووێژی کردووەو بۆ نووسینی کتێبەکەی کەڵکی لێوەرگرتوون، هێناوە. ئەمەش لە کتێبەکەی کاک ئیبراهیم یونسی دا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک وەرگێڕدراوەتەوە. بەڵام بەداخەوە لەم بەشەیشدا نووسراوەکەی کاک محەمەد ریانی زۆر ناسەرکەوتووە.

ستۆکهۆڵم – بەهاری ١٩٩٦

سەرچاوەکان

**1- Chris Kutschera; Le Mouvement National Kurde - Flamarion; Paris 1979**

٢– محمد ریانی، وەرگێڕان، "کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست دا" نووسراوی کریس کووچیرا. چاپخانەی صدف – تاران ساڵی ١٣٦٩(١٩٩٠).

٣– ابراهیم یونسی، ترجمە، "جنبش ملی کورد" کریس کوچرا. موسسە انتشارات نگاە – تهران ١٣٧٣(١٩٩٤).

•

# ئەهلی هەق و ڕێبازی ئایینیان

ئامادەکردنی: حەمە کەریم قەشانی

وەکو ئاشکرایە، کەلەپووری نەتەوەیی کۆن، چ لە بواری سیاسی و وێژەیی و کۆمەلایەتییەوە بێ چ لە بواری ئایینییەوە، پێناسەی نەتەوەی کوردیش سەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستا قەوارەیەکی نەتەوەیین سیاسی بۆ خۆی پێک نەهێناوە و چەندین سەدەیە پێخوستی تەراتێنی داگیرکەران و پەلاماردانی بێگانە بووە و تا بۆشیان کرابێ ویستویانە هەرچی شوێنەواری شارستانییەتە کوێری کەنەوە و بزری کەن، بەلام نەتەوەی کورد بە هەموو شێوەیەک هەولی پاراستنی زمانەکەی و ئەو کەلەپورە کۆنەی داوە کە بۆی ماوەتەوە و تا پێی کرابێ پاراستوویەتی یەکێک لەوانە ئەو ئاینە کوردیە و هەولی داوە بە زیندویی ڕایگرێ کۆنانەن کە سەرچاوەیان بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە، وەک: زەردەشتی و ئەهلی هەق و ئێزدی و شەمسیە.

من لێرەدا دەمەوێ لەسەر یەکێ لەوانە بدوێم کە "ئەهلی هەوق"ە و لە کوردستانی خوارو بە "کاکەیی" بەناوبانگە و لە ئێران بە هەلە بە ئەمەش لە لایەن موسولمانەکانەوە وا ناو "عەلی ئیلاهی" ناو دەبرێن براون چونکە ئەوان لە ناو هەموو بەرجەستە (تەجسید)ە خوداییەکانی لە ئەهلی هەقدا تەنها عەلی باش ناس دەکەن ـ ئەمە ئەگەر واش بێ کوردستانی سەرووشدا کۆمەلێکی گەورە بە ناوی (عەلەوی) یا (قزلباش) هەیە کە لەبەر لێکچوونی هێندێ لە بیروباوەڕەکانیان، زۆر لە لێکۆلەرەوەکان لەگەل ئەهلی هەقدا تێکەلاویان دەکەن.

بێگومان گەورەترین بەرهەلست لە بەردەم لێکۆلەرەوانی ئایینی (ئەهلی هەق) و ئەو ئاینانەی کە لەسەروە باس کران، دژواری پەیداکردنی زانیاری ڕاست و دروستە دەربارەیان چونکە ئایینی نهێنین و باوەڕپێکەرانیان هەر لە کۆنەوە لە ترسی ئازار و ڕاونان و چەوساندنەوە، ناچار بوون باوەڕەکەی خۆیان بە نهێنی بهێلنەوە، جگە لە پەیڕەویکەرانی کەسی تر پەی بە ڕازی ئەو ئاینانە نەبا و زوربەی زۆری ئەو ئاینانە یا ئەو ڕێبازانە هەر دەماودەم و ئەوە دوای ئەوە بە یەکدی گەیشتووە و نەیانوێراوە بیخەنە سەر کاغەز نەبادا لایەنگرانیان ئەو کەمۆکەیەش کە تا ئێستا ماوەتەوە بکەونە بەر شالاوی ناحەزانیان هەر لە ناو پەیڕەویکەراندا بووە و باوەڕیان بەو ئاینە تازانەی وەک یەکەم کەسێک کە توانیبێتی ئاشنای جولەکە و دیان و ئیسلام نەبووە ئەو ئاینە بۆ ڕۆژهەلاتناسە ئەوروپایی و ڕووسەکان بوون کە پێش ڕوناکبیرە کوردە موسولمانەکان کەوتوونەوە*.

* * *

ڕێ و ڕچەی "ئەهلی هەق" پێش پەیدابوونی ئیسلام دەرکەوتووە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە وەک هێندێ توێژەر بە مەزهەبێکی ئیسلامی تێدەگەن - بە داخەوە د. ڕەشاد میرانیش تووشی ئەو هەڵەیە بووە. ئەهلی هەق لە ئاینە کۆنەکانی کورد (زەردەشتی، مانەوەی، مەزدەکی،...) و هی پێش ئەمانەشەوە سەرچاوەی وەرگرتووە و لە دەوری داگیرکردنی کوردستاندا لە لایەن عارەبەوە و بڵاوبوونەوەی یاخود بە زۆر سەپاندنی ئیسلام بە سەر کورددا، ئەوانیش هێندێ ڕەنگ و بۆنی ئەم ئاینە تازەیەیان لە خۆ دا و گەلێ شتی تریشی تێ کەوت.

ئەهلی هەق باوەڕیان بە "دونا و دەن" هەیە و لایان وایە مرۆڤ ١٠٠١ هەزار و یەک تەن دەگۆڕێ و دوای ئەوە دەچێتە جیهانی کۆتایی و نەمری کە لە شارەزوردایە. هەروەها خوا و فریشتەکانیش بەو شێوەیە دەچنە تەنی مرۆڤەوە و تەن دەگۆڕن. بە واتایەکی تر خوا و فریشتەکان دەچنە جەستەی مرۆڤەوە و دێنە ناو خەڵکەوە تا تاقییان بکەنەوە. ئەمانە لە گەڵ ڕێ و ڕەسمی ئیسلامدا نەک هەر ڕێک ناکەون بەڵکو بە بێبڕوایی و کفریش دادەندرێن.

لە سەدەی دووەمی کۆچی - هەشتەمی زاینیدا کە ڕێ و ڕچەی یاری لە ناو کوردەواریدا باوی پەیدا کرد، هێندێ ڕەنگ و بۆنی ئیسلامەتی گرتە خۆی و بە پێچەوانەی هۆنەرانی کوردی ئیسلامەوە کە نووسینی عارەبی لە ناویاندا برەوی سەند و شانازییان دەکرد کە بە عارەبی یافارسی دەنووسن وسوپاسی یەزدانیان دەکرد کە زمانی عارەبی پێ بەخشیون، هۆنەرانی یاری نووسراوەکانی خۆیان بە زارەوەی (گۆران)ی کوردی دەنووسی و شانازییان پێوە دەکرد و بە زمانێکی پیرۆزیان دەزانی و زۆر کتێبیان بۆمان جێ هێشتووە و ئەدەبی کوردییان دەوڵەمەند کردووە.

لە بەر ئەوەی کورد، زەمانێکی دوور و درێژ بوو هۆگری ئاینی خۆیان بوون، ڕووی خۆشیان پیشانی ئاینی نوێی ئیسلام نەدەدا، شاعیرانیان، بەزیرەکانێی ئیسلامیان دەکرد. لە هێندێ لەو هۆنراوەکانیاندا دیاردی بۆ ئەو قارەمان و پاڵەوان و سەردارانەی کورد - وەک کەیکاوس و کەیخەسرەو و کەی قوباد و ڕۆستەم و زۆراب و گیو و گودەرز و ڕەهام و... تاد دەکەن. لەم دیاردیانەدا هەر یەکە لەم قارەمانانە بە یەکێ لە پیران و ڕێبەرانی ڕێبازی ئەهلی هەق لە قەڵەم دراون و بە هاوتای یەکتریان زانیون.

پەڕاوی (سەرەنجام) کە یەکێکە لە گرینگترین و پیرۆزترین پەڕاوی ئاینی ئەهلی هەق، گەلێ مەبەستی مێژوویی و ئاینیی ڕوون دەکاتەوە و تەنانەت ئەو مەبەستانەی کە لە (ئاڤێستا) و (ڤیدا)دا - کتێبی ئاینیی کۆنی هیندستان - هاتوون لە (سەرەنجام)دا بە درێژی باسیان کراوە.

ڕێبازی ئەهلی هەق، لە سەرەتادا لە لوڕستان و هەورامانداگەشەی دایەوە و سەرۆکەکانی ئەو ڕێبازە، مەبەست وخورپەی دەروونیان بە زمانی زگماکی خۆیان دەربڕیوە و شێوەی زمانەکەیان هەر ئەو شێوە زاراوەیە(گۆران)ە، کە بالوول و یارانی لە سەدەی دووەمی کۆچیدا هۆنراوەیان پێ هۆنیوەتەوە. ئیدی ئەم ڕەوشتە هەر بەو شێوە زمانە بە ناوچەکە و شوێنەکانی تری کوردستاندا بڵاو بۆتەوە.

وەک گوتمان، ئاینی ئەهلی هەق ئاینێکی کۆنی کوردە و هیما و فەلسەفەکەی، هەڵقوڵاوی ئاینی ئارییەکانن. بۆیە لێرەدا بابە نجوومی لوڕستانی کە یەکێکە لە یارانی بالوول لە هۆنراوەیەکدا دەڵێ:

زەروان بیانی زەروان بیانی    نە دەورەی وەرین زەروان بیانی

ئەهری و وەرمز و یاران دیانی    کالای خاس یار ئەو دەم شیانی

واتە: من زەروان بووم، لە دەوری کۆندا من زەروان بووم. ئەهریمەن و ئاهورامەزدا و یارانم بەر چاو کەوت و کالای چاکی یارم لەو دەمەدا هەڵبژارد.

هەروەها بابەنجووم لە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:

بەرەی وێم گردەن، بەرەی وێم گردەن    نە بەرەی یاری، بەرەی وێم گردەن

چەنێ هەمیاران زمایشت وەردەن    ساوەر و ئەرژەنگ بۆشتمان وەردەن

واتە: بەشی خۆمم وەرگرتووە. ئەمن لە دەرگای یاردا بەشی خۆمم وەرگرتووە. هەموومان لەگەڵ یاراندا تاقی کراوینەتەوە بۆیە ساوەر و ئەرژەنگ گۆشتی لەشمانیان خواردووە.

[ساوەر و ئەرژەنگ، بە پێی پەڕاوی ئاڤێستا، دوو دێوی یاریدەدەری ئەهریمەن بوون. ساوەر بۆ دزی و جەردەیی و درۆ و خراپەکاری و (ئەرژەنگ)یش بۆ گومڕاکردنی خەڵک و یارمەتیدانی فەرمانڕەوایان بۆ ملهوڕی و زۆرداری و ستەم].

دیارە لەکاتی داگیرکردنی کوردستاندا و بەدەمسەپاندنی ئاینی ئیسلامەوە بەسەر کورددا، بەربەرەکانێکردنی کورد لەم ئاینە بۆتە هۆی کوژرانی گەلێ لە ڕابەرانی ئەهلی هەق بە دەستی موسوڵمانەکان. بۆیە (بابەسەرهەنگ)ی دەودانی کە یەکێکە لە ڕابەرانی ئاینی ئەهلی هەق، قینی خۆی لەم هەڵبەستەدا بەرانبەر بەو داگیرکەرانە دەربڕیوە:

پەی ئامانتان، پەی ئامانتان — گرد ئامادەبان، پەی ئامانتان

ئەز مەلهەم مەنیە و نە زامانتان — مەڕەسن وە هەق ئیمامانتان

واتە: ئێوە کە هاوارتان لێ بەرز بۆتەوە و هاناتان بۆ من هێناوە، دەستا خۆتان بۆ شەڕ و نەبەردی بێگانە ئامادە بکەن تا منیش مەرهەم بنێمە سەر برینەکانتان و تۆڵەی ئەو پێشەوا و گەورانەی کە لە ڕێی ئەم ڕێبازەدا گیانیان لە دەست داوە، بسێنمەوە.

دیارە زۆر تەنگیشیان بە ئاینی ئەهلی هەق هەڵچنیوە و ویستویانە هەرچی بۆنی ئەو ئاینە کۆنە کوردیانەی لێ بێ کوێری کەنەوە و نەیهێڵن. بۆیە بابەسەرهەنگ تەحەددایان دەکا و دەڵێ:

سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان — ئەز کە نامەمن سەرهەنگ دەوران

چەنێ ئیرمانان مەگێڵم هەردان — مەکۆشم پەڕێ ئاین کوردان

واتە: من کە سەرهەنگی دەورانم و ناوم سەرهەنگی دەودانە، لە گەڵ مورید و غولامانی خۆمدا بە هەموو جێیەکدا دەسوڕێمەوە و بۆ زیندوو کردنەوە و بووژاندنەوەی ئاینی کۆنی کوردان تێدەکۆشم.

دیارە بۆ بەربەرەکانێی کورد و ئەو ئاینە کۆنە کوردیانە و بۆ جێ قایمکردنی خۆیان لە کوردستاندا، موسوڵمانەکان زۆر قەڵای مەحکەمیان دروست کردووە ئەو قەڵا کۆنانەشیان داگیر کردووە کە زووتر هەبوون و هەموویان کردوونەتە بنکەی سەپاندنی ئاینەکەیان و ملکەچکردنی خەڵکی کوردستان. بۆیە پیر شالیاری زەردەشتی کە یەکێکە لە یارانی (شاه خۆشێن)لە یەزدان دەپاڕێتەوە کە بە هانایانەوە بێت و ئەو قەڵایانە وێران کات کە بوونەتە مۆڵگەی دوژمنانیان:

یا شای تەنیای فەرد، یا شای تەنیای فەرد — ئامانەن ئامان یا شای تەنیای فەرد

ئاسارش بەر ئار، بەردش کەر وە هەرد — کەنگاوەر دنیا ، دنیاش کەر وەگەرد

واتە: ئەی یەزدانی تاک و تەنها، هانایە و بە فریامانە بێ و شوێنەواری دوژمنانی ڕێبازی یاری کە لە شاری کەنگاوەردان لە بناغەوە دەربێنە و لە ناویان بەرە و بەردی بنچینەیان بهاڕە و بیکە بە ئارد. قەڵای کەنگاوەر لە گرینگێتیدا وەک جیهان وایە دەسا بیکە بە تۆز و تەم و گەردەلوول و خاپوور و وێرانی کە.

بە پێی میتۆلۆژیای ئاریایی و زەردەشتی، مرۆڤ یەکەم جار گەرپلەی بچووک بووە و لە ڕووەکەوە دروست بووە و یەکەم مرۆڤ Anqra manyo یاخود ئەهریمەن لە ناوی برد. لە تۆوی ئەوەوە، دوای چل ساڵ دوو مرۆڤی نێر و مێ، بە ناوی (مەشیە ) و (مەشیانە)وە دروست بوون. جا لێرەدا پیر شالیاری زەردەشتی هێما بۆ ئەوە دەکا و دەڵێ:

یاران چە ڕێواس، یاران چە ڕێواس — پادشام پەیدا بی چە دانەی ڕێواس

مەشیە و مەشیانە بەر ئامان چەواس — پەری ئازمایی مێردان ڕەواس

واتە: ئەی یاران، پاشام شا خوسێن لە دانەی ڕێواس پەیدا بوو، مەشیە و مەشیانەش لە گوڵە گەنم خولقان تا

مرۆ تاقی بکەنەوە.

ئەهلی هەق زۆر شانازییان بە پیاوە ناودارەکانی کۆنی کوردەوە کردووە و دەکەن. زۆر لە فەرماندە و پیاوە پیرۆزە ئاینییەکانی خۆیان ، بەوان شوبهاندووە، وەک لێرەدا بابە بوزورگی لورستانی، لەم هەڵبەستەدا دەڵێ:

شام هویدا بێ،شام هویدا بێ    پەری کارسازی شام هویدا بێ

وە ریک خواجام کاوە دیدا بێ    وەگورز گاوسار زوحاک دیدا بێ

واتە: پاش ئەو هەموو پارانەوەیە، ڕێبەرم فەرجێ و موجیزەی خۆی نواند و بۆ بێدەنگکردنی ناحەزان، لە لایەن یەزدانی گەورەوە، وەکو کاوەی کورد چۆن زوحاکی لەناو برد، ئامادە بوو و دوژمنان و ناحەزانی، بە هۆی یەزدانناسییەوە بێدەنگ کردن.

ئەهلی هەق، شانازی بە کوردبوونی خۆیانەوە دەکەن و بە شانازیشەوە باسیان کردووە لە کاتێکدا کوردە موسوڵمانەکان ، بەوەوە دەنازین کە ڕەچەڵەکی خۆیان بۆ سەر عارەب محەمەد و عەلی کوڕی ئەبوتالیب بگێڕنەوە. وەک لێرەدا شاوەیس قولی قرمز کە هێندێ توێژەر بە چوارەم دوونی خوای دادەنێن لە پارچە هەڵبەستێکیدا دەڵێ:

ئەصلمەن چە کورد، ئەصلمەن چە کورد    بابۆم کوردەنان، ئەصلمەن چە کورد

من ئەو شێرە نان چەنی دەستەی گورد    سلسلەی سوپای ضوحاک کەردم هورد

واتە: ئەگەر لە بنەچە و ڕەگەزم دەپرسن، بابم کوردە و لە ڕەسەنی کوردم. من ئەو شێرەم کە لە گەڵ کۆمەڵێکدا لەشکری زوحاکم لەناو برد.

بەمەدا دەردەکەوێ کە ڕێ و ڕچەی ئەهلی هەق تایبەتین و سەرچاوەی بۆ ئاینە کۆنە کوردییەکان دەگەڕێتەوە و گەلێ مەبەستی ئاینیی هیندوئەوروپایی خۆرپەرستیشی تێدا بەدی دەکرێ چونکە (دونا و دون) لە ئاینی هیندوسیشدا هەیە و ئەمان ویستوویانە ڕێبازی کۆنی باوباپیرانیان بە زیندویی ڕاگرن و لە ناو خەڵکدا پەرەی پێ بدەن.

ئەهلی هەق لایان وایە (سوڵتان سەهاک)ی دووەم دوونی یەزدان، لە دایکێکی فریشتە بووە کە ناوی (ڕەمزبار - ڕەمزبار) بووە و گوایە گیانی ئەم فریشتەیە چۆتە تەنی کچە جافێکەوە بە ناوی (داپراک). ئەم کچە، بە سەرزاریی دایکی (سوڵتان سەهاک)ە و ژنی شێخ عیسای بەرزنجییە.

شێخ عیسای خەڵکی هەمەدان دەچێتە حەج و کاتێ بە کوردستاندا دەگەڕێتەوە، لا دەداتە بەرزنجە و شوێنەکەی بە دڵ دەبێ. ئیدی هەر لەوێ دەمێنێتەوە و تەکیەیەک دروست دەکات و شێخ موسای برا بچووکی دەهێنێ و بەرزنجە ئاوەدان دەکەنەوە. شێخ عیسا لە گوندی (کاژاو)ی نزیک بەرزنجە ژن دێنێ و سێ کوڕی لەم ژنە دەبێ. کاتێ شێخ عیسا پیر دەبێ، سێ دەروێشی ئەولیا دێنە لای و پێی دەڵێن کە ژنێکی تر بهێنێ. چەند جارێ ئەو داوایە دوپات دەکەنەوە و شێخیش ڕازی دەبێ. پێی دەڵێن کە کچی (حەسەن بەگ)ی میری جاف - ئەدمۆنز بە میر محەمەد ناوی بردووە - کە ناوی (دایراک) بووە، بخوازێ. کاتێ دەروێشەکان دەچنە لای حەسەن بەگ و بۆ شێخ عیسا، خوازبێنی (دایراک)ی لێ دەکەن، میر توورە دەبێ و فەرمانی لەتوپەت کردنی دەروێشەکان دەدا. دەروێشەکان، دوای لەتوپەت بوونیان، جارێکی تر زیندوو دەبنەوە و دێنەوە خوازبێنی(دایراک). چەند جارێ ئەمە دووپات دەبێتەوە و میر باوەڕ بە کەراماتی دەروێشەکان دێنێ و ڕازیی دەبێ کیژەکەی بداتە شێخ عیسا بە مەرجێ ڕێگا لە تەکیەی بەرزنجەوە تا ماڵی خۆیان بە فەرش ڕاخرێ و مارەیی (دایراک) هەزار بار هێستر زێڕ و دە هەزار سەر ئەسپ و ماین و مەڕ بێ. دەبێ ئەم داوایانەش لە ماوەی سێ ڕۆژدا جێبەجێ بکرێن. دەروێشەکان دەڕۆن و دەچنە "تەپی سەفا" و بە خاکەناز نەختێکی لێ هەڵدەکەنن و قاپییەکی نهێنی دەردەکەوێ. قاپییەکە دەکەنەوە و بە پێی حیسابی دەفتەر، حەسەن بەگ چەندی داوا کردبوو، دەری دەهێنن و بۆ ڕۆژی دوایی دەگەنەوە بەر قاپی ماڵی میر و چاوەڕوانی جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی دەکەن. بەو شێوەیە (دایراک) خاتوون دەدرێ بە شێخ عیسای پیرەمێرد و دوای ساڵێک، واتە لە ساڵی ١٢٧٢ - ١٢٧٣ ی زاینیدا سوڵتان زەهاک لە دایک دەبێ.

تەکیەکەی شێخ عیسا پێویستی بە نوێکردنەوە دەبێ. کاتێ دێتە سەر دارەڕاکردنی، دەبینن یەکێ لە تیرگەکانی کورتە، سوڵتان سەهاک کە ئەو دەمە گەورە ببوو، بە یەکێ لە براکانی دەڵێ: کاکە ڕایکێشە. ئەوانیش ڕایدەکێشن و دەیگەیەننەوە سەری هەردوو دیوارەکە. ئەم ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی کە سوڵتان سەهاک لای باوکی و خەڵکی تری دەوروبەر ڕێزێکی تایبەتی بگیرێ. لە هەمان کاتدا بووە هۆی ڕقی براکانی تری و بڵاوکردنەوەی ئەوەی گوایە کاتێ باوکیان (دایراک خاتوون)ی هێناوە، پیر و پەککەوتە بووە و سوڵتان سەهاک لە توخمی دەروێشەکانە.

دوای ئەو پڕوپاگەندەیە، سوڵتان سەهاک سەر هەڵدەگرێ و لەگەڵ دەروێشەکاندا ڕوو دەکەنە هەورامانی لهۆن و لەوێ، ساڵی ١٣١٦ - ١٣١٧ز، نیازخانە (جەمخانە)یەک دادەمەزرێنێ و ئاینی یاری دەبووژێنێتەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە سوڵتان سەهاک و بنەماڵەی شێخ عیسای بەرزنجی کە هێندێ دەنگتر ژیاون، ڕێی تێ ناچێ یەک بنەماڵە بن. بەم بۆنەیەوە مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی ڕاستی بۆ چووە کە دەڵێ (کاکەیی)یەکان ناوبانگی ئەم دوو برایەیان بە هەل زانیوە و بۆ ئەوەی بایەخی زیاتر بە ئاینەکەیان بدرێ، خۆیان دەبەنەوە سەر ئەم دوو شێخە.

سوڵتان سەهاک لە پەردیوەر لە لای ڕاستی ئاوی "سیروان"ەوە، لە دێیەک بە ناوی شێخان، لە هەورامانی لهۆن نیشتەجێ دەبێ. سوڵتان سەهاک، بە هۆی کەڵک وەرگرتنەوە لە بیر و باوەڕی ئاینی و بەرهەمەندبوونی لە ئاینەکانی زەردەشتی و مانەوی و مەزدەکی، پەرەی بە ڕێ و ڕچەی یاری دا و نوێی کردەوە. یەکێ لە کارە گرینگەکانی تری سوڵتان سەهاک دامەزراندنی بنەماڵەیەکی یارییە کە هەریەکەیان ئەرکێکی تایبەتی بۆ دانراوە. هەروەها گوێزشکاندن و پێکهێنانی جەم و سێ ڕۆژ ڕۆژووگرتن و تەنبوورلێدان و خوێندنەوەی هۆنراوەی کوردی لە "جەم"دا، لە کارە گرینگەکانی ئەون.

ڕێ و ڕچەی یاریی، پێش سوڵتان بە چەند سەدەیەک، (شاه خۆشین) لە ناوچەی لوڕستانەوە کە حەوت یاوەری خۆشی لە تەکدا بوون، هێنایە شارەزوور. حەوت یاوەرەکەی بە حەوت تەن بە ناوبانگ بوون: بابە تایەری هەمەدانی، خوراد، فەلەکەدین، بافەقێ، کاکە ڕەدا(ڕەزا)، بابەیی بوزورگ، میرزا هامان. هێندێک، (فاتمە لوڕە)ی خوشکی بابە عەلی کە هاوەڵی بابەتاهیری هەمەدانی بووە، بە یەکێ لە حەوتەن دادەنێن.فاتمە لوڕە، حەزی لە بابە تاهیر کردووە و تەرکی دنیای کرد و لە تەکیەکەی بابەتاهیردا خزمەتی دەکرد.

"شاه خۆشین" لە هەورامان، گەشەی بەم ئاینە کرد و پاشان سوڵتان سەهاک نوێی کردەوە و سەرۆکایەتیشی بە میراتی بۆ نەوەکانی دانا.

هێندێ کەس وای بۆ دەچن کە ئەهلی هەق بە سەر دوو دەستەدا دابەش دەبن. دەستەیەکیان (گۆران)ە کە بنەڕەتی ئاینەکەن و دەستەکەی تریش "شمشێر ئاورد"ە کە بە زۆری شمشێر هاتوونەتە سەر ئاینی ئەهلی هەق. بەڵام ئەمە جێی باوەڕ نییە و پێ ناچێ ڕاست بێ چونکە زۆری شمشێر لە گەڵ باوەڕی ئەهلی هەقدا یەک ناگرنەوە.

ئەهلی هەق، لە کوردستانی خوارووی، بەم شێوەیەی خوارەوە نیشتەجێن: لە مەندەلی - لە گەڕەکی قەڵای میرحاج. لە کەرکووک، لە ناوچەی داقووق و دێهاتەکانی دەوروبەری داقوق (عەلی سەرا، زەنقەر، توپزاوە، مەتیق، جینگڵاوە، لهیب). لە هەورامان، لە ناوچەی شندروێ کە بریتییە لە گوندی (هاوار، چاڵان، هاوارەکۆ، دەرەنوێ، ژاوەڕۆ تا دەگاتە مۆردین و سازان). لە ناوچەی خانەقین لە گوندی مێخاس، پۆیکە، شێخ ڕەحیم، چەم چەقەڵ. لە گوندی (مەتراو و سفەید و تۆیلەبەن و هۆردەک و کۆڵەبۆر و کەلەک)ی سەر بە مووسڵ. لە ناوچەی هەولێریش، هێندێکیان لە شارۆچکەی گوێڕ دەژین.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە کەرەند، پەردیوەر، زەهاو، کرماشان، و لوڕستان دەژین و لە ئێرانیش لە ناوچەی شیراز، هەمەدان، قەزوین و ئازربایجان نیشتەجێن.

وەکو گوتمان سەرچاوەی ئاینی ئەهلی هەق بۆ ئاینە کۆنە کوردیەکانی بەر لە ئیسلام دەگەڕێتەوە. کاتێ ئاینی مانەوی بڵاو بووەوە، ئەهلی هەق بە پەرۆشەوە ئامێزیان بۆ گرتەوە. کاتێکیش ئاینی ئیسلام بڵاو بووەوە، زۆر بە

توندی دژی وێستایانەوە. بەڵام ئەو رق و قینەیان شاردەوە و وایان پیشان دا کە لەگەڵ (عەلی کوڕی ئەبوو تالیب)دان و ئەو بۆچوونەش کە عەلی یەکەم دوونی خوایە و گوایە بۆ عاسمان بەرز بۆتەوە و تێکەڵاوی خۆر بووە، هەر بۆ ئەوەیان بووە موسوڵمانەکان دەستبەرداریان بن.

## پلەی ئاینی

لە رووی پلەی ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەهلی هەق دەکرێتە چەند بەشێک:

١ - سەید: سەیدەکان، نەوەی (سوڵتان سەهاک)ن و لە بەرەی حەوتەوانەن بۆیە پیرۆزترین و بەرزترین گرووپی (ئەهلی هەق)ن. هەموو کار و سەرمۆنیایەکی وەک (جەم) و (گوێزشکاندن)، سەیدەکان بەڕێوەی دەبەن و سەرپەرشتی دەکەن. بە قسەی یارانی ئەهلی هەق، سەیدەکان لە ژیانی رۆژانەیاندا، دەورێکی وایان نییە و خەریکی کار و کاسبی خۆیانن ئەوە نەبێ کە سەرۆکایەتی جەم دەکەن و گوێیان لێ دەگیرێ. هەموو بریار و پێشنیار و ئامۆژگارییەکی گرینگ، لە هەر روویەکەوە بێ، هەر لە جەمدا (کە سەید سەرپەرشتی دەکا) باسدەکرێت. لە بەر ئەوە، سەید چۆن لە کۆبوونەوەی ئاینیدا رێز و بایەخی تایبەتی هەیە، ئاوهاش لە ژیانی رۆژانەدا هەیەتی.

سەیدەکان، لە رووی تیۆرییەوە حەوت لقن چونکە حەوتەوانە حەوت بوون. ئەو سەیدەی بۆ سەرکردایەتی جەم هەڵدەبژێردرێ پلەیەکی بەرزی هەیە و هەمیشە کەوا و سەڵتە لە بەر دەکا و (عەبا) بە شانیدا دەدا و سەرپێچ لە سەر دەکا و پشتێنی سەوز لە پشت دەکا و ڕیشێکی درێژ دەهێڵێتەوە.

وەک گوتمان، سەید لە ژیانی رۆژانەیدا کار و پیشەی ئاسایی خۆی هەیە و پێی بەڕێوە دەچێ. بەڵام کاتێ بە پێی سەرمۆنیای (گوێزشکاندن) دەبێ بە پیری یەکێک، دیری و پارە لە موریدی خۆی وەردەگرێ.

هەموو مرۆڤێکی ئەهلی هەق، دەبێ باوکێکی ئاینی هەبێ کە پێی دەڵێن (پیر) یا (باوە) و دەبێ هەمیشە لە بنەماڵەی سەیدان بێ. مورید زۆر رێزی پیری خۆی دەگرێ و هەر جارێ کە پێی دەگا، دەستی ماچ دەکا. نابێ مورید لە بنەماڵەی پیری خۆی ژن بهێنێ.

٢ - خەلیفە: ئەمانە لە نەوەی (پیر ئیسماعیلی کەولانی)ن کە یەکێکە لە ٧٢ پیری شاهۆ. ئەمەش نازناوێکی ئاینییە بۆ ئەو کەسەی کە لەو بنەماڵەیە هەڵدەبژێردرێ تا لە جەمدا ببێ بە خەلیفەی سەید. ئەم خەلیفەیەش ئەرکی تایبەتی ئەوەیە کە لەگەڵ سەیددا سەرۆکایەتی جەم بکا و دوعاکان بخوێنێتەوە و لە کاتی سەرمۆنیای گوێزشکاندندا شانبەشانی سەیدەکە دەبێ بە پیر. یەکێکیش لە بنەماڵەی خەلیفە ئامادە دەبێ و دەبێتە ڕەهبەر و (دەلیل)ی موریدەکە. بە واتایەکی تر، هەموو یارییەک جگە لە پیر دەبێ ڕەهبەرێکیشی هەبێ ئەوەش لە بنەماڵەی خەلیفە بێ. مرۆڤی ئەهلی هەق، بە ڕەهبەری خۆی دەڵێ "باوە" یا "پیر". ئەرکی هەرە پیرۆزی ڕەهبەر ئەوەیە موریدی مردووی خۆی بشوا.

٣ - چاوەش: ئەمانەش بنەماڵەیەکی تایبەتین و بە ڕەسەن نەوەی سەحابەیەکی (سوڵتان سەهاک)ن کە ناوی کاک ئەحمەدی کۆنەپۆش بووە. لە جەمدا، یەکێ لەو بنەماڵەیە دەبێتە (خادم) و خزمەتی بەشدارانی جەم دەکا. هەر ئەویش ئەو کەڵەشێر و ئاژەڵانە سەردەبڕێ کە بۆ قوربانی دادەنرێن. لە کاتی ئامادەنەبوونی چاوەش لە جەمدا، یەکێکی سەید جێی دەگرێتەوە. ئەهلی هەق - بە قسەی خۆیان - لە هەرکوێ بن، دەبێ نوێنەری هەرسێ بنەماڵەکە (سەید و خەلیفە و چاوەش) لە ناویاندا هەبن. بۆ نموونە، هاوارەکۆن کە گوندێکی بچووکی شەش ماڵی بوو، هەرسێ بنەماڵەکەی تێدا هەبوون.

٤ - دەروێش: ئەو کەسانەن کە هەمیشە دەگەڕێن و ژیانێکی هەژارانە و زاهیدانە بە سەر دەبەن و خەڵک خێریان پێ دەکەن و لە هەمان کاتیشدا زۆر رێزیان دەگرن و بە غەیبزان لە قەڵەمیان دەدن. دەروێشەکانیش نەخۆش چاک دەکەنەوە و دوعایان بۆ دەکەن. کە یەکێک دەبێتە دەروێش، پارچە پەڕۆیەکی گرگرتوو بە باسکیەوە دەبەستن و ڕەهبەرەکەشی پەنجەگەورەی خۆی دەخاتە سەر پەڕۆکە و باسکی مۆر دەکا. ئیدی ئەو کەسە، لەو

کاتەوە دەبێتە دەروێش. دەروێش مورشیدی خۆی هەیە کە نووسراوێکی وێ دەدا و دەبێ هەمیشە ئەو نووسراوەی لا بێ و نابێ کەس بیخوێنێتەوە. دەڵێن ئەوەی بیخوێنێتەوە کارەساتی خراپی بەسەر دێ. کە دەروێش دەمرێ ئیدی یا نووسراوەکە بۆ مورشیدەکەی دەگێڕنەوە یا دەیدەنە دەروێشێکی تر یا هەر لەگەڵ دەروێشە مردووەکەدا دەینێژن.

دەروێش، لە ڕادە بەدەر ڕێزی مورشیدی خۆی دەگرێ و کە دەچێتە لای، بە پێخاوسی و زەلیلانە بەرانبەری دەوێستێ. ئەوجا پەنجەکەڵەی پێی ڕاستی دەخاتە سەر هی چەپەی و بە پەنجەکانی ناوەڕاستی، هەردوو گوێی خۆی دەگرێ. بەم جۆرە وەستانە دەڵێن (قاپی) یا (گولبانگ). کاتێ دەروێش سوێنێک دەدا، دەڵێ: "دەر چل نیشتان" واتە سوێز دەدا چل شەو و چل ڕۆژ خەڵوەت بکا. هەموو ئەو ماوەیەش دەبێ ئاگری لە لا هەڵکرابێ.

دەروێش، دوای تارلێدان و سروودگوتن، دیمەنی ڕوخساری دەگۆڕێ و گەرم دەبێ و حاڵ دەیگرێ، کاری سەرسوڕهێنەرانەی وەک مارگرتن و خەنجەر لە خۆدان و شیر و زرگ بەخۆداکردن ئەنجام دەدا.

٥ - کەلامخوان: سەر بە هیچ بنەماڵەیەک نین. هەرکەسێ توانای گۆرانیگوتن و لەبەرکردنی دەقە ئاینیەکانی هەبێ - واتە خاوەنی بەهرە بێ - دەتوانێ ببێ بە کەلامخوان.

## ڕێبازی ئاینیی ئەهلی هەق

بە پێی باوەڕی ئەهلی هەق، خوا لە یەکەم جاری دروستبوونی جیهانەوە تا ڕۆژی "پەسلان" حەوت جار لە تەنی مرۆڤدا دەردەکەوێ و یەکەم جار لە تەنی عەلی کوڕی ئەبوو تالیبدا دەرکەوتووە. بەم چەرخە کە بۆ ڕۆژگاری ئیسلام دەگەڕێتەوە دەڵێن چەرخی خاوەندگار. ئەهلی هەق بە چەرخی ئیسلام دەڵێن "شەریعەت" و بە موسوڵمانانیش دەڵێن "ئەهلی شەریعەت" و بە یەکەم قۆناخی ئاینیی دادەنێن و بە ڕای ئەوان "ئەهلی هەق" گەشەی کردووە و بەرز بۆتەوە. ئاینی ئیسلامیش هەر لە شوێنی خۆیدا وێستاوە و لە قۆناخی شەریعەتدا ماوەتەوە. ناونانی موسوڵمان بە ئەهلی شەریعەت ڕەنگە بۆ ئەوە بێ تا نزمیی پلەی ئاینی ئیسلام بەرانبەر بەرزی ئاینەکەی خۆیان کە گەیشتۆتە (حەقیقەت)، پیشان بدەن.

هەروەها بە پێی میتۆلۆژیای ئەهلی هەق، کاتێ پێغەمەری موسوڵمانان (محەمەد) لە میعراجدا بەرەو بارەگای خوا (یەزدان) بەرز بۆتەوە، لەوێ بۆی دەردەکەوێ کە یەزدان (عەلی) ئامۆزای خۆیەتی. لەو چاوپێکەوتنەدا عەلی - واتە یەزدان - قورئان پێکەشی محەمەد دەکا کە شەست هەزار وشەیە، عەلی فەرمانی پێ دەکا کە تەنها سیی هەزار وشەی بۆ عۆمەتی خۆی ئاشکرا بکا و سیی هەزارەکەی دی کە نهێنی حەقیقەتی تێدایە بە کەس نەڵێ. دوای ئەوە عەلی نهێنی حەقەیقەت کە لە سەر چەرم نوسراوە - ئەهلی هەق سیرمەگۆشی پێ دەڵێن - لە گەڵ جامە ماستێکدا لە سەر کاریتەی مزگەوتی کوفەدا دەشارێتەوە و بە یارانی خۆی دەڵێ: کە من ڕۆیشتم و خۆر سێ جاران دابەزییە سەر زەوی و بەرز بووەوە - واتە کڕنوشی برد، یەکێک دێ و سیرمەگۆ دەردێنێ. بزانن ئەوە منم. ئەو یەکە نهێنی و یاسای ئەهلی هەق ئاشکرا دەکا. لە دەقی (تەزکەرەی ئەعلا)دا هاتووە کە عەلی دەڵێ: ئەو کەسە دوای ٦٠٦ ساڵ لە ویلایەتی فەیلی پەیدا دەبێ. دوای چەند سەدەیەک (شاهی عالەم) پەیمانی دا لە (پلوران)، لە ماڵی (میرزا ئامان)ی میری خێڵێکی لوڕ دەردەکەوێ. میرزا ئامانی بوزورگ شەش کوڕ و کچێکی دەبێ کە ناوی (خاتوو جەلالە)یە. کاتێ شاهی عالەم دەردەکەوێ، خاتوو جەلالە لە سەر سەکۆیەکی هەیوانەکەی ماڵی خۆیان دانیشتبوو. لە ناکاو تاڵە دەزوویەک لە تیشکی خۆر جیا دەبێتەوە و بە هێواشی لە سەر زەوی دەنیشێتەوە و بە دەمی خاتوو جەلالەدا دەچێتە زگیەوە. دوای ماوەیەک خاتوو جەلالە زگی پڕ دەبێ و وردە وردە پێوەی دیار دەدا. ئەمەش لە ناو خەڵکیدا دەبێتە قاو و لە ئەنجامدا بەر دەمی باوکی دەکەوێتەوە. بێگومان خەبەری وا بۆ خێزانێکی وەک خێزانی (میرزا ئامان)ی ناسراو و ناودار زۆر کاریگەر دەبێ و بە کوڕەکانی دەڵێ دەبێ خاتوو جەلالە لەناو بەرن.

کاتێ خاتوو جەلالە زانی براکانی کێوەی دەبەن، چ بەرگری نەکرد و رێک دوایان کەوت. پێنج لە براکانی لە رێ، لە کوشتنی ژیوان دەبنەوە یەکێکیان نەبێ کە دەیباتە پەنایەکەوە و شیری لێ دەردێنێ. کە شیرەکەی بۆ داهێنایەوە، بەر بەردێک کەوت و شکا. براکەی پەنای بردە بەر تیروکەوان و تیرەکانیش دەنوشتانەوە و دەشکان. لە پڕ، گوێیان لە دەنگی منداڵی ناو زگی خاتوو جەلالە بوو کە قسەی لە گەڵ خاڵەکانیدا دەکرد. براکان ترسان و خاتوو جەلالەیان هێنایەوە ماڵێ و کارەساتەکەیان بۆ باوکیان گێڕایەوە. ئیدی باوکیان تێگەیشت کە ئەمە موعجیزەیە و وازیان لە خاتوو جەلالە هێنا. پاش ماوەیەک، خاتوو جەلالە منداڵێکی لە دەمیەوە بوو و لە هەمان کاتیشدا شتێکی بریقەدار لە دەمی بەربووەوە و کەوتە ناو جامێکەوە کە لە بەردەمیدا بوو. تیشکەکە هێندە ڕوناک و بەهێز بوو، چاویان لە بەر هەڵنەدەهات. هەر لەو ساتەدا تورکە ڕۆمییەکان هێرشیان هێنایە سەر ئەو ناوچەیە و میرزا ئامان و خەڵکەکەی دەوروپشتی هەڵهاتن و خاتوو جەلالە و منداڵە ساواکە جێ دەمێنن چونکە کەس لە بەر تینی تیشکەکە نەیتوانی لێیان نزیک بێتەوە. دوای ئەوەی خاتوو جەلالە و منداڵەکە بە تەنها دەمێننەوە، خۆر سێ جاران دادەبەزێ و دێتە بەر دەستی منداڵەکە. کاکە ڕەزا کە یەکێ بوو لە فریشتەکانی حەوتەن کە ئەمەی دی یەکسەر زانی کە ئەمە شاه خۆشینە و دوونی یەزدانە بۆیە هاتە لایان و لە گەڵیاندا مایەوە. ئەوسا منداڵەکە هەڵدەستێ و سواری جوانوویەک دەبێ و دەچێ هێرشی تورکەکان تێکدەشکێنێ.

دوای ئەم بەسەرهاتە، شاخۆشین یارانی حەوتەن دەدۆزێتەوە کە هەر یەکەیان لە شوێنێ دەبن. دوای ئەوەی هێندێ موعجیزەیان پیشان دەدا دەیناسنەوە ئەوسا دەچنە لای بابەتاهیری هەمەدانی و بافەقێ و ئەوانی تر لە هەمەدان. دوای ئەمە بەرەو مزگەوتی کوفە ڕێ دەکەون و لەوێ "سیرمەگۆ" و جامە ماستەکە دەدۆزنەوە. شا خۆشین ڕوو دەکاتە خەڵکەکە و دەڵێ: یەکێ دی کە حەوت کەسی لە گەڵدان. ئەو نووسراوەتان بۆ دەخوێنێتەوە و جامە ماستەکەشتان بە سەردا دابەش دەکا، ئەوە منم و منیش ئەوم. دوای ئەوە شاهی عالەم جامە ماستەکەی لە سەر بەردی حۆرین دانا و بە خۆشی چووە ناو دەریا و ون بوو.

چەرخی شا خۆشین بە ناوی (مەعریفەت) ناسراوە. ئەمەش ئەوە دەردەخا کە خەڵک لەو ڕۆژگارەدا یەزدان و ئاینی ئەهلی هەقیان ناسیوە چونکە شا خۆشین خۆی بۆ ئاشکرا کردوون و موعجیزەی پیشان داون و پێی ڕاگەیاندوون کە حەقیقەت لە چەرخی دوای ئەودا دەردەکەوێ و ئەوەش سەرچاوەی زانین و مەعریفەتە.

چەرخی سێیەمیش کە پیرۆزترین و گرینگترینیانە هی سوڵتان سەهاکە. سوڵتان سەهاک دوونی سەرەکی یەزدانە و خۆی حەقیقەت ئاشکرا دەکا و نهێنی و یاساکانی ئاینی ئەهلی حەق ڕادەگەیەنێ بۆیە بەم چەرخە دەڵێن چەرخی حەقیقەت.

لە ژیننامەی سوڵتان سەهاکدا هاتووە کە کاتێک شا خۆشین ون دەبێ، یارانی بە دوایدا دەگەڕێن و لە بنی دەریادا دەیدۆزنەوە و دەبینن لە گەڵ زیندەوەرانی ناو دەریادا دانیشتووە و بۆیان دەدوێ. شا خۆشین ئامۆژگاریان دەکا تا بچن بۆ ماڵی شێخ عیسا و ئەوانیش سۆزیان پێ دا. ئەویش لە سەر وێنەی هەڵۆیەکی سپی لەوێ پەیدا دەبێ. ئەوانیش بەرەو ماڵی شێخ عیسا دەڕۆن و شێخ ناچار دەکەن (خاتوو دایراک) بخوازێ. دوای زەماوەند، خاتوو دایراک سکی پڕ دەبێ ئەوسا هەڵۆیەکی سپی لە ئاسمان پەیدا دەبێ و لە ناو ماڵی شێخ دەنیشێتەوە و هەر ئەو دەمیش دەبێتە منداڵێکی ساوا و سکی خاتوو دایراک نامێنێ. ئا بەو جۆرە سوڵتان سەهاک لە دایک دەبێ. یارانی ئەهلی هەق بە خۆیان دەڵێن ئەهلی هەق یاخود (یاریسان) و زۆریشیان پێ خۆشە بە ئەهلی هەق ناویان بەرن چونکە لەو باوەڕەدان کە ڕێگای یەزدانناسی ئەو ڕێیەیە کە ئەوان گرتوویانە و بە ڕاستی یەزدانناسیش هەر ئەو ڕێگایەیە.

## چەند لایەنێکی فەلسەفەی ئاینی ئەهلی هەق

١- لە دوالیزمی ئەهلی هەقدا یاسای تیشک و تاریکی یاخود ڕوناکی و تاریکی هەیە. پێیان وایە کاتێ تیشکی یەزدانی دەردەکەوێ، بەرگێکی ڕەشی لە بەردایە و لە شێوەی هەورێکی تاریکە. هەر بە پێی ئەم یاسایە، ئەم دوانە

(ڕوناکی و تاریکی)، تا ڕۆژی پەسڵان دوژمنی سەری یەکن. هەر لەم ڕووەشەوە، ئەهلی هەق سروشتی مرۆڤ دەکەنە دوو بەشەوە: مرۆڤی بەرەی ڕوناکی و مرۆڤی بەرەی تاریکی.

٢ - ترادیسیۆنی (مەزدا یەسنی) دەربارەی یارانی (یەزدان) لای ئەهلی هەق زیندووە و باوەڕیان بە (حەوت چاکی ئەمر) هەیە کە پێیان دەڵێن حەوتەن. لەگەڵ دەرەوشانەوە (دەرکەوتن)ی هەر (یەزدان)ێکدا، حەوت یاری لەگەڵ دەبن کە هەر هەمان دوونن بەلام ناوەکانیان وەک چوار فریشتەکە، بە پێی دەرکەوتنی (یەزدان)ەکە دەگۆڕێ. ئەهلی هەق بەم بەرگگۆڕینە دەڵێن دوناودون (تناسخ الارواح). هەرچەندە بەرگەکە دێتە گۆڕین بەلام ڕەوانەکە هەر هەمان ڕەوانە و لە لەشێکەوە دەچێتە لەشێکی ترەوە و فرمانەکانیان و سنووری بەرپرسیاریان وەک خۆیان دەمێننەوە. هەروەها ئەهلی هەق بوونی ئەتۆم یا گەردیلەیەک دەهێننە بەرچاوی خۆیان کە گەردیلەی بوونی یەزدانییە و ئەم گەردیلەیەش لە جەستەی هەموو مرۆڤێکی بەرەی ڕوناکیدا هەیە.

٣ - بە پێی ئاینی ئەهلی هەق، لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا، ململانێ لە نێوان "هۆش" و "نەست"دا ڕوودەدا. هۆش (عەقڵ)، سەرچاوەی هەموو شتێکی چاکە و نەستیش هی ناخۆشی و بەدبەختییە و مرۆ لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا ئازادە و لە هەڵبژاردنیشیاندا هەر ئازادە. ئەمەش سیمایەکی (عەقلانیەت) بە دۆگما (بنچینەی باوەڕی ئاینی) دەبەخشێ - مەبەست لێرەدا عەقلانیەتی ئاین و ئایدیالیستانەیە نەک زانستی و ماتریالیستانە. لە ناوجەرگەی ئەم ململانێیەدا هەندێ جار نەست سەردەکەوێ بۆیە ئاکار دەگۆڕێ و چاکە و ڕاستی ون دەبن و شیرازەی ژیان تێکدەچێ. ئەوسا شاخۆشین ناچار لە تەنی مرۆڤدا دادەبەزێ و یاساکانی ژیان لە سەر زەمین دادەمەزرێنێتەوە. لە ئاینی ئەهلی هەقدا مرۆڤ خۆی لە ڕەفتار و کرداری خۆی بەرپرسیارە و خۆی بڕیار دەدا دوای هۆش بکەوێ یا دوای نەست.

٤ - لە لای ئەهلی هەق، چوار ڕەگەزە بنچینەییەکانی ژیان، واتە (ئاو و ئاگر و هەوا و گڵ) زۆر بە پیرۆز دادەنرێن و پێیان وایە کە (حەوتەن) لە گەردیلەکانی مرۆڤی سەر بە بەرەی ڕوناکی و ئەو چوار ڕەگەزە دروست بووە و تەنانەت ئەگەر جیهانیش لەناوچێ، لە ناو ناچن.

٥ - بوونی یەزدان، خۆی لە شێوەی منداڵێکدا پیشان دەدا کە لە کچێکی داوێنپاکی بێ مێرد بووبێ. بۆ نموونە - وەک لە سەرەوە باسمان کرد - شا خۆشین، درەوشانەوەیەکی بوونی یەزدانییە لە کچە لوڕێکا بە ناوی (خاتوو جەلالە) و (سوڵتان سەهاک)یش لە کچە جافێکە بە ناوی (دایراک خاتون).

٦ - ڕاگرتنی نهێنی و نەدرکاندنی لای خەڵکی غەیرەدین - واتە ئەوەی سەر بە ئاینەکەیان نییە - و شاردنەوەی باوەڕی خۆیان لە کاتی مەترسیدا.

٧ - زاتی یەزدانی لای ئەهلی هەق بە گەلێ شێوە خۆی پیشان دەدا کە بە دەرکەوتنی دەزانن و پێیان وایە یەزدان لە یەکەم درەوشانەوەیدا لە سەر شێوەی هەڵۆیەک دەرکەوتووە و دوایی چۆتە تەنی (شا خۆشین)ەوە و دواتر لە تەنی سوڵتان سەهاکدا دەرکەوتووە. ئەمەش وەکا تیشکی خۆر و ئاو دەهێننە بەرچاوی خۆیان کە چوونە ناو شووشە یا دەفرێکەوە ڕەنگیان وەردەگرن و هەر کاتێکیش دەرچوون ئەو ڕەنگەیان نامێنێ.

٨ - یەزدان بە دروستکەری گەردوون و هەرچی لە گەردووندا هەیە دادەنرێ، بەلام خۆی ڕاستەوخۆ نایانبا بەڕێوە بەڵکو چەند یارمەتیدەرێک کە بە یارانی یەزدان ناو دەبرێن ئەم کارە دەکەن. (پیر بونیامین)یش، کە لە یەکەم درەوشانەوەی یەزداندا هاتۆتە بوونەوە، لێپرسراوی یارانی یەزدانە. مەڵبەندی پیر بنیامین لە عاسمانە و لە دادگای یەزداندا جێیەکی تایبەتی هەیە و یەکەم باوەڕپێکراوێتی و بە پێی پەیماننامەیەک کە لەگەڵ یەزداندا بەستوویەتی، فەرمان بە سەر جیهاندا دەردەکا. ئەم پیرە مەزنە، کلیلی هەردوو جیهانی پێیە و سەرکردەی (حەوتەن)ە کە هەر یەکەیان فەرمانێکی پێ سپاردوون.

٩ - یەزدان لای ئەهلی هەق، هێزێکی خۆپەرستی ملهوڕی زۆردار نییە کە قسە هەر قسەی خۆی بێ بەڵکو هێزێکی بیرکەرەوەی میهرەبانە کە ڕاز و گلەیی دەسکردە گیاندارەکانی خۆی دەگرێتە گوێ و دڵیان ڕادەگرێ و

هێندێ جاریش چاوی بە فەرمانەکانی خۆیدا دەگێڕێتەوە و لە بەر خاتری مرۆڤ دەیانگۆڕێ، بۆ نموونە، فریشتە (نەریمان) یەکێ لە فەرمانەکانی یەزدانی بە دڵ نابێ و بێزاری خۆی بەرانبەری دەردەبڕێ و تەنانەت لە ڕووشیدا وێستاپەوە و بە تووڕەییەوە گوتی: "ئەمە بێدادییە" یەزدان هەقی دایە (فریشتە نەریمان) و بڕیارەکەی خۆی گۆڕی.

١٠- شەیتان بەو شێوەیەی لە میتۆلۆژیای ئیسلام و دیان و جوولەکەدا هەیە لە میتۆلۆژیای ئەهلی هەقدا نییە بەڵکو هێزی تاریکی هەیە و پێی دەڵێن (ئیبلیس) یاخود (عەزازیل). یارانی ئەهلی هەق دەڵێن ئیبلیس بریتییە لە (منی نامێنن - انا الادنی) و پێچەوانەی خۆشەویستییە سەرچاوەکەشی لە یەزدانەوەیە. ئەهلی هەق باوەڕیان وایە کە بەرەی تاریکی (ئیبلیس)یش وەک یەزدان حەوت یاریدەدەری هەن کە لە خراپەکانیدا یارمەتی دەدەن. هێندێکیشیان باوەڕیان وایە کە ئیبلیس کەسێکی خێرخوا و باشە چونکە ئەوەی لایەنگری بەرەی ڕوناکیی نەبێ و خراپەکاری بکا و بە پێچەوانەی هێزی ڕوناکیی بجوڵێتەوە، بۆ سزادان و تەمێ کردن، دەدرێتە دەست ئیبلیس. بەم کاوەی، دەبێتە شەڕ بۆ خراپەکاران.

١١- یارانی ئەهلی هەق باوەڕیان بە گەڕانی گیان (دوناودوون) هەیە و لەو باوەڕەدان کە ڕەوان لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر دەچێ. مینۆرسکی ئەو باوەڕەی بەو مراوییە شوبهاندووە کە لە ناو ئاودا، لە جێیەکەوە لە خۆی نقوم دەکا و لە جێیەکی ترەوە سەر دەردێنێ. دووتا و دوون چەند پلەیەکی هەیە، ئەگەر مرۆ چاک بێ ئەوا ڕەوانی دەچێتە تەنی مرۆڤێکی ترەوە ئەگەر لە ژیاندا خراپەکاریش بووبێ، دەچێتە تەنی ئاژەڵێکی درەندە یا مار و مێروەوە. دەبێ ڕەوانی مرۆ (١٠٠١) هەزار و یەک تەن بگۆڕێ ئەوسا سزا و پاداشتی خۆی وەرگرێ. مرۆڤی چاک لە دوونی تازەیدا دەبێتەوە مرۆڤ و خراپیش دەبێ بە ئاژەڵ و درەندە و مار و مێروو تا لە هەزار و یەکەمین تەندا گیانی ئەو کەسە پاک دەبێتەوە و دەچێتە تەنی چاوکراوە دیدارێک و حەقیقەتی لێ عەیان دەبێ و دەگاتە پلەی فریشتە. بەم جۆرە دوا قۆناغی ژیانی مرۆ بە پێی بۆچوونی ئەهلی هەق ژیانی فریشتەییە و ئەو کاتەش شا خۆشین دەردەکەوێتەوە.

ئەهلی هەق باوەڕیان وایە کە "کەون" بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە و جگە لەم جیهانەی تێیدا دەژین جیهانی تر نییە و بەهەشت و دۆزەخ و حیساب و تەرازووش بەو شێوەیە نییە کە لە میتۆلۆژیای ئیسلام و ئایینی دیان و جوولەکەدا باسیان دەکرێ و ئەوان گەڕانی گیان لە تەنێکەوە بۆ تەنێکی دی دەبینن. هەر وەها یارانی ئەهلی هەق باوەڕیان وایە کە ڕۆژی پەسڵان لە دەشتی شارەزوور دەبێت و ئەو کاتە هەموو سوڵتانەکان لە بەین دەچن و هەموو پیاوچاکان دەچنە بەهەشت. بە لای ئەوانەوە بەهەشتی یارانی ئەهلی هەق لە ئەستێرەی (بەرجیس Du-piter)ە و بەهەشتی پیاوچاکانی غەیری ئەهلی هەق واتە بەرەی ڕوناکی وا لە ئەستێرەی کەیواندایە (Satornus). لە گەڵ ئەمەشدا بەهەشت لای ئەهلی هەق بریتییە لە خۆشەویستی و بە پێی باوەڕیان بەهەشت ناوی خۆشەویستییە. پیاوخراپیش، ئەنجامی نەبوون و لەناوچوونە.

١٢- پایەی ڕێبازی ئەهلی هەق، چوارن: پاکی و ڕاستی و چاکە و بەخشین.

هەر یارێک، دەبێ لەش و دەروون و جل و بەرگ و شوێن و جێگای دانیشتن و خواردنی و گوتە و کردار و ڕەوشت و هەموو شتێکی پاک و خاوێن بێ و خۆی لە چڵک و چەپەڵی و پیسی بپارێزێ تا بە خۆشی و کامەرانی ژیان بگوزەرێنێ. مرۆڤی پاک و خاوێن لە نەخۆشی دوور دەبێ و تەمەنی خۆی بە لەشساغی دەباتە سەر. کەسێکیش هەموو دەمێ لەش و دەروونی خاوێن بێ ڕێی ڕاست دەدۆزێتەوە و بەمەش، ژیانی کامەرانی بەدی دێنێ.

هەر یارێک دەبێ ڕاست و دروست بێ و لە ڕێی چەوت و نالەبارەوە نەڕوا و (یەزدان)یش دەبێتە یار و یاوەری و بەزەیی پێدا دێ.

هەر یارێک دەبێ گیانی یارمەتیدان و مرۆڤایەتی تێدا بێ و لە چاکەکاری و یارمەتیدانی خەڵکدا دریغی نەکات و سوود و قازانجی بۆ هەموو کەسێ ببێ و یارمەتی هەموان بدا.

دەبێ هەموو یارێک بەخشندە و جوامێر بێ و تا ماوە یارمەتی خەڵک بدا و دەستی هەژار و لێقەوماوان

بگرێ. لە بەر ئەمانەیە کە زەردەشت خەڵکی بۆ بیری چاک و گوتەی چاک و کرداری چاک هان داوە. شا خۆشین ئەم چوار پایەیەی لە هۆنراوەیەکدا دەربڕیوە:

یارسان وەرا، یارسان وەرا    ڕای هەق ڕاسیەن برانان وەرا
پاکی و ڕاستی و نیکی وردا    قەدەم وە قەدەم تاوە مەنزڵگا

١٢ - لای ئەهلی هەق، هێندێ کەس تا مردن بە ڕەبەنی دەمێننەوە. پیاوی شێت ڕێی ژنهێنانی هەیە وژنی شێتیش ڕێی مێردکردنی هەیە بەڵام نابێ منداڵیان بێ.

١٣ - ڕەنگی شین لای ئەهلی هەق هێزێکی جادویی هەیە.

١٤ - لای ئەهلی هەق سێ جۆرە کەس بە ئاگری دۆزەخ دەسووتێن: ١ - بوختانکەر. ٢ - زۆربڵێ. ٣ - ڕێگر.

سێ جۆرە کردەوەش باوەڕی مرۆ بەر با دەدەن: ١- درۆ. ٢- توورەبوون. ٣- خۆڕازاندنەوە.

سێ شتیش سەرچاوەی باوەڕن: ١- ئابڕوو. ٢- ئەدەب. ٣- ترس لە ڕۆژی حەشر.

گەورەترین بەدکاری لە لای ئەهلی هەق ئەمانەن: ١- درۆ. ٢- فێڵبازی. ٣- دزی. ٤ سوێندخواردنی درۆ.

## بەرهەمە ئاینیەکانی ئەهلی هەق

١ - دەفتەری ڕمووزی یارسان:

"سەید قاسم ئەفضەلی شاه ئیبراهیمی" لە گەنجینەی سوڵتان سەهاکەوە، لە ناوەڕۆکی چەند دەفتەرێکەوە وەریگرتووە و بەو ناونیشانەی سەرەوە چاپی کردووە. ناوی ئەو دەفتەرانەش ئەمانەن: (دەفتەری گەواهی غولامان، دەفتەری دیوانە گەورەی پەردیوەری، دەفتەری شندرویێ، دەفتەری دەورەی شاه خۆشین، دەفتەری دەورەی زوڵاڵ، دەفتەری عابدینی جاف). مێژووی ئەمانە بۆ ٩٠٠ ساڵێک دەگەڕێتەوە و نووسینەوەی هەندێکیشیان لە چوارسەد ساڵێک پترە.

دەفتەری نەورۆز "لە لایەن دەرویش نەورۆزەوە کە خەڵکی گوندی "سۆزان"ی ناوچەی سنجار و نەوەی (گەمنام)ە، هۆنراوەتەوە. سەردەمی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەیدەر کە بە سەید براکەش ناسراوە و لە گوندی "تووت شامی"ی دێهاتەکانی گۆران، لە ناوچەی "کرند"، ساڵی ١٢٦٠ ی کۆچی هاتۆتە بنیاوە.

"دەفتەری تەیموور"یش لە هەمان سەردەمی "دەفتەری نەورۆز" هۆنراوەتەوە. تەیموور خۆی خەڵکی (بان یاران گۆران) بووە و دوای ئەوەی فەرمانڕەوای کرماشان مەترسی لێ پەیدا دەکات، بە دوایدا دەنێرێ و فەرمانی سەربڕینی دەدا.

٢ - سروودی ئاینیی یاساران:

لە لایەن (ماشەڵلا سووری)یەوە کۆکراوەتەوە و چاپ کراوە. ئەم کتێبە کە ٢١ پەخشان و سرروودە، (سەرەنجام)یشی پێ دەڵێن و یەکێکە لە کتێبە گرینگەکانی ئەهلی هەق. مینۆرسکی لە ساڵی (١٩٠٢)ی زاینیدا، دەسنووسێکی ئەم کتێبەی دۆزیوەتەوە کە لە ساڵی ١٨٤٣دا نووسرابۆوە و بریتییە لە مێژووی تایەفەی ئەهلی هەق. مینۆرسکی ئەم کتێبەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی و بڵاوی کردۆتەوە.

کورد ئەم کتێبە بە (کەلام)یش ناو دەبەن. هێندێ جار ئەم سروودانە لە سەر ئاوازی مۆسیقا، بە تایبەتەی لەگەڵ تەنبووردا دەگوترێ. دەسنووسی ئەم سروودانە یەکجار زۆرن جیاوازیشیان لە نێواندا هەیە. ماشەڵلا سووری، پەخشان و سروودەکانی بە دوو جۆرە نووسین - پیتی لاتینی و پیتی عارەبی - چاپ کردووە.

کتێبی (سرروودی یاساران) بە پەخشان دەست پێ دەکات و بە سرروود کۆتایی دێ و بە شێوەی "گۆران" نووسراوە کە بە زمانی شارستانیەتی دادەنێن و لەو باوەڕەدان لە دانانی سوڵتان سەهاکە و خەڵکی ساکر لە واتاکەی ناگەن. ماشەڵلا سووری لە کۆتایی کتێبەکەیدا دەڵێ: ئەو کاتەی ویستم سوپاسی (سەیید فەڕوخ ئاتەش زەرکە) بکەم بۆ یارمەتییەکانی لە دانانی کتێبەکەم، گوتی: کەس ناتوانێ لەم کەلامانە بگا، ئەمە موعجیزەی

سوڵتان سەهاکە.

وەک گوتمان، کتێبی (سروودی دینی یاساران) لە دوو بەش پێک هاتووە. بەشی یەکەمی ٢١ پەخشانە و سەرەتای پەخشان بە دروستبوونی کەون و خوورەوشت و ڕەسم و عادەتی (یاساران)ەکان دەست پێ دەکا. سرووده شیعریەکانیش بریتین لە دە پارچە سروود.

٣-کتێبی (فرقان الاخبار) یا (شاهنامەی حەقیقەت).

ئەم کتێبە لە دانانی (حاجی نیعمەتوڵلا)ی جەیحوون ئابادی دینەوەرییە(١٨٧١ - ١٩٢٠). نوور عەلی شا کە کوڕی ئەم زاتەیە، بەسەرهاتی باوکی و نووسراوەکانی لە کتێبێکدا کۆ کردوونەتەوە و پێشەکییەکی بە ناوی (کشف الحقائق) بۆ نووسیوە و چاپی کردووە. ئەم کتێبە لە چوار بەرگ پێک هاتووە و شیعر و پەخشانەکانی بە زاراوەی(گۆران) هۆنراونەتەوە.

## سەرمۆنیای ئایینی

پەیڕەوکردنی ئاینی بە پێی یاسا، زنجیرەیەکی تایبەتییە، لە سەردەمی سوڵتان سەهاکدا بە پێی پایە و پلەی ئاینی، سوڵتان بەخۆی یەزدان بووە. دوای ئەوە (چوار فریشتە، حەوتەن، چل تەن، یارانی قەوەڵتاس، نەوەدو نۆ پیرەی هەورامان، حەفتا و دوو پیرەی شاهۆ، حەوت خەلیفە، حەوت خادم، شەش سەد و شەش غولامی کەمەر زێڕین، هەزار و یەک بەندە و خواجە وێنە، بەیوە و هەزار بەندە و پێوەن و بەندە) هاتوون. ئەم یار و غولامانە، بە پێی یاسای ڕێکوپێکی (ئەندامی ناو زنجیرەیەک) هەر یەکە و دەستگیری ئەوی دی دەبێ و بە سەرۆکی زنجیرەکە دەگوترێ (سەرقەتار).

حەوتەوانە (حەوت تەنی ناجییان - بێ گوناه)، ئەمانەن: (سەید محەمەدی گەورەسوار، سەید ئەحمەدی میرسوور، سەید شەهابەدینی شارەزووری، حاجی سەید باوەیسی، بابی حەبیبەی شارەزووری، سەید ئەبولوەفای شارەزووری، سەید باوە). کاتێ سوڵتان حەوتەوانەی پێک هێنا، فەرمانی پێ دان کە دوو دوو دەسگیری یەکتر بن. حەوتەوانەش لە ژێر ساجی ئاگردا فەرمانی سوڵتانیان بەجێ هێنا و سەید محەمەدی گەورەسوار بووە سەرقەتاریان. بەو بۆنەیەوە سوڵتان ئەوە دەردەخا کە خۆی لە گەڵ حەوتەوانەدا وەک موتوربەکردنێ وایە و پەیوەستن و لێک جوێ نابنەوە. ئەمەی خوارەوە، فەرموودەی سوڵتانە و فەلسەفەی ئاینی ئەهلی هەقە کەسێ تا بە ڕێکوپێکی پەیڕەوی لێ نەکا ناچێتە ڕیزی ئەهلی هەقەوە: (زات و نوورم موتوربەکراوی یەکترن. نوورم حەفتەوانە و زاتیشم حەفتەن. زات و نوورم هەردوکیان یەک سەرچاوەیە و ئەو سەرچاوەیەش خۆمم).

١- جەم:

وشەیەکی ئاڤێستاییە و بە واتای کۆبوونەوە هاتووە و لە شارەزوور و هەورامان تا ئێستاش بۆ هەمان واتا بەکار دێ. بۆ وێنە: دەگوترێ (هەموویان جەمن)، واتە هەموویان کۆمەڵن. دەگوترێ: (ئەو، عەقڵی تەواو جەمە)، واتە عەقڵی پرژ و بڵاو نییە بەڵکو کۆیە...) وزۆر نموونەی تریش هەن. هێندێ لە زمانناسەکان لایان وایە وشەی (جەم) لە (جەمع)ی عارەبییەوە هاتووە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە (جەم)ی ئاڤێستا لە (جەمع)ی عارەبی کۆنترە.

هەر ئەرکێکی ئاینیی وەک (سپاردن ونیازکردن...) لای ئەهلی هەق کە پێویستی بە کۆبوونەوە هەبێ، دەبێ بۆی کۆ ببنەوە و بەو کۆبوونەوەیە دەگوترێ (جەم). هەر جەمێکیش لە لایەن هەر لایەنێکی ئەهلی هەقەوە بگیرێ بریتییە لە وێنەی جەمی سوڵتان. بە شێوەیەکی ڕوونتر، جەم جێی هەمو جۆرە کردەوە و خەیاڵ و نیازێکی ئاینییە. لە بەر ئەوە، جەم لە هەر لایەک بێ وێنەیەکی بچکۆلەی (جەم)ی پەردیوەر)ە و جێگەی حیساب و لێپرسینەوە و مافدانە.

کە سوڵتان سەهاک بۆ یەکەم جار جەمی گرت، ئەو کاتە بوو کە لەگەڵ پیر میکائیلی داودانی ئامۆزایدا ئاشت بووەوە. پیر میکائیل (ساری - شاری)ی کچی خۆی بۆ خزمەتکرن دێنێ. لە یەکێ لە دانیشتنەکانیدا، سوڵتان

داردەستەکەی (شا ئیبراهیم) کە جارێ منداڵ دەبێ ، دەداتە پیر ئیسماعیلی گوڵان کە لە باغی (نیهال)دا بینێژێ، ئەویش فەرمانی سوڵتان بەجێ دێنێ و پاش ماوەیەک دارەکە شین دەبێ و هەنارێک دەگرێ و هەنارەکە دەهێننە خزمەتی سوڵتان. ئەویش ئەمری جەم دەدا و تەواوی یاران لەوێ کۆ دەبنەوە. ئەمە یەکەم جەم دەبێ لە پەردیوەردا و دوایی ناویان نا (نیاز). سوڵتان، داوای دوعای نیازی لە هەموو یاران کرد. پیر بنیامین و پیر موسا و داود... هەموو لەوێ دەبن بەڵام هەمویان شەرمدەکەن لە حزووری سوڵتاندا دوعا بخوێننەوە و عوزریان بۆ هێنایەوە. لە دواییدا، سوڵتان ئەمری بە کورە گەورەکەی سەید محەمەدی گەورەسوار کرد کە سەرعەڵقەی حەوتەوانە بوو، دوعا بخوێنێ. ئەویش دەستی کرد بە خوێندنەوەی دوعای نیاز. پاش خوێندنەوەی دوعا، هەنارەکە دەدەنە خادمی داود بۆ دابەشکردنی بەسەر ئامادەبوواندا و ئەویش بەشی دەکا . بە ڕێکەوت، دەنکە هەنارێ دەکەوێتە نێوان ڕیزی ڕایەخەکانەوە. کاتێ شایێ دەیەوێ جەمخانە گەسک بدا دەنکە هەنارەکە دەدۆزێتەوە و دەیخوا و پاش ماوەیەک سکی پڕ دەبێ و خەڵک دەکەونە قسە و قسەڵۆکە کە بە پیاوێک سکی پڕە. دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ شایێ لە دەمەوە کوڕێکی دەبێ و ئەم موجیزەیە دەبێتە هۆی دەمکوتکردنی خەڵکەکە.

سوڵتان ئەمری کرد سێ شەو و سێ ڕۆژ ئەو منداڵە بخەنە تەنووری گەرمەوە و داودیش ئەمرەکە بەجێ دەگەیەنێ. پاش ئەو ماوەیە سوڵتان سەهاک دێتە سەر تەنوورەکە و سەری لادەبا و منداڵەکەش هەڵدەستێتەوە و سڵاو لە سوڵتان دەکا . ئەو منداڵە (باوە یادگار) بوو. دیارە نیازی سوڵتان لە جەمەکەیدا باوە یادگار بوو.

ئەهلی هەق بۆ سەرکردایەتی و بەڕێوەبردنی جەم سەیدێک هەڵدەبژێرن کە هەمیشە هەر دەبێ ئەو بێ تا لە بەر هەر هۆیەک بێ، دەیگۆڕن. سەیدیش لە لای خۆیەوە دوو یاریدەر بۆ خۆی دیاری دەکات کە یەکێکیان لە بنەماڵەی خەلیفەیە و ئەوی تریان لە بنەماڵەی چاوەش بۆ ئەوەی ببێ بە خادم. ئا ئەم سێ کەسە سەرکردایەتی جەم دەکەن و پێیان دەڵێن سەرجەم.

لە جەمخانەدا، سەرجەم لە سەرینگان (سەری مەجلیس) دادەنیشن و کاتێ هەموو خەڵکەکە کۆ دەبنەوە گفتوگۆ و دەمەتەقێی ئاسایی دەکەن تا نەزر دادەنرێ، ئەوسا بێدەنگی هۆڵەکە دادەگرێ. سەید فەرمان بە خادم دەدا و دەڵێ: "ئەڵڵا بکەن". ئەمەش هەموان دەگرێتەوە. خادمەکان بەرانبەر سەرجەم دەوێستن و دادەنەوێنەوە و پەنجەکەڵەی دەستیان دەخەنە سەر پەنجەکەڵەی پێیان. ئەوجا ڕاست دەبنەوە و دەڵێن: "ئەڵڵا" و هەموو دانیشتوان وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن: "ئی وەڵڵا وە دینی یار". دوای ئەوە سەید دوعای نیاز و قوربانی دەخوێنێ: "نیاز حاسڵ، وەحەمد واصڵ، بەسەتەیە بەرە، بە ڕەوانی وەختێر، ئەم دوعا گیرا بێ، ئەم نەزرە موستەجا بێ، دوور لە دەرد و بەڵا بێ". دوای ئەمە سەید فەرمان بە خەلیفە دەدا خواردن بەش کات. ئەم کارەش، خەلیفە و خادم پێکەوە دەیکەن و لە سەیدەوە دەست پێ دەکەن کە بەشی خۆی و یەزدانیش وەردەگرێ و بەشی خوا بە سەر ئەوانی تردا دابەش دەکا. ئەوجا خەلیفە بەشی خۆی دادەنێ و لە دەستە ڕاستەوە، بە سەر ئەوانی تریشدا دەیبەشێنێتەوە تا لە دوادواییدا دەگاتە سەر خادم و ئەویش بەشی خۆی دەبا . دوای بەشی خوا، بەشی چراش جیا دەکرێتەوە کە بۆ ئەو ماڵە دەبێ کە جەمی تێدا گیراوە ئەگەر لە جەمخانەش بێ، بۆ فەڕاش دەبێ ئەوسا دەست بە خواردن دەکرێ و هەر بۆ ناو، یەکێ تۆزێ دەخۆن و ئەوی دی دەبەنەوە ماڵەوە تا منداڵەکانیشیان وەک تەبەڕوک لێی بخۆن. دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەر کەسێ لە بە هەر هۆیەک بێ، نەیتوانیبێ لە "جەم"دا ئامادەبێ، بەشە نەزرەکەی بۆ دەبەنە ماڵەوە. دوای خواردنی نەزر، خەلیفە دوعای جەم دەخوێنێ کە بەم جۆرەیە: "وە ئیشارەتی شاه ، وە شەرتی بنیامین ، وە ڕابەری داود، قەڵەمی زێڕینی پیر موسا ، وە خزمەتی پاکی ڕەزبار، وە برای شمشێری مەردان، وە جەمی حەوتەوانە، ئەوەڵم یار ئاخرم یار وە حوکمی خاوەنی یار".

گەلێ جار دوای جەم خەڵکەکە لە جەمخانەدا دەمێننەوە و زیکر دەکەن و کەلام دەخوێننەوە و دەف لێدەدەن. لە دوای هەر کەلامێکیشدا (دوعای جەم) دەخوێنن و هێندێ جاریش ئەوەندە زیکر گەرم دەبێ و دەروێشەکان حاڵ دەیانگرێ و بە دەم هاوار و قیژەوە کاری نائاسایی ئەنجام دەدەن و واش بووە کە حاڵگرتوو تێدا چووە. مینۆرسکی

دەگێڕنەوە گوایە یەکێکی ئەهلی هەق حاڵ گرتوویەتی و هاواری کردووە: "بابە یادگار بمگرەوە هاتم" و خۆی لە شاخەوە هەڵداوەتە خوارێ.

جەم لە لای ئەهلی هەق زۆر پیرۆزە. سوڵتان سەهاک دەربارەی جەم گوتوویەتی: "ئەوەی لە جەمدا دادەنیشێ هەموو تاوانەکانی ڕەش دەبنەوە، وەک چۆن موسوڵمانەکان لە کەعبەدا تاوانیان ڕەش دەبنەوە".

٢- گوێز شکاندن:

مەراسیمی گوێزشکاندن لای پەیڕەویکەرانی ئەهلی هەق، زۆر پیرۆزە و دەبێ بۆ ئەم مەراسیمە، ئەمانەی خوارەوە ئامادە بن:

(١) کەڵەشێرێک کە تەمەنی لە شەش مانگ کەمتر نەبێ لە گەڵ نیو مەن برنجدا بە نیەتی سوڵتان.

(٢) یەک دانە گوێز بە نیەتی پیر بنیامین.

(٣) دوو جامی گەورەی پڕ لە ئاو بە نیەتی ئاوی "غەسلان و هانەی تا".

(٤) یەک چرا بە نیەتی داود.

(٥) چەقۆیەک بە نیەتی مستەفا.

(٦) هێندێ شیرینی بە نیەتی "شاه ئیبراهیم".

(٧) سکە پارەی مەعدەنی بە نیەتی سەید محەمەدی گەورەسوار.

سەرجەمی ئەندامانی کۆمەڵی ئەهلی هەق، لە منداڵییەوە دەبێ بەم سەرەمۆنیایەدا تێپەڕن دەنا بە ئەهلی هەق حسێب نین. لە سەرەمۆنیای گوێزشکاندندا، سەیدێک و خەلیفەیەک ئامادە دەبن و منداڵەکەش کە تەمەنی شەش حەوت ساڵانە دەبێ بە خۆ و کەسوکارەوە ئامادە بن و ئەو شتانەی سەرەوەیان ئامادە کردبێ. منداڵەکە دامێنی سەید دەگرێ و گوێزەکەی پێشکەش دەکا و سەیدیش گوێزەکە وەردەگرێ و دەیشکێنێ و دەیدا بە هەموو ئامادەبوان. لەو کاتەشدا، خەلیفە دوعایەکی تایبەتی دەخوێنێ. لەمەدا، گوێز نیشانەی سەری منداڵەکەیە کە بە سەیدی دەسپێرێ دامێنگرتنەکەش پاڕانەوە دەگەیەنێ... واتە منداڵەکە داوا دەکا کە سەید ببێتە پیری و سەرسپاردن و دڵسۆزی ئەو قەبووڵ بکا. سەیدیش بە وەرگرتنی گوێزەکە بەمە ڕازی دەبێ و لەو ساتەوە دەبێتە پیری منداڵەکە. خەلیفەش دەبێتە گەواه و بە دوعاخوێندن ئەمە پیرۆز دەکا و لە هەمان کاتیشدا دەبێتە ڕەهبەری منداڵەکە. لەم سەرەمۆنیایەدا، سەید دەوری فریشتە بنیامین دەبینێ و خەلیفەش دەوری داود دەبینێ چونکە سوڵتان سەهاک کە گوێزی شکاندووە دامێنی بنیامینی گرتوە و گوێزی پێشکەش کردووە و لەو کاتەشدا داود دوعای خوێندووە. سوڵتان سەهاک دەربارەی بایەخی گوێزشکاندن گوتوویەتی: "ئەوەی گوێز بشکێنێ و سەر بسپێرێ، بە ئاگری دۆزەخ ناسووتێ".

٣- ڕۆژوو

ڕۆژوو لای ئەهلی هەق سێ ڕۆژە. مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێ لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی زاینیدایە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژە. ئێوارەی ڕۆژی چوارەم جەژن دەکەن. بەڵام د. ڕەشاد میران لە کتێبەکەیدا (ڕەوشی ئاینیی و نەتەوەیی لە کوردستاندا) دەڵێ لە ڕۆژانی ١٣ و ١٤ و ١٥ی کانوونی دووەمی زاینیدایە. پێ دەچێت بۆچوونەکەی د. ڕەشاد میران ڕاست بێ.

چەند چیرۆکێ دەربارەی سێ ڕۆژەی ڕۆژووی ئەهلی هەق گوتراون:

١) گوایە کاتێ جبرائیل خەبەری ڕۆژووگرتن بە خاوەن شەریعەت (محەمەد) ڕادەگەیەنێ بە کوردی پێی دەڵێ کە سێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرن و ئەویش سێ بە سی تێدەگا چونکە کوردی نەزانیوە. ئیدی لەو کاتەوە، سی ڕۆژ بوو بە ماڵ بە سەر عارەب و موسوڵمانەوە بەڵام ئەهلی هەق سێ ڕۆژە هەقانییەکە دەگرن.

٢) گوایە چەند کەسێ لە خێڵی "قەیلتاس" گومانیان لە خوایەتی (هورمز)ی چوارەمین دوونی یەزدان کردووە و

بڕیاریان داوە بچن بۆ لای. لە ڕێ، لە ئەشکەوتێکدا لا ئەدەن و دەڵێن ئەگەر ئەو یەزدان بێ ئەوا دەزانێ ئێمە لێرەین و دێتە لامان. (هورمز)یش لە ڕقی ئەمە، سێ شەو و سێ ڕۆژ زریانی بە سەردا هەڵکردن و مردن. دوای ئەوە چووە لایان و زیندووی کردنەوە و ئەوانیش تۆبەی خۆیان ڕاگەیاند و بوون بە یارانی (هورمز) و ئەمیش بڕیاری داوە کە سێ ڕۆژان بە یادی ئەوان ڕۆژوو بگیرێ.

٣) کاتێ سوڵتان سەهاک بیروڕای لە گەڵ براکانی و خزمەکانیدا ناگونجێ، سەری خۆی هەڵدەگرێ و لە گەڵ دەروێشە هاوەڵەکانیدا بەرەو هەورامانی لهۆن دەڕوا. بەڵام براکانی دەسبەرداری نابن و بە لەشکرێکەوە دوای دەکەون. سوڵتان و یارانی خۆیان دەگەیەننە ئەشکەوتی ئەوێ و خۆیان دەشارنەوە. برا و خزمەکانی، بە لەشکرەوە دەوری ئەشکەوتەکە دەگرن و تین بۆ سوڵتان و هاوەڵانی دێنن و ئەم حەسارە سێ شەو و سێ ڕۆژ دەخایەنێ و سوڵتان و یارانی لەو ماوەیەدا هیچیان نەخوارد و بە ڕۆژوو بوون تا لە چوارەم ڕۆژدا یەزدان زریانێکی تووشی هەڵکرد و لەشکری براکانی فەوتاند. بە هۆی ئەوەوە سوڵتان ئەو سێ ڕۆژەی ناو نا (ڕۆژووی مەڕی ئەوێ) و یارانی ئەهلی هەق هەموو ساڵێ بەو یادەوە ڕۆژوو دەگرن و بۆ ڕۆژی چوارەم بە موناسەبەتی ڕزگاربوونی سوڵتان و یارانیەوە، دەیکەنە جەژن.

بە هەر حاڵ، ئەهلی هەق نیەت بۆ ڕۆژووگرتن دێنن و دەڵێن: "نیەتم وایە سێ ڕۆژە بگرم وە عەشقی یارانی قەورەتاس، ئەوەڵم یار ئاخرم یار". ئەهلی هەق، ڕۆژی ١٢/ ١ بۆ داود بەڕۆژوو دەبن و پێی دەڵێن شەوی داود و لە بەرەبەیانەوە تا خۆرئاوا هیچ ناخۆن و پێش فتارکردنەوەش جەم دەبەستن و هەر کەسە و نیاز و نەزری خۆی پێ دەبێ و لە گەڵ خەڵکەکەدا لە جەمخانە ڕۆژوو دەشکێنێ. ڕۆژی ١٤/ ١یش کە ڕۆژی دووەمە شەوی بنیامینە و بە هەمان جۆر دەیگرن. ١٥/ ١یش شەوی (شاه)ی پێ دەڵێن. بۆ ئەم شەوەش، واتە شەوی کۆتایی ڕۆژووگرتن، خۆیان باش ئامادە دەکەن و ئێوارەکەی دەیکەنە جەژن.

٤ ـ جەژن:

هەر یەکە لەوانەی توانای ڕۆژووگرتنی هەبێ، پێش هاتنی کاتی ڕۆژوو، هەر یەکە و کەڵەشێرێ لەماڵی خۆیدا ڕادەگرێ و دەیبەستێتەوە. ئەمەش بە پێی ژمارەی خێزان دەبێ. هەروەها یەکە و یەک مەن برنج و هێندێ شیرینی بۆ شەوی جەژن دادەنێ.

چاوەش کە سەرۆکی پلە سێی ڕۆحییە، کەڵەشێرەکان لە پەناوە سەر دەبڕێ و ئەوسا کەیبانوی خێزانەکان بە جۆرێ دەیانکوڵێنن کە گۆشت و ئێسکیان لێل جودا دەبنەوە. بۆ ئێوارەی سێیەم، بە گەورە و بچووک و ژن و پیاوەوە، لەو جێیە کۆوە دەبن کە بۆ جەژن ئامادە کراوە. ئەو جێیەش یا لە ماڵی چاوەش یا خەلیفە یا سەید یا لە جەمخانە دەبێ بە مەرجێ جێی هەموانی لێ ببێ. لەو تاریکییەدا، کەیبانوەکان کەڵەشێرە کوڵاوەکان دێنن و سەرۆکی ڕۆحی و خەلیفە و چاوەش گۆشتەکە لە ئێسقانەکان جوێ دەکەنەوە و گۆشتی ڕووتی تێکەڵاو، بە پێی سەرژمێری ئامادەبووان، بە یەکسانی بەش دەکەن و دوای ئەوە دەست بە (کەلام) خوێندنەوە دەکرێ و سروودێ دەڵێن کە زوربەی ئامادەبوان بیزانن. ئەم سروودەش بە ئاوازێ دەڵێن کە بە (سیاچەمانە) دەچێ. دوای ئەوە (کەلام)ی نیاز دێننە (جەم)خانەوە و سەید بە وێنەی پرسیار و وەڵام دوعای نیاز دەخوێنێتەوە. جەمنشینان بەشە گۆشت و خواردنەکە بە دەستەوە دەگرن و باچی دەکەن و بە سەر دەستیانەوە ڕای دەگرن تا سەید دوعایەکی تری بە سەردا بخوێنێ. ئەوجا جەمنشینان (ئامین) دەڵێن و سەید فەرمانی خواردن دەدا. نابێ کەسی غەیرەدین بەم کۆبوونەوەیە بزانێ. لە بەر ئەوە پاسەوان بە دەور و بەری ئەو جێیەوە دادەنێن.

٥ ـ نوێژ:

لای ئەهلی هەق، نوێژکردن نییە. ئەوان (نیاز)ین نەک (نەماز)ی. ئەوان، بە شێوەیەکی گشتی ئەهلی پاڕانەوەن نەک نوێژکردن. دەبێ بۆ دوعا و وێردیش قوربانی بدەن. لە بەر ئەوە، یارانی ئەم ئاینە نوێژکردن و ئەو بابەتە

پەرستگاریانە بە گرینگ نازانن و بۆ نزیکبوونەوە لە یەزدان بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن دڵی یارانی یەزدان راگرن و وەک کورد دەڵێ ئەگەر بە یەزدان سوێند بخۆن لەوانەیە درۆ بکەن بەڵام ئەگەر بە پیاوچاکێ سوێند بخۆن ئەوا راست دەکەن، لەمەوە دەردەکەوێ کە یەزدان رۆڵێکی نا راستەوخۆ و لاوەکی هەیە. ئەگەر چی لە لایەن گەورەیی و داهێنانی جیهان و گەردوونەوە، یەزدان رۆڵێکی تاک و تەنهایی و سەرکردانەی پێ رەوا بیندراوە بەڵام بەرپرسیاری و بەرێوەبردنی بوونەوەرەکان یارانی یەزدان، بە فەرمانی خودی یەزدان، خستوویانەتە ئەستۆی خۆیان.

٦ - دەستپێوەگرتن:

دوای ئەوەی سوڵتان سەهاک شاه ئیبراهیم و باوە یادگاری هێنایە ناو جەوتەن و جەوتەوانەوە، زنجیرە پێک هات و ئەوسا فەرمانی پێ کردن کە لە دیوانی سوڵتاندا، دوو دوو لە ژێر ساجی ئاگردا دەسگیری یەک بن چونکە ئەوە مەرجە بۆ ئەوەی دەست پێوە گیرا و ئاگای لە دەسگیر بێ و شایەدی بۆ بدا. بەم بۆنەیەوە، لە دیواندا کەڵەزەرد کرایە قوربانی و دوعا خوێندرایەوە و سوجدەی شەرت بۆ جەوتەوانە برا. بەو بۆنەیەوە، دەسگیرکردن لە ناو ئەهلی هەقدا شەرتێکی پێویستە و یەک ئاگای لەوی دی دەبێ و بە دەنگی یەکترەوە دەچن.

٧ - قوربانی:

لە لایەن یارانەوە، بە عەشقی (داود) و (بنیامین)ەوە، بۆ لابردنی تەنگانە و بۆ چەپاردان لە تەنگوچەڵەمە و هەرەس و باری گرانی ناهەموار و دەرد و بەلا، بۆ وەشاندنی تۆوی باش و بە پیت و بەرداری دوا رۆژ قوربانی دەدرێ. دەبێ گیسکی قوربانی یا هەر ئاژەڵ یا پەلەوەرێک، تەمەنی لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و ساغ و سەلیم بێ و بە دڵێکی پاکەوە ئامادە کرابێ، بە دەست و پێ و روخسار و دڵ و تەن پاکییەوە لە حزووری یەزداندا ئامادەی جەم دەبن. کاتێ ئەو ئاژەڵە دێنن کە بۆ قوربانی ئامادە کراوە، بە پێی بریاری ئاینی ناوچەوانی ماچ دەکەن و شیرینیی لە زاری دەنێن و شوکرانەی خوێی بۆ دەکەن. دوایی، پەلی راستی دەگرن و بۆ دەرەوەی رادەکێشن و بەرەو رووی گۆری سوڵتان سەهاک رایدەگرن. دوای ئەوە، پاڵی دەخەن و سەری دەنێنە ناو چاڵێکەوە کە پێشوەخت بۆی ئامادە کراوە. چاوەش، تیغێکی تیژ دەخاتە سەر ملی و دەڵێ: (ئەوەڵم یار ئاخرم یار) و سەری دەبرێ و دوعای بنیامین دەخوێندرێ و جەمنشینان بە ئامین ئامین وەڵام دەدەنەوە. خوێنی قوربانییەکە دەرژێتە ناو چاڵەکەوە و خێرا سەری دەگیرێت تا هەم پیس نەبێ هەم سروشت پیس نەکا. چاوەش، پێستەکە دەگوورێ و بە وەستایانە گۆشتەکە لە ئێسقانەکە جیا دەکاتەوە تا ئێسقانەکە نەشکێ کە دوایی لە ژێر خاکدا دەنێژرێ بە تایبەتی ئەگەر ئاژەڵەکە رەشەولاغ بێ، گوایە دوایی زیندوو دەبێتەوە. کە چاوەش لەو هونەرکارییە بووەوە، گۆشتەکە بەش بەش دەکرێ و هەر بەشە و بە سەرپۆشێک دادەپۆشرێ و دەدرێ بە یەکێ. پێستەکەش لە جەمدا دەفرۆشرێ و پارەکەی دەدرێتە نان. ئەوجا، پاش سفرە و خوان، دەست دەشۆرێ. لە قوربانیی وەهادا، دوعای هەمەجۆرەی وەک دوعای تیغ و دوعای نەقدینە و دوعای دابەشکردن و دوعای فرۆشتنی پێستە و دوعای سفرە و دوعای دەس شۆشتن دەخوێندرێن. کۆلیرە بە رۆنیش لە جەمدا بە قوربانی حیسابە. بە هەرحاڵ، هەموو مرۆڤێکی ئەهلی هەق لە سەریەتی بە لایەنی کەمەوە،ساڵی بزنێک بکاتە قوربانی.

٨ - قیبلەی ئەهلی هەق:

گۆری سوڵتان سەهاک قیبلەیانە، کە لە پەردیوەرەوە ئێستا شێخانی پێ دەڵێن و کەوتۆتە نزیک دێی (دەودان)ی لای خانەقین لە سەر رۆخانەی سیروان.

٩ - تەڵقینی مردوو:

لە ناو ئەهلی هەقدا باوە کە یەکێ نەخۆش کەوت، سێ جاران ئاژەڵێکی بە دەورەدا دەگێرن. دوای ئەوە، ئاژەڵەکە دەخەنە ناو ئاو و دەریدەهێننەوە. ئەگەر ئاژەڵەکە سەری خۆی راوەشاند، ئەوا نەخۆشەکە چاک دەبێتەوە ئەگەرنا دەمرێ. لە هەردوو حاڵەتیشدا ئاژەڵەکە دەکەنە قوربانی و سەری دەبرن. کاتێ مردووەکە دەمرێ و پێش

ئەوەی تەڵقینی بخوێندرێ، بە پێی دەستووری ئەهلی هەق دەشۆرێ، ئەوەش بە دوو پلە جێ بە جێ دەکرێ. یەکەم جار بە ئاو جوان دەیشۆن و دوای ئەوە دوعای بنیامین دەخوێنن و ئەوسا دەفرێ ئاو دەهێنن کە سێ لەتر بگرێ، لە گەڵ خوێندنی سروودی شوشتندا، سێ جامە ئاو بە سەریدا و سیان بە شانی ڕاستیدا و سیان بە شانی چەپیدا دەکەن. دوای ئەوە، سروودی تەڵقین دەخوێندرێ کە بەم جۆرە دەبێ:

تەڵقینخوێن ڕوو دەکاتە قاپێی شاهی عالەم و دەڵێ:

"ئەی شاهی عالەم، فلانە کەس مردووە و تکامان لە بەر قاپێتان ئەمەیە: ئەگەر گوناهبار بووبێ لە سەر دینی یارسان بووە و پەنای بۆ بەر دەرگای سوڵتان بردووە و بە پێی مەرجی بنیامین سەری سپاردووە و خەڵاڵی حەقیقەتی خواردووە و خیانەتی لە دینی یاری نەکردووە، یا شاهی شاهان تکامان ئەوەیە لە گوناه و کەموکوڕیمان ببووری و فلانە کەس بە باری گوناهەوە بەرەو دنیای فانی ڕۆیشت. یا هەق، ئەو عەزابەی کە کێشاویەتی ون نەبێ و هەرچی لێ بپرسێ وەڵامی هەر ئەوە بێ بڵێ: (ئەوەڵ یار و ئاخر یار) پیر بنیامین و شاهی خاوەندگار دەلیلی داوەد و کرداری چرای بەر و دوایەتی. موحاسیبی پیر موسێ یە و قیبلەی حەقانی پەردیوەرە و تکاکەری خاتوو ڕەزبارە و دەسگیری شاه ئیبراهیمە و یاری یادگارە و لێپرسینەوەش بە دوتا و دوتە".

پرسەی ئەهلی هەق حەوت ڕۆژە. شەش ڕۆژی یەکەم لە جەمخانە دەبێ و نیاز دەبەخشنەوە. بۆ ڕۆژی حەوتەم قوربانی بۆ دەکەن. ژنان پرسە دەبەنە سەر گۆڕی مردووەکە گوایە لە ڕۆژی حەوتەمدا ڕەوانی مردووەکە دەچێتە تەنێکی ترەوە. لە ماوەی ئەو حەوت ڕۆژەدا ئاگر لە ماڵی مردووەکە ناکوژێتەوە و سێ ڕۆژیش لەو شوێنەی مردووەکەی لێ شۆراوە. هەروەها لەو حەوت ڕۆژەدا، ماڵی مردووەکە گسک نادرێ.

### هەڵوێستیان بەرانبەر ئایینەکانی تر:

ئەهلی هەق، بە هەمان شێوەی ئایینە کۆنە کوردیەکانی تر، وەک چۆن دەیانەوێ ڕێز لە ئایینەکەیان بگیرێ، ئاوها ڕێزیان بۆ هەموو ئایینێکی تر هەیە. بەڵام لە بەر گەلێ هۆی مێژوویی و کۆمەلایەتی و سیاسی، لە گەڵ مسوڵمانانەدا دانوویان ناکوڵێ و ناحەزییان لە نێواندا دروست بووە. مسوڵمانان ئەوان بە کافر و بێدین لە قەڵەم دەدەن و (ئەهلی هەق)یش ئەوان بە (غار) یا (ئەهلی غار) ناو دەبەن. ئەم ناحەزییەی نێوان ئەهلی هەق و مسوڵمانان، بە ڕای من، بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە مسوڵمانەکان کوردستانیان داگیرکردووە و کەوتوونەتە ڕاونانی یارانی ئەهلی هەق و قەدەغەکردنی ئاینە کوردییەکان و سەپاندنی ئاینێکی نامۆ بە سەر کورددا. بۆ نموونە ئەگەر یەکێکی ئەهلی هەق تەزبیحێکی لە نزیک مزگەوتێک لێ بکەوێ، لێی پیس دەبێ و هەڵیناگرێتەوە. جارێکیان، موسەڵمانێکی سوننەیان لە گۆڕستانی گوندی هاواردا ناشتبوو. ئەمەش ببو بە هۆی نارەحەتی خەڵکی هاوار و هەر یەکە و بیانوویەکی هێناوەتەوە یا خەونێکی گێڕاوەتەوە کە بە مسوڵمانیی مردووە تا لە ئەنجامدا لاشەی مردووەکەیان بۆ قەبرسانێکی موسوڵمانان گواستۆتەوە. پەیوەندی ئەهلی هەق وەک لە گەڵ موسوڵمانانەدا باش نییە بەڵام بە پێچەوانەوە، لە گەڵ ئاینەکانی تری وەک مەسیحی و جوولەکە و ئێزدی و عەلەوی و درووز... و ئی دیدا، پەیوەندیەکی توند و تۆڵ هەیە و بە تایبەتی لە گەڵ مەسیحیاندا پەیوەندییان زۆر بەهێزە.

## ڕەوشت و مۆرکی تر

زەماوەند:

زەماوەند لە ناو کۆمەڵی ئەهلی هەقدا دەبێ بە ڕەزامەندی کوڕەکە و کیژەکە بێ. شەریعەتی ئەهلی هەق ڕێگا نادا دەست بخرێتە نێوان ئەو دوو کەسەی یەکتریان خۆش دەوێ. بە قسەی خۆیان تاکو ئێستا نەبیستراوە ئەگەرە خرابێتە بەردەم کوڕ و کیژێک و ناچار کرابن واز لە یەکتر بێنن.

سەرمۆنیای زەماوەند زۆر ئاساییە. پاش خواستنی کچەکە، کەسوکاری هەردوو لا جەم دەبەستن و نیاز پێشکەش دەکەن و بەم جۆرە، مارەبڕین پیرۆز دەکەن. گواستنەوەی بووک بۆ ماڵی زاوا، هەر بە شێوەی عادەتی کوردەوارییە. زیافەت و هەڵپەڕکێ و شایی بۆ دەکەن.

بووک و زاوا بایەخێکی زۆر بە مەسەلەی مارەبڕین دەدەن. سەید، بە شایەدی چەند کەسێک پەیمانی مارەبڕین دەنووسێ و لە پەیمانەکەدا هەموو موڵکی بووک تۆمار دەکا کە بریتییە لەو شتانەی لە گەڵ خۆیدا بۆ ماڵی زاوا دەیانبا.

لە کاتی بردنی بووکدا. ئافرەتێک شەکر بە سەر ئەو چارۆگەدا دەکا کە دوو ژن - زۆر جار ئەگەر بووک خوشکی هەبێ خوشکی بووک دەبەن - بە سەر سەری بووکەوە گرتوویانە و گەزیەکانیشی شۆڕ بوونەتەوە ناو چامە ئاوێک و مۆمێکیش لە سەر سەری دەسووتێ.

ئەهلی هەق ژن هەر لە ناو خۆیاندا دێننو پیاوی ئەهلی هەق یەک ژن دێنێ و لە ناویاندا دوو ژن باو نییە وەک لە ناو موسولمانانیدا باوە. هێندێ حاڵەتی لێ دەرچێ، ئەگەر ژنەکە نەخۆش بێ یا منداڵی نەبێ. جیابوونەوەش لە ناو ئەهلی هەقدا دیاردەیەکی دەگمەنە بەڵام ئەگەر رووی دا، دەبێ بە ڕەزامەندی هەردوو لا بێ. پیاوی ئەهلی هەق ئەگەر ژنەکەی داوای جیابوونەوە بکا، هەر چی مافێکی لای بێ دەیداتێ و ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوا ژنەکە بەشی پیاوەکە جیا دەکاتەوە. هیچ یەکێ لەوان بۆی نییە زەماوەند بکا ئەگەر بەشی ئەوی تری لا مابێ.

جگەرەکێشان لە ناو ئەهلی هەقدا قەدەغەیە و بە شتێکی ناشرین لە قەڵەم دەدرێ بەڵام ئێستا لە ناو نەوەی نوێیاندا ئەوە پشتگوێ خراوە. گۆشتی بەرازیان پێ حەرامە. ئەمەش پشتگوێ خراوە و دەیخۆن. مەیخواردنەوە قەدەغە نییە ئەگەرچی بە کارێکی ناچەز دەژمێردرێ. پیاوی ئاینی و خەڵکی زۆر بەدین نەبێ، ئەوانی دی لێی ناسڵەمێنەوە.

## ڕەمزی ناسینەوەی یەکتر

لە بەر ئەوەی لە کۆنەوە ئەهلی هەق بە نهێنی و دوورەپەرێز بووە، پێویستیان بەوە بووە کە لە ناو ناحەز و دوژمن و غەوارەدا یەکتر بناسنەوە. لە بەر ئەوە، ئەهلی هەق، هێما و ئاکار و گوتە و تەنانەت دیمەنیشیان بۆ ئەم مەبەستە داهێناوە. نیشانەی هەرە دیاری مرۆڤی ئەهلی هەق، سمێڵەکەیەتی: هەموو کاتێ سمێڵی گەورە دەهێڵنەوە و نەک هەر نایتاشن، بەڵکو قەڵەمیشی ناکەن. هەرچەندە لێرەدا سمێڵ نیشانەی جیاکەرەوەیە بەڵام لای ئەهلی هەق، سمێڵ هێشتنەوە بە رەوشتێکی ئاینی دادەنرێ. بۆ ئەمەش، دەقی پیرۆزیان هەیە وەک یەزدان دەفەرموێ: "ئەوەی لە ئێمە بێ نابێ سمێڵی بتاشێ و نابێ ڕۆژوو لە خواردن و خواردنەوە بگرێ و نابێ قەلوون بکێشێ". هەروەها چیرۆکێشیان بۆ ئەمە ڕێک خستووە گوایە گوێزان نەیتوانیوە مووی ئیمامی عەلی ببڕێ و بە گوێرەی ریوایەتێکی تر: کاتێ ئیمامی عەلی تەرمی پێغەمەری ششتووە، دڵۆپێ ئاو لە ناوکی پێچەمەر کۆبۆتەوە. ئەویش ئاوەکەی هەڵمژیوە و سمێڵی تەڕ بووە. جا ئیمامی عەلی لە بەر پیرۆزی ئاوەکە، هەرگیز سمێڵی خۆی نەتاشیوە. ئەگەر موویەکیش لە سمێڵی ئەهلی هەق کەوت، هەڵیدەگرێتەوە و دەیخاتە باخەڵی. ئەگەر کاکەییەک گومانی لە یەکێک کرد کە لە خۆیانە یا نا، دەست دەخاتە دەستییەوە و بە جۆری پەنجەکانی دەگوشێ، ئەگەر کاکەیی بێ تێدەگا. هێندێ جار گفتی نهێنی دەڵێن و ئەوەی نەشیزانێ دەڵێ: "جەوز نەشکاندمە" ئەگەر نا، ئەو کەسە کاکەیی نییە.

## جیاوازی نێوان ئەهلی هەق و زەردەشتی

ئەهلی هەق، وەک هەموو ئاینە کوردیە کۆنەکان، ڕێز لە هەموو ئاینێ دەگرێ بە تایبەتی ئاینە کۆنە کوردیەکانی تر. بەلایانەوە، ئاینی زەردەشتی زۆر پیرۆزە. دەفتەرەکانی ئەهلی هەق باسی پیرۆزی ئاینی زەردەشتی لە پلەیەکی زۆر بەرزدا دەکەن. بۆ وێنە بابە یادگار لەم هەڵبەستەدا دەڵێ:

زوڵاڵ کۆی زەمان، زوڵاڵ کۆی زەمان          یادگارە نان، زوڵاڵ کۆی زەمان
جاگا غولامان جەم بین جە لامان          نامش گوشتاسب بێ شام بێ گومان
ئەز ئەو ناووس بیم ڕۆشن کەردەم مان          کاکەم زەردەشت بێ پوورەی ئەسپینان

واتە: ئەی یادگاری پاک و خاوێن، لە دەوری پاشایەتی گوشتاسب شای کەیانیدا، زەردەشت نەوەی

ئەسپیتمان سەری هەڵدا و دەستە دەستە خەڵک لە دەوریدا کۆ بوونەوە و ئەو بە هۆی تیشکی ئاگرگاکانەوە هەموو جیهان و شوێنێکی ڕوون کردەوە و هەموو خەڵکی جیهانی بۆ یەکتاپەرستی بانگ کرد. من لەو دەمەدا ئاگر بووم و کاکەیشم زەردەشت بوو.

هێندێ بەڵگەی لێکچوونی ئاینی ئەهلی هەق و زەردەشتی

١ - دەفتەرەکانی ئەهلی هەق زۆر بە فەخرەوە باسی موعیزەکانی زەردەشت دەکەن و هۆنراوەشیان بەو بۆنەیەوە هەیە. لە یەکێک لەو دەفتەرانەدا هاتووە کە کاتێ زەردەشت لە گەڵ هاوەڵانیدا دەیانەوێ بچن بۆ وڵاتی گوشتاسب، لە ڕێ تووشی ڕووباری سەفید روود دەبن کە زۆر تووش و قووڵ دەبێ و هیچ ڕێیەکی تری پەڕینەوەشیان نابێ. زەردەشت، خۆی دەچێتە ناو ڕووبارەکە و هەردوو قاچی دەکاتە پرد و یەکە یەکە هاوەڵەکانی دەپەڕنەوە و دوایش خۆی دەپەڕێتەوە. ئەو ڕۆژەی ئەمان لەو ڕووبارە پەڕینەوە و ڕزگاریان بوو، بوو بە جەژنی زەردەشتی و هەموو ساڵێ یادی دەکەنەوە.

٢ - لە ڕواڵەتی ڕاستیدا کە بە تەواوی هێز و توانی یەزدانی لە تەندا جەم دەبێ، لای ئەهلی هەق، زەردەشت بە پاکترین و باڵاترین وێنە دانراوە و بۆ ئەمەش هۆنراوەیان هەیە،

قاسیدی توکانی کە یەکێکە لە هۆنەرانی سەدەی (١٨) ی زایینی ئەهلی هەق، لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێ:

چە نوور خواجام، چە نوور خواجام    زەردەشت پەیدا بێ چە نوور خواجام
فەڕ و ڕەوان و جەسەش وێنەی جام    مەدرەوشا نە تۆی داران ئاجام
چەنی ئاو باران دانەش سەرەنجام    هەفتەن ئاوەردەن ئەورۆ وە ئەنجام

واتە: زەردەشت لە تیشکی پەروەردگارم پەیدا بووە. گیان و لەشی وەکو هەتاو لە ناو دارەکانی بێشەدا دەدرەوشایەوە. سەرەنجام، بە هۆی ئاوی باران و بە یارمەتی هەفتەن و ویستی خاوەندگارەوە دانەی ئەو هاتە دی و لە پیت و پێزی ئەو دانە زەردەشت لە دایک بوو.

٣ - هەواڵزانین و پشکنین و وردبوونەوە و پەیڕەویکردنی هەڵسوکەوتەکانی (زەردەشت)ی بە چاوگەی گرانبەهای گومان لێنەکراوی ئەهلی هەق دەژمێردرێ. کۆبوونەوەی تەواوی سیفەتی جوانی یەزدان، بە پێی باوەڕی ئەهلی هەق لە تەنی زەردەشتدا بووە بە وێنە.

٤ - ئاتەشگەدە لای ئەهلی هەق بە جۆرێ بە پیرۆز دادەنرێ کە یەزدان بۆ حەسانەوە دێتە ئاتەشگەدە و زەردەشت بۆ جێ بە جێ کردنی فەرمانەکانی خۆی بەملاو ئەولادا دەنێرێ.

٥ - دروشمی ئاینیی ئەهلی هەق لە زۆر لایەنەوە لە دروشمی ئاینی زەردەشتی دەچێ. کاتێ زەردەشت لە ئاتەشگەدەدا خەریکی ڕامان دەبێ، دروشمی خۆی لە سێ ڕواڵەتدا دیاری کردووە کە ئەمانەن: (ڕاستگۆیی، بەرچاوفراوانی، دینداری) وزیان بە (ئاو و ئاگر و گیاندار درەخت و ڕێگەویان) نەگەیاندن. دروشمی ئەهلی هەقیش چ جیاوازییەکی نییە هێندە نەبێ کە بە هێندێ وشەی جیاواز داڕێژراون یاخود پاش و پێش کراون. دروشمی ئەهلی هەق: (وتەی باش، فرمانی باش، بیر و هۆشی چاک)ە و هی زەردەشتیش (بیری چاک، گوتەی چاک، کرداری چاک)ە.

قاسیدی توکانی دەڵێ:

یاران وەزاری، یاران وەزاری    شەوێ دیم وە خەو زەردەشت وەزاری
پاوام وەحوضور شا وە سواری    پەی ئەزگان دین تەمام طەیاری
واتش بواچا تۆ وە غەمباری    وە ڕمزای ڕەمزبار یار یادگاری
کردار و پندار ما گوفتار یاری    مەبۆ خاس مەبۆ وردا باری

واتە: ئەی یاران، شەوێکیان زەردەشتم لە خەودا دی. فرمێسکم بە چاواندا هاتە خوارێ چونکە لێمان زوێر و ناڕازی بوو. چوومە لای شاه و ئەویش فەرمووی: بیر و کردەوە و قسەی هەموو یارییەک دەبێ چاک بێ و ئەو ڕێ و

ڕەوشتەی کە بۆ ژیانی ڕەمزبار و یادگار داماننان، لە بیری مەبەنەوە و لە سەر ئەو ڕێ و ڕەوشتە بڕۆن تا ڕزگار دەبن.

٦- شێوەی خواپەرستی ئەهلی هەق و زەردەشتی، زۆر لێکەوە نزیکن، زەردەشتیەکان لە ئاتەشگەدەدا کۆوەدەبنەوە و یەکێ لە ڕابەرە ئاینییەکان سرووودی (گاتاکان) دەخوێنێتەوە و ئەوانی دی بە گوتنەوەی برگەی یەکەمی سروودەکە بۆی دەستێننەوە. ئەهلی هەقیش لە جەمخانەدا کۆوەدەبن و کەلامخوانێک سروود دەخوێنێتەوە و ئەوانی دیش بە وشەی ئامین یاخود بە گوتنەوەی برگەی یەکەمی سروودەکە بەشداری دەکەن.

٧- ئاگر لای هەردوو ئاینەکە پیرۆزە. بۆ وێنە، ئەهلی هەق دەڵێن کاتێ زەردەشت منداڵ بووە، جەردە دزیویانە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ خستوویانەتە ناو ئاگرەوە. کاتێ دۆزیویانەتەوە، دەبینن لە ناو خۆڵەمێشی ئاگرەکەدا نووستووە بێ ئەوەی ئ ئازاری پێ گەیشتبێ چونکە ڕەوانی هەق بووە و ئاگرەکە بە گوێرەی ئەو سارد بووە. هەر بە هەمان شێوە کاتێ سوڵتان سەهاک حەوتەوانەی پێک هێنا، لە ژێر ساجی ئاگردا جەمیان گرت و فەرمانی سەرسپاردن و دەست پێوەگرتنی بە سەردا دان.

٨- ئەهلی هەق، جەژنی نەورۆز زۆر بە پیرۆز دەزانن و ئێوارەی نەورۆز لە سەربانی هەموو ماڵێکدا ئاگر دەکرێتەوە تا دەوروبەری ماڵەکانیان ڕوناک بێتەوە، لە ناو خێزانیشدا شیرینی دەبەشنەوە. وەک نەریتی بەجێماوی باوباپیران و پەیڕەویکەرانی ئاینی زەردەشتی کە وەچە بە وەچە هاتۆتە خوارێ، لە ماڵی مردوودا بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ و لەو جێیەی مردووەکەی لێ شوراوە ٣ ڕۆژان ئاگر دەسووتێ.

٩- وەک چۆن زەردەشتیەکان سێ ڕۆژ ڕۆژوو دەگرن بە هەمان شێوە ئەهلی هەقیش سێ بە ڕۆژو دەبن.

شوێنە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق

ئەو جێگە و شوێنانەی بە لای ئەهلی هەقەوە پیرۆزن، بە زۆری لە سروود و پەخشانەکانیاندا ناویان هاتوون، لە بەر ئەوەی ئاینی ئەهلی هەق ئاینێکی کوردییە و لە ناوچەرگەی کوردستاندا پەیدا بووە، ئەو شوێنە پیرۆزانەش هەر لە ناو چوارچێوەی خاکی کوردستاندان.

١- پەردیوەر: شارێکی زۆر کۆنە و دراوستکردنی لە سەردەمی سوڵتان سەهاکدا دروستکراوە و، قیبلەی ئەهلی هەقە و لە ناوچەی خانەقی لە سەر ئاوی سیروانە.

٢- شندروێ: شاخی شندروێ کە کەوتۆتە لای ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجەوە و نزیکەی دە کیلۆمەتر لێوەی دوورە، گوندی هاواریش کەوتۆتە بناری ئەو شاخە. شندروێ و هاوار لە جێیە پیرۆزەکانی ئەهلی هەقن و کاتی خۆی سوڵتان سەهاک کردوویەتیە هاوینەهەواری خۆی و لەوێ چابرگەی دانەوە. ئەزرگەی داودیش هەر لەوێیە.

٣- تەپە سوور (تەپێ سەفا): نزیک خورماڵە و خەزنەی نهێنی ئەهلی هەق لەوێ شاردراوەتەوە. ئەشکەوتی (ئەوێ)ش هەر لەوێیە.

٤- هۆرین: کاتێ شا خۆشین دنیا بە جێ دێڵێ (چەرمی سیرمە گۆ" لە ژێر ئاشی (هۆرین) دەشارێتەوە. هەر کەسێ ئەو قەباڵەیەی دۆزیەوە ئەوە شا خۆشینە و جارێکی تر هاتۆتەوە دنیا.

٥- تەشار: ئەو شوێنەیە کە کانی "کەسلان و هانەی تا"ی لێیە کە یەکەمیان بابەیادگار هەڵیکەندووە و دوەمیشیان شا ئیبراهیم. ئەم دوو کانییە لای ئەهلی هەق زۆر پیرۆزن و لایان ئاوی کەوسەرە.

٦- سەرگەت: دێیەکە لە نێوان (کەچینە) و (دەرەی مەڕ) لە ناوچەی خورماڵ و کەوتۆتە بناری شاخی زەڵمەوە، کاتی خۆی شاری زەڵم بووە و پایتەختی زستانەی خان ئەحمە خانی بابە ئەردەڵانی بووە. بە لای ئەهلی هەقەوە شوێنێکی پیرۆزە و مەرقەدی (بابە ناووس)ی لێیە.

٧- دەرەشیش: چەم و دۆڵێکە کەوتۆتە نێوان (عەنەب) و (خەرپانێ)ی سەرەڕێی هەڵەبجە و هەورامان. ئەزرگەی میر ئەسکەندەری لێیە.

هەروەها لە بناری شارەزووردا، بە دەیان شەخس و ئەزرگە هەن و زوربەشیان بە ناوی ڕابەرە لێهاتوەکانی

ئەهلی هەقەوەن. ئەزرگەی (شێخ ڕەش) و (ئەحمەد بڕندە) و (فەقێ جنە) و (میری سوور) و گەلێکی تر، لەوانەن.

دەمەوێ بە دوو گوتە بەنرخی مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی و مامۆستا جەمال نەبەز کۆتایی بەم باسە بێنم.

«ئەهلی هەق" بە گشتی و "کاکەیی" بە تایبەتی کەرسەیەکی خاو و بێگەردی کوردەوارین، هەرگیز شیری بەر مەمکانی دایکیان کە پێی بەخێو کراو و پەروەردە کراون لە بیریان نەچۆتەوە و بە پیرۆزترین شتی دەزانن، بۆیە هیچ شتێ نەیتوانیوە وایان لێ بکا کە ببنە هۆی ژەنگهەڵهێنانی چوارچێوەی نەتەوایەتی کورد، کە نەتەوایەتی سەر لە بەری هەموو شتێکی ترە، چونکە دین نەریتێکی بەجێ ماوە، بە هۆی هەڵسوکەوتی دایک و باوکەوە تا دەگاتە وەچەش بەو جۆرە دێتە خوارەوە. بە تەواوەتی بە پێچەوانەی نەتەوایەتییەوە کە شیری خاوە و ئەو شیرە خاوەش هەوێنی خوێن و ژین و ژیانی مرۆڤەو بێگومان ئەم هەوێنەش زادەی بەروبووم و ئاو و هەوای ئەو نیشتمانەیە کە پشت بەپشت و وەچە بەوەچە تیایا پەروەردەکراوین و بۆمان هاتۆتە خوارەوە.

هەروەها شایانی باسیشە کە داگیرکەرانی کوردستان بە قسە و بانگەشە خۆیان بە موسوڵمان دەدەنە قەڵەم و بە کردەوە پێچەوانەی ئەوەن، زۆر چاک دەزانن کە تواندنەوەی کاکەییەک و شەبەکێک و سارەیی یەکێو عەلەوییەک کە ئاینەکەی بە زمان و کلتووری نەتەوەکەیەوە بەستراوە و لێی جیا نابێتەوە گەلێک زەحمەتترە لە تواندنەوەی موسوڵمانێک کە دینەکەی خواستراو و سەپاوە - هەر لە بەر ئەوەیە ئاوا دەمی ئەشتەریان کردۆتە سەریان... بۆیە لە سەر هەموو کوردێک و ئازادیخوازێک پێویستە تا پێی دەکرێ لە سەریان بە دەنگ بێ و لە تەنگانەدا فریایان کەوێ.

______

*لەوانە: ڕاولنسن، ج. ماکدۆناڵدکینیر، کاپیل، کۆنت جوزێف ئارسەردکۆبینۆ، بارۆن دی بۆدیە، ڤ. ژۆکۆشکین، ئێ.ئا بیلیایێڤ، ڤ. نیکتین، ڕۆلینسۆن، ڤاسیلینی، ئەدمۆنز، مینۆرسکی... تاد

بێجگە لە ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان، زۆر نووسەری تری بێگانەی وەک عارەب و فارس، نووسینیان دەربارەی ئەم ئاینە هەیە. بەلام بە داخەوە چ لە رووی نەزانییەوە چ لە هەستی شوڤێنیستانەوە، بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە باسی ئەم ئاینە و یارانی ئەم ئاینەیان کردوە. هەروەها هێندێ نووسەری کوردیش، وەک محەمەد ئەمین زەکی و محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی و محەمەد ئەمین هەورامی و د. جەمال نەبەز و د. مارف خەزنەدار و د. ڕەشاد میران و سدیق بۆرەکەیی...تاد، زانیاریان دەربارەی "ئەهلی هەق" بلاو کردۆتەوە.

سەرچاوەکان:

______


١- کاکەیی، محەمەد ئەمین هەورامانی، بەغدا ١٩٨٤

٢- مێژووی وێژەی کوردی، سەدیق بۆرەکەیی، بانە ١٣٧٠

٣- لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، مارف خەزنەدار، بەغدا ١٩٨٤

٤- کورد و کوردستان، محەمەد ئەمین زەکی، بەغدا ١٩٣١

٥- ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، ڕەشاد میران، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣

٦- کورد، مینۆرسکی، حەمەسەعید کەریم کردوویە بە کوردی، زانکۆی سەلاحەدین ١٩٨٤

٧- سەرنجدانێک لە میتۆلۆژیای کورد، جەمال نەبەز، ستۆکهۆڵم ١٩٨٦

٨- زمانی یەکگرتووی کوردی، جەمال نەبەز، پامپێرگ ١٩٧٦

٩- کۆمەڵناسی کوردەواری، د. حوسێن خەلیقی، بەغدا ١٩٩٢

# سینەمای ئینگمار باریمان

قاسم عەزیز

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی سینەمای جیهانی بدەینەوە ، لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە تاکو ئێستا بەسەدان کەڵە ڕێژیسۆر و فیلمسازمان دێتەپێشچاو ، کە سینەمال وەک فەلسەفە و ڕێباز و هونەر و تەکنیک ، لەتەمەنی سەد و دوو ساڵیدا هەردەم شانازیان پێوەدەکات. هەر یەکێک لەم ڕێژیسۆرانە جیهانێکی تایبەتی و جۆرە شێوازێکی تارادەیەک سەربەخۆیان هەیە لە شێوەی کارکردن وگێرانەوەی فیلمەکانیان ، لە دەربڕین و بەکارهێنانی کامیرا و بۆچوونەکانیان.

بۆنموونە ، ئەگەر هیتشکۆک بە شێوە پۆلیسی و ترسناکەکەی لە چارەنووسی مرۆڤ دەدوا، ئەوا فیللینی ژیانی ڕۆژانەی وەک شانۆیەک و مرۆڤیشی وەک ئەکتەر و جارجارەش وەک لیبۆک نیشاندەدا. شاپلن بە کۆمێدیا باسی ئازارەکانی مرۆڤی دەکرد ، تارکۆفسکیش لایەنە ڕۆحییەکەی مرۆڤی دەخستە ڕوو. کۆستاکاڤراس باسی سیاسەت دەکات ، بۆنوێلیش سوریالیزم. پازۆلینی مەسیحییەت و هۆمۆسێکسوالی مەرام بوو، مارتین سکۆرسێزی و فۆرد کۆپۆلاش باسی مافیا و ڤێتنام و زۆرانبازی مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئەمەریکی دەکەنە هەوێنی فیلمەکانیان.

بەڵام شتێکی کاریگەری تر هەیە ، نهێنییەک هەیە کە ئەو ڕێژیسۆرانەی لە بازنەیەک کۆکردۆتەوە ولەهەمان کاتدا ئەو ناوداریە جیهانییەیان وەدەستهێناوە ، ئەویش، بەڕای من ، گەڕان وپشکنینە لەدوای ڕاز و نهێنییەکانی (بوون) The mystery of existence پرسیارکردن و لەهەمانکاتیشدا لە وەڵام گەڕانە لەمەسەلە بنەڕەتییەکان ، لەوانە ( مانای ژیان ، ترس لە مردن ، ئایین ، گومانکردن لە مرۆڤ ، لە بوون ونەبوونی خودا، پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ ، مرۆڤ و کۆمەڵ ، مرۆڤ و سروشت ، سێکس وغەریزە شاردراوەکانی مرۆڤ).

بێگومان هەر ئەو گەڕان و پشکنین و پرسیارکردنانەشن ، کە بنگەوردەگەزی ڕەسەنایەتی هەموو کارێکی داهێنانە لە بواری ئەدەب و هونەردا.

سەرەڕای ئەوەش ، سینەمای ئینگمار باریمان دیسانەوە تایبەتمەندییەکی تری هەیە ، ئەویش بە ژیانی تایبەتی و میزاج وسەلیقەی خودی باریمان خۆیەوە بەندە، هەروەها بە شێوەی ژیان و ئاووهەواو و پەیوەندییەکۆمەلایەتییەکانی مرۆڤی سکەندەناڤی و سویدیەوە پەیوەستە. ئۆگست سترینباری ئاسا ، کارەکانی بە زەقی دەناسرێنەوە.

## جیهانی سینەمای ئینگمار باریمان

ڕەخنەگرەکان ، سینەمای باریمان ، بە شێوەیەکی گشتی بە سینەمایەکی قورس و زەحمەت لە قەڵەم دەدەن. هەندێکیان بە زیرەک و ژێنیالی دادەنێن ، هەشیانە بەتایبەتی ڕەخنەگرە سویدییەکان بە شێتێکی سەرلێشێواویان دادەنا.

(جیهانی ناوەوەی مرۆڤ ، گرێ و کێشەی دەروونی ، گومانکردن لە پەیوەندیەکانی مرۆڤ ، سێکس ، ئاژاوە و ڕق وکینە ، گوناح وسزا ، لێبوردن و سوپاسنامە ، دڵپیسی و تۆڵەسەندن ، پەیوەندی باوکو منداڵ ، ژن و پیاو ،قەشە و کڵێسا و ئایین ، خودا و شەیتان ،بەهەشت و دۆزەخ). بەشێکن لە سیماو شێوازی جیهانی

سینەمای ئینگمار باریمان. ئەو گرێ و کێشانە لە زۆربەی فیلمەکانیدا بە زەقی وئاشکرا دیارن.

لە فیلمی (بەندیخانە) Fängelse-1949 ، باریمان، سوریالیستانە لە مەسەلەی ئەخلاق دەدوێ. لەو فیلمە ژیان وەک دۆزەخێک لە سەر زەوی باسدەکات. بۆنموونە بەڕاستەوخۆیی ئەم پرسیارە دەکات ( ئایا جیهان دۆزەخە؟ ئەگەر وابێ ،ئایا دەبێ خودا بوونی هەبێ؟). سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکە باریمان دەڵێ ( دۆزەخ دەستکردی مرۆڤە ، هەر ئەویش ، لەسەر زەوی دەژی. وا شەڕێکی تێکدەر و ڕوخێنەر لە ئارادا هەیە، (گوناحێکە) کە ئاژەڵ نایزانێ. هەر مرۆڤە بەهەردو غەریزەی تێکدانی خۆی و دەوروبەری وەک خوویەک لە ناخییەوە هەڵگرتوە. هیچ پێویست بە بوونی شەیتان ناکا، ئێمە خۆمان هەریەکەمان شەیتانێکین. شەیتان لە ئەقڵی مرۆڤدا هەیە نەک لەدەرەوەی.) لەفیلمەکانیدا بەبەردەوامیی ئەو جۆرە پرسیارانە دووبارە دەبنەوە.

لە فیلمی (پەیمانی حەوتەم Det Sjunde Inseglet-1957). پاڵەوانی فیلمەکە لەگەڵ (مردن) دادەنیشێ و یاری شەترەنجی لەگەڵ دەکات بەو هیوایەی بیبەزێنێ (نەک بۆ ئەوەی کە بتوانێ زیاتر بژی تاژنەکەی بدۆزێتەوە) بەڵکو بەهیوای ئەوەی کە چاوەکانی وێنەی خودا ببینێ. پاڵەوانەکە بە مردن دەڵێ: " دەمەوێ بزانم ، نەک باوەڕ بێنم ، تەنیا بزانم ، دەمەوێ خودا دەستەکانی خۆی بۆم درێژکات ، ڕووی خۆیم پێنیشاندات ، قسەم لەگەڵ بکات." لەوە دەترسێ نەک بوونی خودا خەیاڵی بێت. باریمان سەبارەت بەو دیالۆگە دەڵێ ( ئێمە کاتێک کە ترس داماندەگرێ ، لەترسان وێنەیەک لە مێشکی خۆمان دروستدەکەین ... ناوی ئەو وێنەیەش دەنێین خودا.)

لە فیلمە سێ بەشییەکەی ( Trilogi ) کە لەساڵی 1963 بەبەرهەمیهێناون، فیلمی (وەک چۆن لە ئاوێنەیەکدا S"som i en spegel ) و (میوانەکانی شەو لە کڵێسا Nattvardsgästerna )،هەروەها فیلمی (بێدەنگی Tystnaden ). ئینگمار باریمان ، وەک مرۆڤێکی تووڕەی مۆدێرنی ئەوروپایی ، کێشەکانی خۆی بەرامبەر خۆشەویستی نێوان مرۆڤ ومرۆڤ هەروەها مرۆڤ و خودا دەدرکێنێ. زۆرانبازیکردن لە سەر بوونونەبوونی خودا لەکۆمەڵگایەک دەردەبڕێ کە بۆشاییەکی زەق لە ئاکامی لە (لەوێ نەبوونی خودا)ی



ئینگمار باریمان

پێوەدیارە ، لە کۆمەڵگایەک کە نرخی مرۆڤ و شتەکان مانای خۆیان لە دەستداوە. هیچ ڕێژەیەک بۆ مۆراڵ و نەریت دانانرێت ، خودا بێدەنگە و قەشەکانیش لە پرسیارەکانی مرۆڤی مۆدێرنی بزر ودوو دڵ بێ وەلامن.

باریمان سەبارەت بەو تریلۆگییە دەڵێ (من لەو فیلمانە باسی ئەو بۆشاییە دەکەم کە لەئاکامی نادیاری خودا لە ناخی مرۆڤدا دروستدەبێ ، بەو بۆشاییە مرۆڤ ئارام و ئاسوودەنابێ ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، تووشی گومان و نارەحەتیەکی بێحەژمان دەبێ ئەوکاتە بەرامبەر بەو بۆشاییەش ، مرۆڤ داهێنانی خۆی دروستدەکات. گیروگرفتە بنەرەتیەکە لێرە خۆی شاردۆتەوە ، کە چۆن نرخێک و مانایەکی ڕۆحی و مرۆڤایەتی بدرێتە مەدەنیەت و ژیانی خۆشی مادی. ئەمەیان بەهەرحاڵ کێشەی زاتی خۆمە.)

دژایەتی کردنی پیاوی کڵێسە و قەشەکان ، نەبوون و نەمانی باوەڕ بە خودا و بەکاریکاتێرکردنی قەشەو ئاین ، بۆتە فەلسەفەی بێباوەڕی لەلای باریمان. بۆ نموونە لە فیلمی (هێلکە مار) Ormens ägg-77 ، کچە گۆرانیبێژێک لە دڵتەنگیدا دەچێتە کڵێسا بۆ دەربڕینی گوناحەکانی لای قەشە. کیژەکە دەڵێ:

-من نازانم بۆ هاتومەتە لای تۆ و بێزارت دەکەم ، خۆ من ئەگرنگی بەخودا دەدەم ونە باوریشم پێی هەیە ،

باوەریش ناکەم ئەویش(خودا)گرنگی بەمن بدات. پێشتریش هەرگیز سەردانی کڵێسام نەکردوە ، چونکە باوکم بێباوەڕبوو ، باوەڕیشی بەبێباوەڕیەکەی خۆی هەبوو، جامنیش وەک ئەوم. ئەوەی گرنگە ئێستا، من زۆر دڵتەنگم دەمەوێ تۆزێ بگریێم...نەخۆشیێشم نازانم چیمە.ئیتر بەرگەی ئەم ئازارە ناگرم. ئایا هیچ جۆرە لێبوردنێک بۆمن لێرە هەیە ؟.

قەشەکە دەڵێ:

- لێبوردن بۆ ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان هەیە.

-ئەی چی بۆ ئەو کەسانە هەیە کە باوەڕیان نیە؟

-دەتوانم، گەر بتەوێ ، لەجیاتیت نوێژ بکەم.

-باشە ئەم نوێژە هیچ سوودێکی بۆمن هەیە؟ یارمەتیم دەدات ؟

-نازانم!

قەشەکە دەچەمێتەوە سەر چۆکی و پاش بێدەنگیەکی کورت و بەچرپەنوێژکردنەکەی ، وەک چۆن خوتبەبدات ، دەنگی بەرزدەکاتەوە هاواردەکات:

- ئێمە زۆر دوور لە خودا دەژین ، ئەوەندە دوور کە ئەو گوێی لەئێمە نیە ئەگەر هاواری لێنەکەین و داوای یارمەتی لێنەکەین. جا لەبەر ئەو دووریەی خودا ئێمە خۆمان دەبێ یارمەتی یەکتربدەین. بۆیە پێتدەڵێم گوناحەکانت بەخشران ، تۆ لەئێستاوە مرۆڤێکی پاکی و لەهەموو گوناحێکیش بێبەریی. داوات لێدەکەم لە تەمبەڵی و بێئاگاییم ببووری ، ئایا دەمبووری؟

بەڵێ.

قەشەکە ڕاستدەبێتەوە و دەڵێ :

- تەنیا ئەوەندەم پێدەکرێ.

لەراستیدا( خودا) لە فیلمەکانی باریمان نادیارە ، ئەگەریش دیاربێ ، ئەوابۆنموونە لە شێوەی کارەکەرێکی پیر ، کە لە ئوتێلێک کاردەکات نیشانیدەدات یاخود لەشێوەی مرۆڤێکی بەسۆزی کڕو بێدەنگ کە بە نۆستالگیا دەژی، یانیش زۆربڵێیەکە گەر قسەبکات ئەوا کەس لەقسەکانی تێناگات. بۆ نموونە فیلمی وەک ( ئابروو skammen ، هێلکە مار Ormens ägg ، ڕوو Ansiktet ، ئێوارەی پاڵەوانەکان Gycklarnas afton ، بێدەنگی Tystnaden هەروەها فیلمی وەک ڕووناکی شەو Nattens ljus ، شوێنی توووفەرەنگی کێوی Smultronsstället وازی هاوینە Sommarlek


چرپە و هاوار Visknigar och rop، و پەیمانی حەوتەم Det sjunde inseglet). لەو جۆرە کارەکتەرانە دەدۆزرێنەوە.

**بەشێک لە فیلمەکانی ئینگمار باریمان**

ژیانی هونەری باریمان لە سینەمادا لە ساڵی 1944 دەستیپێکرد. بە نووسینی سیناریۆی فیلمی Hets کە فیلمێک بوو لە دەرهێنانی ڕێژیسۆری سوێدی ئالف شێباری Alf Sjöberg . لەوفیلمە، باریمان ، بە ڕقەوە باس لە چەوساندنەوە و دەسەڵاتی مامۆستاوبەڕێوەبەر لە قوتابخانەدا دەکات. لەباری ناوەڕۆکەوە فیلمەکە نزیکە لە فیلمی (فریشتە شینەکە Blue Angel )ی ڕێژیسۆری ئەڵمانی جۆزێف ڤۆن شتێرنبێرگ Josef von Sternberg ، لە شێوازدا بە فیلمە بێدەنگە کۆنەکانی قوتابخانەی ئێکسپریسیۆنزمی ئەڵمانی دەچێت. ( Hets ، فیلمی من نیە هی ئالف شێباریە، من تەنیا نووسەر و یاریدەدەری دەرهێنەر بووم. من کە بووم بە ڕێژیسۆر ڕێچکەیەکی تر دەگرم. کە سەر بە - فیلمە رەش - ەکانی ساڵانی سیی فەرەنساFilmnoir بێت ، چونکە نیشاندانی لایەنە نارەحەتیەکانی بێزاری مرۆڤ و ڕووناکیەکی تاریک مەبەستمە.)

ڕێگای بوون بە ڕێژیسۆر لەبەردەم باریمان ئاسان نەبوو. لە فیلمی (Kris-46 ) کە ڕەخنەگرەکان بە ناحەزانە باسیانکرد ئیتر خەلکیش ئەوەندە نەچوونە دیتنی. پاشان باریمان چەند سیناریۆیەکی تری نووسی بۆ ڕێژیسۆری سوێدی گوستاف مۆلاندەر، لەوانە فیلمی (ئافرەتی بێ ڕوو Kvinnan utan ansikte کە بوو بە سەرکەوتنێکی تری باریمان. لە فیلمی (بەندیخانە) Fängelse ، باریمان ڕەخنەگرەکانی کرد بە دوو بەشەوە ، بەشێک لەگەڵی بوون و بەشەکەی تریش ڕقەبەری و دوژمنایەتیان دەکرد.

ئەو کارانەی کە باریمانیان وەک ڕێژیسۆری سینەمابە بینەر ناساند ، ئەو فیلمانەن کە لە ساڵانی پەنجاکان بەبەرهەمی هێنابوون ، لەوانە فیلمی (وازی هاوینە) Sommarlek لەگەڵ فیلمی (شتی ئاوا لێرە ڕوونادات) «S nt händer inte här . سەبارەت بە فیلمی دووەم باریمان دەڵێ خەراپترین فیلمی ژیانی سینەمامە.



دیمەنێک لە فیلمی پەیمانی حەوتەم

لە ساڵانی1953-51 سینەمای سوێد، تووشی قەیرانی بێفیلمی بوو. لەو دوو ساڵە هەموو ستۆدیۆکان داخران و بەرهەمهێنەرەکان دژی (پارەی سکات دان) مانیان گرت و هیچ فیلمێک نەکرا. تەنیا فیلمی ڕێکلام (دیعایەکردن بۆ کەلوپەل فرۆشتن)نەبێت. باریمانیش پێویستی بە پارە بوو ،بۆیە فیلمێکی بۆ سابون درووست کرد. لەو فیلمەکورتانە تووشی (بیبی ئەندرسۆن)دەبێ کە پاشان لە زۆربەی فیلمەکانیدا دەبێتە ئەکتەری ئەو.

لەساڵی 1953 باریمان فیلمی (هاوینێک لەگەڵ مۆنیکا) ی Sommaren med Monika خستە بازاری جیهانی ، کە لە فیلمە بوێرەکانی ئەو سەردەمە بوو لە رووی ئێرۆتیکەوە. لەو فیلمە ئەکتەری بەناوبانگی سینەمای باریمان وسوێد (هارییەت ئەندرسۆن) Harriet Anderson بوو بە سیمبۆلی فیلمی ئێرۆتیکی لە ئەوروپا.

پاش وەرگرتنی خەڵاتی ( کان ) بەرامبەر بە فیلمی کۆمێدی (بزەی شەوێکی هاوین) Sommarnattens leende ، لە ساڵی 1956 ئیتر باریمان دەبێتە ناوێکی جیهانی لە سینەما، ئەو ڕەخنەگرانەی کە دژایەتیشیان دەکرد ، قسەکانیان لەوەوپاش نرخیان نەبوو. بە فیلمی( پەیمانی حەوتەم Den sjunde inseglet )، کەلەساڵی 1957 هاتەبەرهەم ، باریمان لە هەموو جیهان ناوبانگی دەرکرد.

هەتا ساڵی 1964 ، باریمان ، تەنیا فیلمی ڕەش و سپی دروستدەکرد، لەلای ئەو فیلمی ڕەش وسپی فیلمی هونەری بوو.

لەو ساڵە فیلمێکی ڕەنگی کرد بە ناوی (بۆ ئەوەی باس لەو هەموو ژنانە نەکرێ) För att inte tala om alla de ssakvinnor ، بەلام دیاربوو (ڕەنگ)، هیچ جوانکارییەکی لەسەر کارەکانی زیادنەکرد، گەڕایەوە سەر فیلمە ڕەش و سپییەکانی خۆی.

یەکێک لە فیلمە هەرە بەناوبانگ و چاکەکانی باریمان فیلمی (پێرسۆنە) یە Persona ، کە لەساڵی 1966 هاتەبەرهەم، لەو فیلمە سایکۆلۆژییەدا، باریمان باسی دوو ئافرەت دەکات. ئەکتەرێکی نەخۆش (لیڤ ئولمان Liv Ullman ) و سیستەرێک (بیبی ئەندرسۆن Bibi Anderson) کە کەسایەتییان لەناو یەکتریدا دەتوێتەوە و دەبنە یەکانیەکی پڕلەئازار. ژنە ئەکتەرەکە (ئێلیزابێت ) لە ناکامی یەکێک لە کارەکانی لە شانۆ، تووشی نە خۆشییەکی سەیر دەبێ کە تاقەتی قسەکردنی نامێنێ. بێدەنگ هیچ ناڵێت. دۆکتۆرە سایکۆلۆژەکەی هانی دەدا کە ماوەیەک لەگەڵ سیستەرێک (ئاڵما) بچێتە خانووە هاوینەکەی ئەو کە لە دورگەیەکی دوور و چۆڵە ، بەتەنیابژی. لەسەرەتاداپەیوەندی نێوان سیستەرە زۆربلێیەکە و

ئەکتەرە بێدەنگەکە خۆشە. ئاللا بەزەیی بە ئێلیزابێت دێتەوە. بەلام ئاللا نامەیەکی ئەکتەرە نەخۆشەکە دەخوێنێتەوە کە بۆ دۆکتۆری ناردبوو تییایدا گلەیی لە سیستەر کردوە .سیستەریش لە ڕقا مەنجەلێ ئاوی کولاو دەگرێ دەیەوێ پێیدابکات. ئیتر پەیوەندیەکان ئاوادەرۆن. کێشە و گرێی خۆ بەشت زانین لەنێوان مرۆڤ. ئەو دوو کارەکتارە هەر یەکەیان دەیەوێ خۆی بە سەر ئەویتردابچەسپێنێ. بێدەنگی کیژە ئەکتەرەکە و زۆربلێیی سیستەرەکە ، ئەوەندە دژ بەیەکن وەکو دژایەتی نێوان راستی و درۆ ، ماسک هەلگرتوو و روخساری رووت ،نەخۆش و لەش ساخ ، بیناکردن وڕووخاندن ، ژیان و مردن. لەگەڵ جیاوازی کارەکتاریشیان ، دەبینین لەراستیدا ئەو دووئافرەتە ئەوەندە پرکەرەوەی یەکترن و لەیەک نزیکن خەریکن دەچنەوە ناو یەک لەش و دەبنە یەک مرۆڤ. لە کۆتایی فیلمەکە ئێلیزابێت دەگەرێتەوە ناو شانۆ و سیستەرەکەش بۆ نەخۆشخانە. فیلمەکە پرە لە دیمەنی خەون و وێنەی نزیکی دەموچاوی ئەکتەرەکان و وێنەی مۆنتاژکراوی خێرا . ئەو فیلمە قسەی مەزنی لەمەرماناو بێمانایی ژیان و بەرزی و بێهودەیی هونەر و کەسایەتی مرۆڤی تێدایە.

پێرسۆنە ، لە فیلمە هەرە سەختەکانی باریمانە. ناونیشانی فیلمەکە (Persona) بەمانای (ماسک) دێت کە ئەکتەرەکان لە شانۆی تراجیدیای کۆن بەکاریان دەهێنا . ئەو ناوە (پێرسۆنە) لەلای (یونگ Jung) کە سایکۆلۆژێکی بەناوبانگی سویسرییە، لە سەرەتا ڕێونمای فرۆیدی دەکرد ، دیسان بەکارهاتووە. یونگ لە ڕووی سایکۆلۆژیاوە، وشەی - پێرسۆنە-ی ئاوا دارشتوە(گرێیەک لە گرێیەکانی کەسایەتییە. کەسێک کە بەهۆشیارییەوە کاراکتەری یەکێکی تر دەنوێنێ ، ماسکێک هەڵدەگرێ بۆ ئەوەی کەسایەتی راستەقینەی خۆی بشارێتەوەو ڕوویەکی ترکە ئارەزووی دەکات پیشان بدات.)

فیلمی (پێرسۆنە ) یەکێکە لە دووەم Trilogi ( Trilogiواتە: سێ فیلمیی)باریمان. دوو فیلمەکەی تریش ناویان (ساتی گورگەکان ) Vargtimmen,1968 و(ئابروو) ە Skammen,1968 کە باریمانیان کرد بە یەکێک لەو ڕێژیسۆرانەی جیهان کە بەرەو ئەوە دەچوو ببێتە قوتابخانەیەکی تری سینەما، بەناوی (سینەمای ئینگمار باریمان).

باریمان ، بە ڕێژیسۆرێکی گەورەی جیهانی دەژمێردرێت کە شان بەشانی کۆرۆساواو فللینی و لویس بۆنوێل و کارل درەیەر ، کەسایەتی و بۆچوونی تاکەکەسیان وەک ڕێباز لەسەر بابەتەکانی مرۆڤ لە سینەما بلاوکردەوە. باریمان سەبارەت بەو ڕێژیسۆرانە دەلێ: (لە بۆنوێل فێری خۆشەویستی سینەما بووم ، فیللینیش کارەکتاری (کلاونی) پێدام ، درەیەریش بە بەهێزبوونی ئافرەت ئاشنای کردم، کۆرۆساواش فێری هونەری خۆمالیی کردم ). بریمان ڕاست دەکات، فیلمەکانی کۆرۆساوا بەهەمان ئەندازە کە ژاپۆنین، جیهانیشن.

لەفیلمەکانیدا ئافرەت زۆر بەهێزە ، پیاویش گوماناوی لاوازە. کارەکتارەکانی ، بەشێوەیەکی گشتی ، مرۆڤی درۆزن و بە فروفێلن ، ماسکیان هەلگرتوە، باریمان لە فیلمەکانیدا هەولی لادانی ئەو ماسکانە دەدات.

فیلمەکانی خۆلەمێشین، کاراکتارەکان ، دەوروبەر ، ئەتمۆسفێری پرن لەگرێ. لەگەل ئەوەش فیلمەکانی جوانن ، ئێستێتیکین ، ئەو جوانکاریەش مەگەر هەر لە کارمەندێتی خۆی بوەشێتەوە.

هەلبەتە ئەو فیلمانە بەیارمەتی چاکترین وێنەگری سینەمای سوێدی و جیهانی (سڤێن نیکفیست Sven Nykvist کە زۆربەی فیلمەکانی باریمانی وێنەگرتووە ، هاتۆتەبەرهەم. باریمان وسڤێن نیکڤیست لە ناوەراستی شەستەکانەوە تا دوا فیلمی باریمان بەیەکەوە کاریان کردوە. هەردووکیان کاری یەکتریان تەواوکردوە ، هەرچەندە باریمان بوو کە سڤێنی بە سینەمای جیهانی ناساند، بەلام سڤێن نێکڤیست یەکێکە لە سینەماتۆگرافەکانی جیهان کە رۆحی داوەتە جوانی وێنە لە سینەما، بێجگە لە باریمان ، سڤێن نیکڤیست لەگەل ڕێژیسۆری تریش کاری کردوە لەوانە بۆنموونە وودی ئالن ، ئەندرێ تارکۆفسکی ،هەروەها سڤێن لە وێنەگرتنی دوافیلمی تارکۆفسکی (قوربانی-Offret Sacrificatio)دا خەلاتی -کان-ی وەرگرت.

بێجگە لەوفیلمانەی باسمانکرد ، باریمان فیلمی تری هەیە کە ناوییان پەیداکردوە ،لەوانەش ( تینوویەتی) Törst,49 ،

(ڕوو)Ansiktet,58 ،(چاوی شەیتان)Djävulens

öga,60 ، هەروەها فیلمێک لە سەر مۆسیقای مۆزارت بەناوی (نای تەلیسماوی) Trollflöjten,75 ،(ڕوو بەڕوو) Ansikte mot Ansikte,76 ، ( چرپە وهاوار) Visknigar och rop,73 ، ( سۆناتەی پاییز) Höstsonaten,78 ، کە ئەکتەری بەناوبانگی سوێدی و جیهانی (ئینگرید باریمان-Ingrid Bergman) تیایدا (هەر تەنیا لەو فیلمەش لە گەڵ ئینگمار باریمان کاریکردوە) ڕۆڵی هەبوو.

ئینگمار باریمان کە ئێستا تەمەنی نزیکی حەفتاونۆ ساڵە (لە ڕۆژی 14-7-1918 لەشاری ئوپساڵە ، لە سوێد لە خێزانێکی قەشە و دینداردلەدایک بووە) ، لە سەرەتادا وەک نووسەری شانۆ و یاریدەدەری ڕێژیسۆر لە شانۆکانی شاری ستۆکهۆلم بە تایبەتی شانۆی پاشایەتی Dramaten ،کاریکردوە . لەساڵی 1943 وە ک سیناریۆنووس لە دەزگای فیلمی سوێدی Svenska Filmindustri SF دامەزراوە. پاشان دەبێتە بەڕێوەبەری شانۆ لە شارە گەورەکانی سوێد. ستۆکهۆڵم، یۆتۆبۆری و مالمۆ.

دوا کاریشی کە لە سینەما پێشاندرابێت . فیلمێکی درێژ بوو بە ناوی ( فانی و ئەلکساندەر )Fanny och Alexander کە لەساڵی 1982 دروستیکرد ، ئەو فیلمە باسی منداڵی خۆی دەکات، بە جۆرێک لەجۆران گرێ و کێشەی خۆی لەگەڵ باوکی دەردەخات.

پاش فیلمی فانی و ئەلکسەندەر ، باریمان ، چەند کارێکی تری بۆ تەلەڤزیۆن تۆمارکرد. هەندێک لەوانە تەنیا بەرهەمی ئەوبوون و کەسانی ترئەنجامیان دەدا ، بەڵام لەساڵی 1984 فلمێکی بۆ تەلەڤزیۆن تۆمارکرد کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆی بوو بەناوی (پاش پرۆڤەکردن Efter repetitionen,1984) کەلەسەر نارەحەتی وبێحاڵمانی ڕۆژانەی ڕێژیسۆرێکی شانۆیە لەگەڵ ئەکتەرەکان پاش تەواوبوونی پرۆڤەکردن.

بەڵام بەفیلمی فانی و ئەلکساندەر ، باریمان ، بۆ یەکجاری کامیرا و سینەمای پێچایەوە و رووی لە شانۆکردەوە کە خۆی
لە وتوەدەستیپێکردبوو . "من پیشەم تیاترە ، دەتوانم ژیان بەبێ فیلم دروستکردن ببەمەسەر ، بەڵام بەبێ شانۆ ناتوانم بژیم."

ئێستاش ئینگمار باریمان ، هەر لەسەر کاری شانۆ بەردەوامە و لە شانۆی پاشایەتی لە ستۆکۆکهۆڵم Dramaten، ، شاکارەکانی شانۆی کلاسیکی (یوریبدیس ، شەکسپیر ، مۆلێر ) پێشکەش بەبینەردەکات.

دواترین چاوپێکەوتین لە گەڵ باریمان لە تەلەڤزیۆنی سوێد لە مانگی دووی 1997 ، سەبارەت بە فیلمی ئێستای سوێدی، باریمان وەک زانایەک ووتی ( فیلمی چاک زۆر دەکرێ ، بەڵام بەداخەوە ، زۆربەیان رووەو فیلمی ئەمریکی دەچن ، شێوەجوان و ناوەرۆک لاوازن ، بەئاستەم لە ناخ و دەروون و جیهانی ناوەوەی مرۆڤ دەدوێن).

سەرچاوەکان.

#بۆ نووسینی ئەم ووتارە بێجگە لە فیلمەکانی باریمان کە لێرە ناویان هاتووە ،کتێبە بایۆگرافییەکەی باریمان خۆی ، بەناوی لامپای تەلیسماوی ، Laterna Magica یارمەتی زۆردام.

1-Ingema Bergman *Laterna Magica*.Stockholm,Sweden.1987

2-The History of Narrative Films *Ingemar Bergman*byDavid,A.Cook.New

byDavid,A.Cook.New York,1981

3-*The Films of Ingemar Bergman*.by Jörn Donner,New York.1972

ڕەفیق سابیر

# ئەگەر بتوانم

1

ئەگەر بتوانم! بگەڕێمەوە بۆ سەرەتای سەرەتا
خۆم مەودای خۆم بخوڵقێنم
خۆم شێوەیەک دابێنم بۆ ڕوانین
دەرفەتێک بۆ ڕاهاتن بە شوێن و سات،
یان جەستەم بهێنمە پەیڤین
تا ڕازەکانی خۆی،
ڕازە ئەزەلییەکانی ڕۆح پەخشکات.

2

ئەگەر بتوانم! لە زیندانی شوێن و زەمەن ئازادبم و

خۆڵەمێشی ڕۆژەکان پێکەم
سێبەرەکەم وەک بەرماڵێک بۆ شتەکان ڕاخەم و
فۆرمێک بدەم بە ڕووناکی
دەرفەتێک بە دیالۆگی ناخ،
یان وەرزێک دابێنم!
بۆ مردنێکی دی
بۆ ڕامان و ئەڤین
بۆ ڕەهابوونی خەیاڵ
بۆ لەدایکبوونێکی دی.

3

ئەگەر بتوانم! لەرووی خۆمدا بکرێمەوەو
بە زمانێکی دی خۆم بدوێنم.
لە پەیڤینی ڕازەکانی ناخ بگەم و
هەر شانەیەکی جەستەم
بە هارمۆنیی ڕۆح ڕابێنم

4

من ئێوە بووم، هەمووتان بووم و
خۆم نەبووم
خۆمی زارۆک،
کە باوەشی دایکم ونکردووە؛
کە منداڵییم لە سەر ڕێگای
سەهۆڵینی شەو جێماوە
خۆمی شوێنهەڵگری گومان
کە تەوێڵم ڕەنگی تاوێر،
ڕوخساری خەوبینەرانەم
شێوەی ئێوارەی گرتووە.
من ئێوە بووم و خۆم نەبووم
گەر بتوانم هەر خۆم بم!

5

بە لێوارەکانی خۆمدا هەڵدەزنێم
وەک شەپۆل بە تاوێردا
یان وەک دەریا بە کەناردا.
ئەگەر بتوانم! ڕێگا ون نەکەم
تا بە ناخی خۆم دەگەم.

6

ئاخۆ ئێستا
من چیم بەبەرەوە مابێت؟
تا چەند جەستەو ڕۆح پێک ئاشنان؟
ئاخۆ چی جارانی خۆمم پێوە مابێت؟

7

لەحزووری ڕووناکیدا
وەک خونچەیەکی خەواڵوو دەکرێمەوە
دەستەکانم بە شەونمی ڕۆژەکان تەڕدەکەم
ڕۆحیش بە گومان و هەتاو
ئاخ! گەر بتوانم لە خۆم بگەم و
لەگەڵ خوم هەڵکەم!
یان تا دەتوانم لەبەر خۆم ڕاکەم

## پەنجەرەیەک دەکەمەوە

پەنجەرەیەک بەسەر پەیڤەکاندا دەکەمەوە:
ڕوخسارم نوقمی تریفەیە
ئەڤین: خەڵوەتگا
قەرسیل: تەختی خەو
شەویش لەناو دەستەکانمدا: سپێدەیە،
شەو شەپۆلێکە ڕووناکیی هەڵگرتووە
یان هەرێمی زایەڵەیە.

پەنجەرەیەک بەسەر ڕووناکیدا دەکەمەوە.

## گەدا

ئێستا: سپێدەی بەیانە، یان درەوشانەوەی
تاریکی
شوێنیش: بەردەرگا ئاستەنگەکەت،
دەزانم لەودیو ئێستاوە زەمەنێکی دی نییە
لەودیو ئێرەوە بۆ من هیچ شوێنێکی دی
نییە
منی گومڕا
کە مەرگی خۆم ڕێشاندەرم بوو
منی گەدا
کە بەرماڵەکەم لەبەر دەرگاکەت ڕاخستووەو

لەدەستەکانت سواڵدەکەم
سواڵی شتە لەدەستچووەکان و
ساتە لەناکاو ونبووەکان
سواڵی رووناکی
سواڵی ئازادی
سواڵی ئەو پەیفە بێ وەفایانەی
قەت نەهاتنە ژوان.

**بینین**

رووناکی لەسەر پێڵوەکانت
داهاتوو لەسەر دەستەکانت
شەویش رەشماڵێکی چۆڵکراوە
ئەڤینی تۆ ئاوەدانی کردۆتەوە.

---

باسکەکانم بۆ تریفە راخستوون
شەو بۆندەکەم
پەلکە گوڵێکی وەریو بۆندەکەم کە دەڵێی
چاوەڕێی شتێکە
هەڵمی دارستان و
ئەو شەپۆلانە بۆندەکەم کە شەوبا
رووتیان دەکاتەوە.
لە چاوەکانتدا فەزا ئاوێنەیە
پرسیارەکان بێکۆتایی
زەمەنیش زایەڵە.
من داهاتووم دەبینم
ژیان و مردنم دەبینم

رووناکی لەسەر پێڵووەکانت
تەمەن لەسەر دەستەکانت

**وەرزێکی نوێ**

بەژن زراف وەک تەنیایی
نوێ وەک بەیان
مەحاڵ وەک ئەفسانەو راستی.

دەستەکانت شێوازێک دەدەن بە زەمەن
نیگاکانت مانایەکی تر بە پەیڤین
پەیڤینی کپی
پەیڤینی رووناکی، کە وەرزێکی نوێیە
بۆ خەون و ئەڤین

**بەیانی بوو**

بەیانی بوو وەک ئێستا
جوانترین سات بۆ ونبوون:
تۆ لە چاوەڕوانیی مندا
منیش لە سۆراخی هیچدا

بەیانی بوو وەک ئێستا
نە هەتاو بوو، نە سێبەر
نە بێدەنگی، نە پەیڤین
نە کۆتایی دیاربوو، نە سەرەتا
بە تەنیا رێگا ئاواڵەکان و
دوو جەستەی شەکەت
دوو تارمایی درەوشاوەی

ساتێکی ئەودیو زەمەن.

لەودیو ساتەکانەوە بولێڵ و چاوەڕوانی بوو

وەک کوێر دەستم دەگێڕا
چنگم پڕی بۆشایی بوو
پڕی گومان و ترس
پڕی بێکۆتایی بوو
لەوسەری مەوداکانیشەوە تۆ دیارنەمایت،
زەمەن وەستا
بەیانی بوو وەک ئێستا

---

**تابلۆ**

---

لە سەر روخساری تاریکی شێوەت دەبینم:
پڕبوونەوەی بۆشایی
بریسکانەوەی دڵۆپێک رووناکی
گوڵەگەنمێک کە رەنگی تریفەی گرتووە
ژیلەمۆیەکی خەواڵوو
ئەستێرەیەک کە دەبیندرێت و نابیندرێت

هەنگاوەکانی زەمەن و
لێوارەکانی بێکۆتایی
لەسەر تاریکی شێوەت رەسمدەکەم

---

**داهێنان**

---

لەکوێوە ئەو هەموو رووناکییەت هێناوە؟
کوا شەوەکانم ئەوەندە درەوشاوەبوون؟
کوا ئاسمانم سامال،
رۆژەکانم هێندە رووناک و
سوتانم بڵێسەدار بوو؟
کوا تەمەن شوێنەوارێکی لەدوا جێماوە؟

ئەم رووناکییەت چۆن داهێناوە؟

---

**ئازادی**

---


بۆ ئازادیم دەگەڕێم
دەستەکانم بە جەستەت بێداردەبنەوە

تۆ جەوهەری شتەکانیت
فەزای خەون و خەڵوەتی گیانیت و
جەستەت گوڵووکی رووناکی گرتووە
دەستەکانت داهاتوویان وەک ئاوێنە
بەرامبەرم راگرتووە.

رووناکیت قیبلەی ئەبەدیمە
«بەندبوونم لە تۆدا ئازادیمە» *



# Parallel



1

له پەنامدا ڕاکشاویت
جەستەت بللوری تەمگرتوو
ڕوخسارت خەوستان،
وەک دوو کەناری بەرامبەر یەکین
شەو ڕوباری نێوانمانە
دەڵێی دوو هێڵی پەڕەلیلین و
بۆشایی نێوانمان
بەهانەی بوونمانە.

2

له پەنامدا ڕاکشاویت
ڕازێک لە چاوەکاندا دەدرەوشێتەوە
من لێرە نیم، دوور دەڕوانم
بۆ ناخی بۆشایی
بۆ ڕابردوو، کە ئاوێنەی ئێستایە
بۆ مەودای نێوانمان
دەڕوانم و تاریکی دەخوێنمەوە
بە بێدەنگی لەگەڵ جەستەت
لەگەڵ خۆم دەدوێم.
من وەک شەپۆلێکی ئاقرێم
شەکەتانە بەرەو کەناری تۆ دێم.

3

تۆ وەک ڕووناکیت
ناتوانم بتگرم
ناشتوانم لێت دەربازبم

4

لەودیو جەستەتەوە بۆشایی
کاڵبوونەوەی سنووری نێوان بوون و نەبوون
لەودیو نیگاکانتەوە گومڕایی و
گومڕایی.

5

لە پەناتدا ڕاکشاوم
تەویلت گوڵەخەونی گرتووە
مەمکەکانت لەناو تاریکیدا شەپۆل دەدەن
هەناسەت شەو گەرم دادێنێت
نیگاکانت هەندێک جار پەرتێنم دەکەن
هەندێک جاریش ئاوەدانم دەکەنەوەو
ڕووناکی دەدەن بە زەمەن.



6

چۆن بتوانم بتگرم؟
کەوەک دوو هێڵی پەرەلێلین
بۆشایی نێوانمان نیشانەی بوونمانە
چۆن بتوانم لێت ئازاد بم؟
کەدوو کەنارین
ڕووناکی ڕوباری نێوانمانە.

---

*** ئەم هۆنراوانە بەشێکن لە کۆمەڵە هۆنراوەیەکی نوێی شاعیر کە ئەمساڵ بڵاودەکرێتەوە.**

# دابەشبوون

سلاح عومەر

-١-

کاتێ لە ماڵ هاتە دەرەوە، هێشتا لە دنیای خەون و خەیاڵی سەردەمی منداڵی نەهاتبوودەر، هێشتا بیرەوەری خۆش خۆش ختووکەی ڕۆحیان دەدا. گۆرانییان پێ دەچڕی، ئاسمانیش لە شەوانی پێشوو ڕووناکتر دەینواند، ئەستێرە وەک کەنیشک بە ڕووی ئەوو ئەو دوو کەسەی بەسەر پردەکەوە هەنگاویان دەنا پێدەکەنی. مانگیش لە نێوانیاندا وەک شاژنی جوانی وابوو. دەتگوت لەناو کەژاوەیێک خەوی لێکەوتووە. تاڵە تیشکی سووری زەردباو بەهەر چوار کەناری شاردا دەبەخشێ و نوقمی ناو شەوقی پیرۆزی خواوەندیان دەکرد. هی ئەوەبوو مرۆڤ ئاڵەم ساتەدا لەسەر باڵەخانەیەک یان گومبەت و بورجێکی بەرزا رابکشێ و بڕوانێتە دوور. باشترین شوێن بۆ حەوانەوەو دۆش دامان، بۆنی ڕامان و تێفکرین، بۆ خەیاڵ لێدان و هەڵفرین، سەر گومبەت و شوێنی بەرزە.

بە تایبەتی لە ژێر ئاسمانێکی واساف و بەرانبەر دیمەنێکی وا دڵگیردا. تۆ بڵێی ئاڵەم ساتەدا کەسێک هەبێ دڵتەنگ و بێ ئارام بێ؟

دایکم دەیگوت: وەختێ خۆی مانگ شاژنی جوانی بووەو، خوداوەند بۆ جوانکردنی ئاسمان هەڵیکێشاوەتە سەرەوە. لە بەرانبە ئەمەشدا ئاسمان کراسێکی لە زەمرودویاقوتی پێ بەخشیوە. تا دنیاو هەر چوار کەناری ڕۆح نوقمی ناو تریفەی پیرۆزبکات. تا مرۆڤی دڵتەنگ، ئاوارەو پەراکەندە لە ئامێزیا بخەون، ئاسوودەبن و خەونی خۆش ببینن، تابەدەم زیندە خەونیشەوە تێکەڵ بە دنیای عەشق و جوانی و پاکی بن. کە سەری بەرزکردەوە جوانی ئاسمان وروژاندی و ڕۆحی خستە سەما. سەماکردنێکی سۆفیگەرانە. دۆشداما. ڕۆحی هاتە جۆش و خرۆش. لەبەرچاویدا مانگ هەر هەمان ئەو بەهاو جوانییەی هەبوو کە لای هونەرمەندو شاعیران هەیەتی. وەک ئەوانیش کەوتە بەیەکەوە گرێدانی دوورییەکان، هێڵ و بەها جوانەکان، ڕەنگە جوداکان، تا لە ئەنجامدا بیانکات بە دیمەن و چەند تابلۆیەکی هەست وروژێنەر. پارچە شیعرێکی نیحا بەخش و سیحر ئامێز. وەها ڕۆحی ، جەستەی بینایی تێکەڵ بە دیمەنی سەروو ببوو نەیدەزانی ئەم هەموو جوانی و پیرۆزییە لەم ساتە وەختە نیمچە تاریک و ڕوونەدا لە کوێوە هەڵدەقوڵێ. یا لەدەورو بەری چ باسە. دوو کەسەکە لە شوێنی خۆیان ماون یا ڕۆیشتوون. بێ ئاگاش بوو لەوەی کۆمەڵێ تاڵە تیشک وەک نیگای چاوێکی سیحر هاوێژ بەرگیانی کەوتوون و مێشکیان سیحرباران کردووە. دەتگوت سیحربازێ لە ئاسمانەوە خۆی بۆ لە بۆسەناوەو لەسەرەخۆ دوعای سیحرو جادوی بەسەردا دەخوێنێ. گەرەکێتی بیکاتە بەرد یا پەیکەرێکی بێگیان و بەخاکەوەی بنووسێنێ. تا بۆی نەبێ نە بزوێ. نە بچێ سەرە داوێ لەو گومانە بدۆزێتەوە کە بە دابەزینی تیشکە سیحراوییەکان لە ناخیدا ڕوابوو. ئەو گومانەی هەستی دەکرد خەریکە کارەساتێ، ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو لە گۆڕەپانی ژیانیدا دەنێتەوە. هاکا ڕوویداو گۆبەندێکی نایەوە، ئاسودەگی ژیانی تەفروتوناکرد. کەبە خۆشی زانی ، دڵتەنگ و نائارام لە نێو ئارەقەیێکی شین و مۆردا هەڵهاتبوو. کەوتبووە ناو بازنەیێک و ترسێ شاڵاوی بۆ دێنا. گومانێ تەنگی پێ هەڵدەچنی. گەردەلوولێ لوولی دەدا. لە بەرزایشەوە قورساییەک دادەبەزی و کت و پڕ بەرکۆشک و تەلاری مێشکی دەکەوت. دەریای بیرکردنەوەی شێلوودەکرد، ئەوەی بەدەمیان جار بیری لێدەکردەوەو لە قوڵایی ئەستییەوە حەشاری دابوو. ئەوەتا لەساتێکی بێ ئاگاییدا ، بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێ و لەتوانایدا نییە جارێکی تر حەشاری بداتەوە.

ئەو گومانەی پێشتریش زۆر جار گۆبەندی بۆ دەنایەوە، خەریکە هەم دیسان دڵی لەباوک و خوشکەکانی کرمێ بکات ولە یەکیان داببڕێت. هەریەکێ بەلایەکدا ببات. تاوەک مرۆڤی نەفرەت لێکراو ڕیسوای دنیاو قیامەت بن.

ئەوەتا خەریکە ئەمجارە مێشکی دابەش دەکات. ڕۆح و جەستەشی دەکا بە چەند بەشێکی لەیەکتر جیاواز. بەشەکانیشی وەک مزراح بەدەوری خۆیدا دەیسوڕێنن. وەک سێبەرو تارمایی و وێنە دێنە بەردەمی و ورێنەی پێ دەکەن. دەست و پەنجەی پێ بەرزدەکەنەوە.

جێی سەرسوڕمان بوو مرۆڤێکی عاقڵ کت و پڕ بکەوێتە ژێر کاریگەریی دیاردەیەکی سروشتی و سروشت وا سیحر لە مرۆڤ بکات. بناغەو کۆڵەگەی مێشکی کەسێ وا تێک بشکێنێ و لە ڕەگ و ڕیشەوە دەریان بهێنێ. سروشت هەمیشە سەرچاوەی جوانی و جوانی بەخش بووە بۆ ئادەمیزاد، کەچی بۆ ئەو بە پێچەوانە کەوتەوە. ئەوەتا کت و پڕ کەوتە بەر زەبری کوشندەی جوانترین

بوونەوەری ناو ئاسمان و سیحری لێکرا، دڵ ڕەقانە، مانگ دەستی لێ وەشاندو کردی بە مرۆڤێکی شێت.

لەوپەری ئاسوودەییەوە بەرەو ئەوپەری شڵەژان و شپرزەیی ڕایکێشا، کردی بە کەسێکی گوماناوی و ترسنۆک، گیرۆدەی دەستی خەیاڵ و وەهمی کرد.

***

وەک کردبوویە خوویێکی ڕۆژانە، هەموو شەوێک لە ماڵ دەردەپەڕی و بەهەمان ڕێگای ڕۆژانی پێشوو بەرەو شوێنی کردبوونەوە لەگەڵ هاوڕێکانی گوزەری دەکرد. هەر کە دەشگەیشتە ناوەندی پردەکە هەمان هەڵس و کەوتی ئەنجام دەدا. لە ئاست کەلاوە ڕوخاوەکاندا دەوەستاو دەیڕوانییە باڵەخانەکانی ئەوبەر، بە قوڵی دەچووە ناویەک بە یەکی ژوورەکانی، لە باڵکۆنەکانیان لەسەر کورسییەک دادەنیشت. مێزێ لە پێشی، پڕ میوەجات، بە باشترین خواردن ڕازاوە، لە نێو کەش و هەوایەکی نیمچە ڕووناک خەیاڵ دەیبردەوە.

دوو باڵ لە لەشی دەڕواو بەرەو ئەوپەری دنیا هەڵدەفڕێ کە وەناگاش دەهاتەوە هێدی هێدی بەرەو ژوور چاوی بە دەشتاییەکەی بەرانبەریدا دەگێڕاو لە قەراغ پردەکە نزیک دەکەوتەوە.

بەڵام ئەمشەو بە پێچەوانەی شەوانی دی نیازی نەبوو ئەم کارە بە جێبگەیەنێ. بەڵکو پەلەی بوو زوو پردەکە جێبهێڵێ. بەڵام هێندەی دەیکرد قاچی بەدوادا نەدەهات. بە واتایەکی تر تاقەتی نەبوو هەنگاو بنێ. کاتێ توانی چەند هەنگاوێ لە دووکەسەکە دوورکەوێتەوە لێزمەیەک تیشکی بەسیحرکراو لە ئاسمانەوە دابەزییە سەر بەژن و باڵای و بەدەوروبەریدا بڵاوبۆوە. دەوروبەری وەک ڕۆژی ڕووناک نوقمی ناو ڕووناکییەکی ئەفسووناوی کرد. لەگەڵ دابەزینی تیشکەکانیشدا خورپەیەک لە ناخییەوە هەستاو جەستەی لە کەلەموستی پێیەوە تاتەوقی سەری دەرزی ئاژەنکرد.

ئەیهێشت کەللە سەری بە ڕێک و پێکی بەسەر شان و ملیدا جێگیربێ. وەک ئەوەی ئیفلیج بووبێت توانای ئەوەی نەما بە پێوە بوەستێ. بۆیە هەر لە شوێنی خۆیەوە لەو گۆرە ڕاکشا. چاوی نوقاند ئاگای لەدەوروبەر برا، نەیزانی ئێرە کوێیەو بۆچی هاتۆتە ئێرە، ئێرە ژووری ماڵێکە یان پەناگەو چۆڵەوانی.

ئەوکاتەیش دوو کەسەکە قۆڵیان لە قۆڵی هەڵکێشا و ویستیان بۆ دواوە بیگەڕێننەوە، بۆیان نەکرا بیجوڵێنن. دەتگوت بەرێکەو بە زەویدا ڕۆچووە.

ئەوەی هەستی پێ دەکردو دەیبینی تەنیا چەند وێنەیەکی لێڵ بوون. هەندێ گەورەو هەندێ بچووک، پاشان بە تارێکی، سەرەوژێر، لاکێشەیی، نیوەچڵ، ڕەش و سپی و ڕەنگاورەنگ دەخزانە ناو کەللەی سەری و وەک بنێشت بەژووری مێشکییەوە دەنووسان، پتر گومانەکەیان لا دەچەسپاند. هێمای ڕوودانی شتێکی نائاساییان پێ دەبەخشی. ئاسودەیی ماڵەوەیان لە بن و بۆتکەوە هەڵدەکێشا. وای لێهات نەزانێ ئێرە کوێیە و بۆ لێرەیە، چەند ساتێ لەمەوبەر وەک مرۆڤێکی ئاسایی لە ماڵ هاتە دەرو لەبارودۆخێکی زۆر ئاسایدا بوو، ئاگای لەهەر هەموو شتێک بوو. دەیزانی بەرەو کوێ دەڕوات و بۆ بێرەدا ڕەتدەبێ. دایک و خوشکەکانی، کۆڵان و خانووەکانی دەوروبەری، منداڵ و ئافرەت، پیرو گەنجی گەڕەکەکەیانی لێک دەکردنەوە. وەک هەر هەموو شتە بەرجەستەبووەکانی بەردیدەی ئاسایی دەهاتنە بەرچاوی کەچی هەست دەکات هەستەکانی مردوون و وەک کوێر و لاڵ هەڵس و کەوت دەکات. هەموو شتێ سەرەو ژێر دەبینێ. گوێی لە هیچ نییە. دنیا لەبەر چاوی وەک پارچەیەک خەڵوز ڕەش داکەراوە لە نێوان خۆی و شتەکاندا تارادەیەکی ڕەش چەسپیوە، لە وێنەکانی ناو کەللەشی پتر نابینێ. دەوروبەریشی لە تاریکی هەڵاتووە.

هەتا حەپەحەپی سەگ و لورەی گورگەکانیش نەیان دەجوولاند. زمانی نەدەگەڕاو لێوەکانی لێک نەدەبوونەوە. نەیدەتوانی دووکەسەکە تێبگەیەنێ حاڵ و حیساب لە چیدایە. بەواتایەکی دی نەیدەتوانی یان لای ڕوون نەبوو. هەم خۆی مرۆڤێکی لە گۆشت و ئێسقان دروست کراوەو هەم دووکەسەکەش. بەڵکو وەک ئامێرێ، ئاسن و تەختەدار ئاسا، لە نێوان قۆڵی دوو کەسەکەوە بۆ سەر زەوی شۆڕکرابۆوە.

-٢-

گومان پاڵی پێوە نا سبەینێ زوو خۆی لە ژووری باوکی بکوتێ. بێ ئەوەی لەدەرگا بدا بە لەقەیەک دەرگاکەی کردەوە، هەر لە دوورەوەش بەدەنگێکی نیمچە توورە لە باوکی ڕاخوڕی. باوکی لەسەر قەرەوێڵەکە زارەتەرەک ڕاپەڕی. تاگەیشتە نزیک قەرەوێڵەکەش یەک دووجاری تر بەهەمان شێوە، بگرە توورەتریش بەسەر باوکیدا قیژاندی. کە باوکی بەم جۆرە کوڕەکەی بینی و لە گرژی و توورەیی دەموچاوی وردبۆوە زانی شتێکی نائاسایی ڕوویداوە، بۆیە وا بێ ئەزاکەت لە گەڵی دەدوێ و بەسەریدا دەقیژێنێ، ئەگەرچی زۆریش بەوە دڵخۆش بوو کە بە ساغ و سەلامەتی وا لەبەردەمیدا وەستاوە، کەچی نەیتوانی هێمن و ئارامی کاتەوە. تەنیا ئەوەی بۆکرا کە بەدەست ئیشارەتی بۆ بکات تاڵیی نزیک بکەوێتەوە، بەڵام کوڕەکەی دەتگوت بزمارەو لە زەویدا داکوتراوە، نە بۆدواوە کشایەوە نە لەو نزیک کەوتەوە. پێش ئەوەیش بواری ئەوە بە باوکی بدات بیدوێنێ کەوتە قسەکردن: دێوە ڕەشەکەی دوێنێ شەو لێرە بوو کوا؟ کوا چی لێهات؟ ناوی چیبوو؟ لێرە چیدەکرد؟ ئەی ئەگەر تۆ نەزانی کێ دەزانێ؟ دڵنیام دەزانی و بە منی ناڵێیت. دەشزانی

بۆچی هەموو نیوەشەوێک لە ژووری لە ژوورەکان، ئێشک بەسەر قەرەوێلەیەکەوە دەگرێت. کاتێ ماندوش دەبێ دەچێ لەسەر قەرەوێلەکە پاڵ دەکەوێ. ئا..تۆ... ئەوان، فریشتەی فریودراو، سندوق، مرۆڤی شاخدار، چۆلەکەی بەستەزمان ، چەقۆی تیژ، لقی داری هەڵوەریو، سەربانی باڵەخانەکان، پەیژەی پێ شکاو، پشیلەی حەوت ڕۆح، لێرە تەراتێنیان بوو. ئێرەیان کردبووە گۆڕەپانی ڕەفتارە ناڕەواکانیان، شەو تا بەرەبەری بەیان، لێرە تریق و هوریانە، گوێ نادەنە ئێمە ئەگەر تۆش لەبن باڵی خۆتیان نەنێی کەی دەتوانن وابکەن. دەبێ بۆم ڕوون بکەیتەوە، دێوی ڕەش و، پیاوی ڕەشپۆش ، فریشتەی دەمامکداری فریوخواردو، ژووری ڕەش داگەراو، پەیژەی پاشکاو، سەربانی تۆزاوی تێکەڵ یەک بوون و هەموویان بەیەکەوە ڕایان کردە سەربالەخانەیەکی چەند نهۆمی، بەرەو ئاسمان هەڵفرین، ئەوەتانێ بەسەر سەرمەوە دەسوڕێنەوەو گاڵتەم پێ دەکەن، وەک چۆن دوێنێ شەویش لەناکاو هاتن و بەسەرسەرمەوە کەوتنە تەقەلێدان. هەست و ڕۆحمیان بریندارکرد، ئەوەیان لا چەسپاندم کە لە ماڵەوە شتێ ڕوودەدا ، کردەوەیەکی نائاسایی لە نێوان دوو کەس بەئەنجام دەگەیەنرێ.

ئەگەر چی بەجەستە لە ماڵەوە نەبووم ، بەڵام ڕۆحم لەوێ بوو، ئاگام لەوردو درشت بوو، دەمزانی چ بەزمێ لە ژوورەوە نراوەتەوە، چ شایی و زەماوەندو دەست لە ملانێ و خۆکەوزاندنێک لە ژوورەوە دەستی پێکردووە، چ گۆرانی گوتن و چەقەنە لێدانێکە، باوەڕیش ناکەم تۆ ئاگاداری ئەو هەموو دەنگە دەنگ و چەقەنە لێدانە نەبووبێ. پیاو لەخەوت خەونیشدا بێ بەخەبەر دێ، لەسەر پەردەکەدا کە ڕوانیمە ئاسمان ، لە ڕوخساری مانگدا هەموو شتێکم بینی، لێرە چی دەکرا، یەکراست بەرجەستەکراوەیی دەمبینی. هەوەڵ جار وەک وێنەیەکی لێڵ و تەماوی دەرکەوتن، پاشان بوونە وێنەیەکی لاکێشەیی ، هەندێک جار باریک دەبوونەوە، دوای ئەستوور ئینجا گەورە، تاوەک کەللەسەرێکی بچووک و لەشێکی زەبەلاحیان لێدەهات. لەناو بۆشاییدا هەنگاویان دەنا، بەرەو ڕۆحم دەهاتن. کە گەیشتنە ئاستی من تەنیا کەللە سەرێک و کەلە شتێکی گەورەی بێ قاچ بەسەرسەرمەوە وەستابوون. لەڕاکردنیشدا بەدواوەم بوون...دەوەستام ئەوانیش دەوەستان. . جارجارە پێشیان دەگرتم نەمدەزانی بۆ کوێ بڕۆم. هەتا نزیکی بەر دەرگاش بەدواوەم بوون، بەڵام لە ژوورەوە دیار نەمان. پێش ئەوەی بەرەو ژوور بیمەوە لەبەردەرگا یەک دوو جار گوێم لێیان بوو بانگیان کردم، هەوڵی ئەوەیان دا ئەچمە ژوورێ، وەک هاورێ پێکەوە بین. گوتیان: ڕامەکە، ئێمە تۆمان خۆش دەوێ، بۆ لێمان دەترسی. چیت دەوێ بۆت دەکەین. هەرکوێت دەوێ دەتبەین.کێت دەوێ بۆتی لەناو دەبەین. کامە جێ خۆشە بۆئەوێت دەتبەین، دەتخەینە سەر باڵەکانمان و دوور دەتبەین، ئاسمان و سەر زەوی و چیای قاف و چین و ماچینت پێ دەکەین، دەتبەینە وڵاتی پەرییان، پەرییەکت لێ ماردەکەین، پاشان تاجێکی شاهانەت لەسەر دەنێین. بەڵام من گوێم پێ نەدان و هاتمە ژوورەوەو دەرگام لەسەر خۆم کاڵەدا.

بەرەبەری نیوەشەو لە خەونمدا، دەرگاکە کرایەوەو دوو کەس لێم هاتنە ژوورەوە . یەکێکیان هەر هێندەی شەمولەیەک بچووک بوو، بە پەرمووچ لەشی داپۆشرابوو، لەسەر چوار پەل بەڕێوە دەڕیشت، لە تێوقەدیشرا بە مرۆڤێکی ئاسایی دەچوو. ئەوی تریش چەشنی خوشترێ گەورەبوو ، ئەمیان بەپێچەوانەی ئەوی تر لەنێو قەد بەسەرەوە خوشتر بوو، لە خوارەوەش ئادەمیزاد. هەر هێندەم زانی شالاویان بۆ هێنام و ڕووبونە دەمم، دەیانویست پێکەوە خۆیان لە دەمم بیەستن، هەوڵێکی زۆریان دا تا دەمم شوێنی هەردووکیانی تیا بووەوە، بە گەروومدا شۆڕبوونەوە لەناو دەفەی سنگمدا کردیانە شایی و هەڵپەرکێ. تابەرەبەری بەیانی نەهاتنە دەرەوە، کە هاتنە دەرەوەش وەک سەگ بەدوای خۆیاندا ڕایانکێشام. گوریسێکیان کردە ملم و بردمیانە ناو دارستانێک، چەند ڕۆژێ بەندیان کردم، پاشان شۆڕیان کردمەوە بۆ ناو دۆڵێک. لە خوارەوە تێم ڕوانین، یەکێکیان لەسەر ئەم لێوو ئەوی تریان لەسەر لێوەکەی دی وەستابوون، بەڵام لەسەر شێوەی جاران نەمابوون و ببوونە دوو ئادەمیزاد، نێرێک و مێیەک . ئافرەتێکی شۆخ و ڕێک و ناوقەد باریک، قژزەرد، هەستم دەکرد لەمەو پێش دیومەو دەیناسم. بەڵام هێندەی بیرم کردەوە بیرم نەهاتەوە کێیەو لەکوێ دیومە . ئەوی تریش گەنجێکی قژی چوار شانە، نەمدەناسی، بەبەرچاومەوە کەوتبوونە بازبازانێ، هەرجارەی یەکێ بەرەو لای ئەویتر دەبەزییەوە.لەماوەی نێوان پەڕینەوەشیاندائیشارەتیان بۆ دەکردم. کە یەکتریان دەگرتە باوەش وەک دوو عاشق یەکتریان دەگووشی، یەکتریان دەلێستەوە، یەکتریان دەگەوزاند، خۆیان گلۆر دەکردەوە، منیش لە داخاندا بەرچاوم تاریک دادەهات، دەسەڵاتم نەبوو نەمدەتوانی سەرکەومەوە. ڕۆژێ، دە ڕۆژ،مانگێ، نازانم چەندی پێچوو تادەرکەوتنەوە. ئەمجارەیان هێزێکی سیحراوی لەژێرەوە بەرزی دەکردمەوە، یەک و دوو خۆم لەسەر لێواری دۆڵەکەدا دەبینییەوە، بەڵام ئەوان نەمابوون ، ڕۆژە ڕێیەک لێمەوە دوور کەوتبوونەوە، هەرئەوەتا دەبینران. کە فرسەتیشم بینی ڕووەو ڕۆژهەڵات ملم پێوەنا . ڕامکرد کەچی وازیان لێنەهێنام، کەوتنە دوام، دەیانگوت : ڕاوەستە ئێمە دۆستین و دوژمن نین، چاوەڕێمان کە، تا پێکەوە بڕۆین.

باوکی لەم قسە سەیرو عەنتیکانە نەدەگەیشت،نەیدەزانی چی دەڵێت. ئەویش بەردەوام و بە پچرپچرو بەزەحمەت وشە ئاڵۆزەکانی بە گوێی باوکیدا دەدا. هەندێکیانی چەند جارێک دووبارەدەکردەوە، ڕێگاشی نەدەدا باوکی پرسیاری لێبکات، باوکی هەر ئەوەندە پێرادەگەیشت بڵێ: لەسەرەخۆ کوڕم لەسەرەخۆ، تێناگەم چی دەڵێیت. باسی چی دەکەیت سندوقی ڕەش و دێوو چەقۆو چی وچی ..ئەمە باسی چی دەکەیت.

ئا دێوی ڕەش ، سندوق، هەموو سندوقەکان دەشکێنم ئەوانەی ئێرەو شوێنی دیکەش. هێندەی ئەم دنیایە ڕقم لە سندوقە.... دەیانکوژم ، ئەوسا خۆشم دەکوژم. ئەم دنیایە بەمن چارەناکرێ، ویستم دنیا بگۆڕم و لە ئاسمان نزیک کەومەوە. کەچی زنجیرەیەک دیوار لەبەردەممدا قیت بوونەوە.

– ئێ باشە سندوقەکان وردوخاشکەو دنیاش بۆ پیاوی خۆی لێگەڕێ.

-بابه

- بەڵێ

- دوێنێ شەو هەرکە گەیشتمە ژووری دیوێکی دەمامکدارم لە خەوشەدا بینی. هەرکە چاوی بەمن کەوت رایکردە سەربان. تۆ چۆن ئاگات لە راکەراکی ئێمە نەبوو. ئەگەر پێم ئەڵێی شێوەو روخساری دێوەکە چۆن بوو؟ کورت و درێژ، قەڵەوو لاواز، ناوی چی بوو ، تەنیا پیتەکەی هەوەڵی بڵێ،هەڵیدێنم. کە نووستیشم چەندانێ شالاویان بۆ هێنام . دەیانویست بمخۆن یەکێکی زل لە پێشەوەیان بوو. مەچەکی لەهەموویان ئەستورتر بوو، من لە چاو ئەوان هێندەی سیسرکێک بووم. من بچوکم و ئەوان زەبەلاح. من وەک پشیلەیەک وام و ئەوان گورگ ئاسان، وەک ورچ و دێو درنج وان. من چەقۆو ئەوان سندوق، دەیانویست منیش وەک ئەوان بیم بە سندوقی شت تێخستن، چەشنی ئەو سندوقەی لەژوورەکەی دیدا پاڵکەوتووە.

١٩٩٤


# Gelas om våren

## och andra berättelser från Kurdistan



Gelas bor i en liten by i Kurdistan. Gelas älskar den här lilla byn. Hon älskar våren med alla blommor och fåglar. Hon älskar månen och stjärnorna men mest av allt älskar hon sina föräldrar.
Varje vår går Gelas till en blomsteräng nära byn. Då brukar hon ha en ny klänning på sig. Men den här våren har inte pappa råd att ge henne en ny klänning. Hur ska Gelas kunna få en ny klänning?
Det får du veta i ***Gelas om våren***. Där får du lära känna en flicka i Kurdistan – hur hon lever, vad hon fantiserar och funderar om.
***Gelas om våren*** är en bambok, skriven av Fahmi Kakaee, med många vackra färgillustrationer av Kamil Ali Ridha. Den är på 40 sidor, inbunden, i stort format.

Jag beställer

............... ex av ***Gelas om våren***, **ISBN 91-604-0247-4, pris 99:-** (ord bokhandelspris 131:-).

Namn:..........................................................................................

Adress:........................................................... Postadress:..........................................................

Skicka beställningen till Naturia Förlag, Box 42053, 126 13 Stockholm.
Eller faxa på nr 08- 709 05 30. Telefon 08- 709 04 13.

Naturia

# ئێمە

# من و ئێوە

## «من قەقنەس نەوی، ها بیم وە قەقنەس»

مەولەوی

بەرز ئاکرەیی


لەتێک پەنجەرە لە پشت هەورییەکەی دایک: تەوێڵی تەزیوی مانگ!
باوێشکی ڕووداو؛ لەپشت شووشە هەڵماوییەکان
پەلەقاژەی گڕی فانۆس لەسەر دەسرازەیەکی بێ دەست و ڕاز
شەوی ماندوو بەرەو نشێوی خۆی دەچوو
تەمەن ڕووەو هەورازەکان ، هەڵدەلەرزی دەستی دڵمان
لە گومانی بزنەرتیەکی شەکەت دا
گەورەبوون لە پشت سەرمانەوە دەهات
خەمی نەبوونی باوکی لەچاوی داپیرەدا وەلا دەنا و
بەرێی دەکردین ڕووەو هەڵکشان، دەستێک لەسەر عەرز
دەستێک لەسەرچۆک
لە ڕابووندا هەنگاوی لەرزینێک
لەرەی دەخستە داوێنی کراسی دایک
ترس لە تاریکیەوە دەهات و لە ڕووناکیدا ون دەبوو، لە حەوشەی تاریکەوە تا زووری نیوە ڕوون
هەناسە کپ کردنێک و ڕاکردنێک
نسێی دەستی داپیرە
عەرزی جێدەهێشت و لەسەر کاریتەکان سێبەری سەرمانی دەلاواندەوە:
— بۆچی ڕەنگت پەریوە، کورم؟

کۆڵان لە ماڵەوەی ڕفاندین و شەقامیش لە کۆڵان
نەمانبیست هاواری دەرگا و قیژەی پەنجەرە
چەقۆکان پەلکێشیان کردین تا بیانگۆڕینەوە بە چەک
تا بمانگۆڕنەوە بە چەتەی هەرزانە نەماندەزانی؛ کە چەکمان لەشان بێ

بەپوولەی خەون، ئاوریشمی خەو بەجێدێڵێ.
لە گێژەڕێی نامۆییدا
تەمەنی تینووی خۆمان بینی
سڵاومان لێنەکرد و تێپەڕین
دەترساین و ترسی خۆمان لە دەنگی تەقەدا دەشاردەوە
سێبەرمان لە تاریکیدا وەستابوو
نەیدەزانی چاومان پڕە لە تابووت و
گوێیەکانمان لە نەبیستن.
ئاو رووباری برد و
وشکایی پردی ئاگر بوو
گلۆر بووینەوە
لە پرمەی گریانی دایکەوە
بەرەو نشێوی تابووتەکان

ئێستاش...
گەڵاکان لە شەودا
رەنگی شەو لەبەر دەکەن
بەردەکان
پەنا دەبەنە بەر سێبەری قورسی پیرەدارەکان
لە وێستگەی رووداوەکاندا
جگەرەیەک دەکێشین، سەرێ دەلەقێنین
مەست نین و مەستانە دەرۆین
بێ ئەوەی سێبەرەکان لاچن
تا بتوانین
بەردبوونی بەردەکان
بخەینەوە یادی قاچەکانمان
شانمان بریندارى ئەو تابووتانەیە، هەڵمان نەگرتوون
نامۆین بە نامۆیی تەمەنمان
گوێمان پڕە لە دەنگی ئەو تۆپە لاستیکیانەی
لە کۆڵانی ئێوارەوە
بەرەو نشێوی شەو چوون





ئێستاش...
ئێمه من نیم
من ئێمه نیم
ئێستاش...
هەندێ شت هەندێ کەس و هەندێ کەسیش هەندێ شتم دەخەنە یاد
شەقەی باڵی باڵندەیەک
ـ کە من ناوی نازانم و ئەویش نازانێ منێک هەیە و ناوی نازانێ ـ
بەڵام دەفڕێ رووەو «هیچ کوێ؟»
ئێستاش...
«تا لە منتان نەپرسیوە، دەزانم. هەر کە پرسیتان هیچ نازانم!»
(رەحمەت لە رۆحی «ئاگۆستینۆی پیرۆز» بێ!)
ئێستاش...
ئەم منداڵێتییەی لە پیریم موتوربە کراوە، شتێ دەنووسێ
من دێم و بەسەر شتە نووسراوەکانیدا دەچمەوە.
دەچم.
دەچمەوە...
بەسەر تەمەنی منداڵێتیم و پێداچوونەوەی منی مندا دەچمەوە.
لەسووچە تاریکەکانی دێرەکاندا چاوم سەتمەیەک دەکا
رادەوەستم
رادەمێنم
منداڵێتیم لە پەنجەرەوە تێم دەڕوانێ و
پیریم لەبەر دەرگا دەستی سڵاوی هەڵێناوە
کۆخە دەرفەتی نادا.
گەنجێتیم تێدەپەڕێ
شانێکی وشک و ئەوی تریان تەڕ:




دیار و نادیار
دەلەرزێ و نالەرزێ
دەڕوا و دەڕوا
دەتوێتەوە.

ئێستاش...
شەقەی باڵی شەوفڕێک بە ئاسمانی پشت پەنجەرەدا و
تەڕبوونی هەوا بە بۆنی برین
بۆن دەکەم بە برینی بڕینەوە
دەنگی شەوچرێک لە دۆڵەکانی رابردوودا
سەری پیریم وەردەچەرخێنێ.
وەردەچەرخێ
ئێوەش وەردەچەرخێن
بەڵام من دەمەوێ من بم
من وەرچەرخێم
وەردەچەرخێم:
وێستگەکانی رابردوو لە شانەکانی هەنووکەمدا دەتوێنەوە.
خۆم لە مانگی سەربڕین دەرباز دەکەم و دەکەومە وەرزی بڕینەوە.
هەر سەرێ، لە هەر شوێنێ دەبڕدرێ
خوێنی تاڵ لە برینی ئاڵم فیچقە دەکا
لە ترسی خوێن
ترسی ئێوە
خوێنی ئێوە
خۆم بە کیشوەرێکی قەحبە دا دەکەم
تا کیشوەرە قەحبەکەم ببێ بە کا... لەنێو دەستی با..
بادێ...
ڕۆژنامەکان لوول دەدا
هەواڵە تاڵەکان ئاوێتەی رێکلامی قاوە و کۆمپیوتەر و کۆندۆم دەبن
قاوە بۆنی گریانی ژنێکی لێ دێ
نازانم لە وێنەکەیدا بە چ زمانێ دەگریێ
گریانی وێنەی ناو رۆژنامە سەری مەیتەکەی سەرشانم وەردەچەرخێنێ
هاواری مناڵێک لە لاپەڕەی دڕاوی رۆژنامەیەکدا
بێدەنگیی دەروونی دۆڕاوم دەکا بە مینبەر
بێ باسی پڕە لە باس.
من ناتوانم «من» بم
بەم مەیتە بەجێماوەی سەرشانم



من ناتوانم «من» بم
بەم گریانەی تێیناگەم وداوێنی زەینم بەرنادا
من ناتوانم «من» بم
بەم منالەی لە لاپەڕەکاندا گریانی خۆی دەخاتە قورگمەوە.

من، نە منم لە هەنووکەدا
منێ... کە رام دەکرد و لە نەگەیشتندا پیر دەبووم
کارم دەکرد و لە مەودای نێوان دەست و ناندا پیر دەبووم
ئاشق دەبووم و لە نێو دێری نامە هەرگیز نەنووسراوەکاندا پیر دەبووم
دەستی زەینم دەگەیشتە تێگەیشتنی هەوالەکان و لە لەرزینی شانەکانی باوکمدا پیر دەبووم
چاوم لە ئەستێرکی چاوی دایکمدا دەخنکا و بەدەم خنکانی بێدەنگەوە پیر دەبووم
بیرم لە پیری دەکردەوەو بەدەم بیر لە پیری کردنەوەوە پیر دەبووم
من..
من..
من!



(بۆ ئاگاداری!... بۆ ئاگاداری! تکا لەو دایک و باوکانە دەکەین کە مندالەکانیان لە بۆمبارانەکەی حەفتەی رابردوودا لێ ون بووە؛ بە زووترین کات بێنە بەر دەرگای مزگەوت. بەختەوەرانە چەند جووت پێلاوی نیوە سووتاوی منالانەمان دۆزیوتەوە. لەوانەیە پێلاوی منالەکانیان بناسنەوە و لە نەبوونیان دلنیابن.)
دەستی دایکم پڕ بوو لە عەبایەکەی
گوتم «دایە بۆ کوێ؟»
گوتی «بڕۆم بزانم، ئەگەر پێلاوەکانت لەوێ نەبن، لە زیندووبوونت دلنیاتر دەبم!»

ئێستاش...
ئەی «ئێوە» و «من» و گەنجێتی و پیری و رابردوو و ئایەندە و هەنووکە قەحبەکەم!
من پێلاوە سووتاوەکانی خۆم لە لاپەڕەی رۆژنامەکاندا دەناسمەوە!
من فرمێسکەکانی دایکم لە لاپەڕەی رۆژنامەکاندا دەناسمەوە!
لاچن...
ئەم مەیتەی سەرشانم دەیەوێ بمنێژێ!

زستانی ۱۹۹٦ ستۆکهۆلم

پشکۆ نەجمەدین

# ئەو ساتانەی مەرگ باری

[ئێمە نیشانەیەکین ناخوێندرێتەوە، ئێمە هەست بە هیچ ئازارێک ناکەین، وا پێدەچێ ئێمە زمانمان لە خاکە نامۆکاندا بزرکەین--- هۆلدەرلین]

چرکەساتی لەگۆڕنانی مێژووی برینە نەمرەکان، ئەو زامە هەرگیز قەتماغە نەبەستووانەی کە لەبەهارەڕۆژێکی بۆنداردا، لە بیابانە قاقڕ و زەردەکانەوە، بارگەیان تێکنا و لەسەر جەستەی زیویمان هەواریان خست. زرینگەی زەنگی ئەو چرکەساتانە، بۆ هەمیشە لەبولێڵی بیرەوەریماندا، زایەڵەی دێ....

مێژوویەکی ئێڵنج هێنەر: پریاسکەیەک گوناه و هەگبەیەک تاوان و ڕۆمانێکی نەنووسراوی لەبنهەنگڵ ناوە و دەستە و دامان لەدومان هەنکەهەنکییەتی و ئێمەش، نە زاتی خوێندنەوەیمان هەیە و نە توانای ناشتنیشی!.

مێژوویەکی لەسەرشانمان هەڵتروشکاو، گران وەک بەردەکەی سیزیف.. ئەرێ ئێمە مەحکومین بە مێژوو؟!، ئەوە ئێمەین کە دەبێ لە ژێلاوە بۆ سەر لوتکەی پاڵپێوەنێین؟!. یاخود ئەوە ئەسپی مێژووە کە گالیسکەی چارەنووسمان لەم دەشتی کاکی بەکاکیی زیندانەدا دەئاژووێ؟!.

زۆر هەن دەڵێن: میللەتە مەزنەکان مێژووی مەزن دەخولقێنن، لە خوێندنەوەشیا لەزەت بە ڕۆحیان دەبەخشن و واژامی بەژنی دواڕۆژیان دەبێتە چرۆی ئەرخەوانیی.

ئێمە لەبەر قریشکەی کوڕپەی ڕۆحمان، توانای توێژینەوەی مێژووی خۆمان نییە. تۆ بڵێی ئێمە مرۆڤ گەلێکی گچکە و گوناباربین؟!... لە مەرگەساتی جەستەماندا هەست بە کزانەوەی تاوانەکانمان بکەین؟!، یاخود لەزەت لە دیلییەتی ناخ و بزربوونی زمان و نامۆبونی ڕۆحمان ببەین...؟!.

سا وەرن!.. تا پێکەوە بە گەرووی چرکەساتە مەرگ چێنەکاندا ڕۆبچین و لە دالانی ئەنگوستەچاوی جیهانی لەزەمەن دابڕاودا، چراوگێکی لەرزۆک پێکەین. ئەو جیهانەی؛ مەودای نێوان دەنگ و بێدەنگی، گوناه و پاکیزەیی، مەرگ و ژیان دەسڕێتەوە ... ئا لەوێدا پەندێک ببینینەوە، پەندێک نەک بۆ ئەزبەرکردن بەڵکو بۆ تێڕامان!.

ئێمەی کورد: گەلێکی جەستە دازاوی، برینە باڵای، هەناو ڕەشی، بەژن لەخوێن هەڵژەنراوی نێو جەنگەڵی ئەم وێرانەیەین کە جیهانی پێ دەگوترێت... خاکمان؛ مەکۆی جەنگی نێوان زاڵمانە و خۆشمان، شمشێرەخوێناوییەکانی دەستیان. هەربۆیە بوونمان کرێچنی مەرگە و نیشتمانشمان، باربەستی قۆشەنە برسییە هەرگیز لەخوێن تێرنەبووەکانیان.

هەڵەبجە!.. ئەفسانەیەکی خنکاوی بن گۆمی لیخنی جەنگ و سیاسەتە و لەژێرەوە هاوارییەتی... دەست ڕادەدات تا

پەلمان بگرێت و لە خەونی جیهانی بێئابڕوویی سیاسەت و مافی مرۆڤدا، رامانچەنێنێ و بێدارمانکاتەوە!. ئا ئەوەتا... میللی زەمەن بۆ دواوە دەچەرخێت و کات: بەربەیانێکی وەنەوشەیی... رۆژ: ١٦ی ئازاری ١٩٨٨... شوێن: دەڤەرێکی تازە بە شنەبای بەهار خەملیوی نێو ئامێزی {سورێن}و {بالانبۆ}ی کوردستانە... رووداو: سەرکەوتنی تراژیدیای مەرگ و جێگۆڕکێی داگیرکەرانە!...

هەڵەبجە ماکەوێکی تازە لە قەفەز دەرفرتیوە و لە دنیای حەپەساندا باڵەتەپێیەتی!. ئینسانەکان، رەوتی ئاسایی ژیانیان تێکچووە، مینا مێگەلێکی گورگتێبەربوو، بەترسەوە بەیەکدا دێن... لەنێوان دێوی ژێردەستی و هومای ئازادیدا، وڕ و ئەبلەق ماون... چاویان لە ئاسۆی لێڵ و نادیاری چارەنووس و سیمای خوێناویی چەکدارەڕیشنەکان بریوە. چەکدارەڕیشنەکان: بزێون، زمان شیرین و خۆشگوفتارن. کەچی لەترپەی پۆستاڵەکانیانا، توک و نزای بێوەژنە رەشپۆشەکانی مهاباد و لەسیمای نوورانییاندا، زووڕەی کچێنیی ئەتککراوی کیژۆڵە هەڵواسراوەکانی {سنە}ی خوێناویی دەبیسین!.

کەژاوەی پێغەمبەرە چنگ سوورەکان لەچوار لاوە، پەیتا پەیتا لەشار وەردەبن و خەڵکی شاریش، ئەچەپکە گوڵی سەرکەوتنیان پێشکەش دەکەن و نە بەردەبارانیشیان دەکەن.

زاری بڵندگۆکان، شیلەی جاڕی سەرفرازیی دەبارێنن، کەچی پورەهەنگی جەماوەر لێیان دەپرینگێنەوە و ئاپوورەیان لێنادەن!. تۆ سەدان پرس لەچاوانی بزۆزی شاردا، دەخوێنیەوە و تەمی گومان لەڕووی هەمواندا دەبینی!. گومان لەچی؟!... لە هیچ و لە هەموو شتێک!. کێ دەزانێ ئەم دەڤەرە ژانی چ کارەساتێک گرتوویەتی و زریانی چ وەیشوومەیەک و بارانی چ هەنگامەیەک، خۆیان مەلاس داوە؟!. کێ دەزانێ درەختی ئەم سەرکەوتنە درۆینەیە، گوڵی ژاڵە یان دڕکەزی یان گوژالکی پێوەیە... کەس نەیدەزانی لە فەرهەنگی جەنگە نەفرەتییەکاندا وشەی {سەرکەوتن} سڕاوەتەوە و هەموو جەنگاوەرەکان هەر دۆڕاون!. ئێمە چۆنمان زانیبا کە{مرۆڤ تەنیا خۆی رزگارکەری خۆیەتی و چ کەسێکی دیکە لەبری ئەو ناتوانێت پەیکەری ئازادیی بۆ رۆبنێت!.}

ئێمە هەموومان بێئاگابووین تا کرۆنۆلۆژیای رووداوەکان بۆخۆیان هاتنە زمان:-

- ١٦ی ئازاری ٩٨٨... سێ رۆژ پێش ئەم مێژووە، ئاگری شەڕ هەڵایسا. هێزە دژەکان لە گژ یەکدی راچوون و دەشتی هەڵەبجە بوویە سەحرای کەربەلا... لەماوەی دوو رۆژاندا خەیبەری هەڵەبجە داگیرکرا. بەرئەنجامی سەرکەوتنی داگیرکەرێک و شکستێنی ئەوی دیکە، بۆ ئێمە هەرەسێکی گەورەتر و مەرگێکی بەکۆمەڵ و خەمێکی بەخەمتر بوو...

- هەر ئەمرۆکە، کاتژمێری ١١.٢٥ دەقیقە... پۆلەداڵاشی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ، ئاسمانی شاریان داگیرکرد و لەسەر تەختی خوای ستەم رۆنیشتن. تەرزەی بۆمبا بێت بە بستی کۆچە و کۆڵانی شاری کێلا... زووبن!!... فریاکەون!!، بەرە و ژێرخان و پەناگا، هەمان لەنگێزە شوومەکەی چواردەساڵی لەمەوپێشە و مێژوو دووپات دەبێتەوە!. لەکونی حەشارگاکانەوە چاومان لێیە، چۆن ئەهریمەنی شەڕ، خۆی دەکوتێتە ماڵ بە ماڵی{کانییە قوڵکە}و باکووری شار...

- کاتژمێر دوو و چارەکی پاش نیوەڕۆ... ئاسمانی شار رەشە، وەکو سیمای رەشی فاشیستەکان... وەک عەمامەی ئاخوندەکان... وەک ئەقڵییەتی سیاسی خۆمان!. پۆلی سەرگەڕ گردەخۆن و خوێنییان دەوێ... بۆ{جولەکان}، {پیر موحەمەد}، بەرەو ماڵی {وەسمان پاشا}و {باخی میر}و {کانیی ئاشقان}... هەر ئاڵەیە و رەگی خانوو لەبن دێنێ، هەر گرمەیە و ئێسک و خوێن و ئاخی خاک و شکۆفەی هێشتا نەکراوەی درەختەکان هەڵدەشیلێ.

- کاتژمێر، دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ... پۆلە داڵاشی دڵئاسنین، هەر لەپەسا دەقریشکێنن. هەوری بۆمبا بڵاچەی دێ و دەنگی نییە... رەنگی دووکەڵ، سپی وەک شیر... بۆنێکی نامۆ کونەلووتی شاری پڕکردووە... بۆنی سیر دێ.. ئەم جاجکە، مەزەی مەرگە...!

بێ پەروا لەسەر مێزی بادەی مەرگێکی پڕگاڵتەجاڕی دانیشتووین... ژێرخان و حەشارگاکان، سێخناخن لە مرۆڤە بەمەرگ حوکمدراوەکان... ئەو مرۆڤانەی نە لەمەرگ دەگەن و نە لە ژیان... نە ترسنۆکن و نە جوامێر و جەربەزەشن... ئەوان لەناو تەمێکی سپیدا، بێگوناهانە سەما دەکەن... سەمایەکی ئەبەدی، سەمایەکی پڕ لەقاقا!!. لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی زەمەندا، گەوەی ئەم تەمە ئەگریسە: چڕتر، تەنک تر، شێتانەتر، بەژنی زراف و هەڵچووی شار دەگوشێت و بە ئەنگۆرەی ئەرخەوانیی ئەم ئێوارەیەی دەسپێرێ...

جۆلانەی شەو جەستەی شەقام رادەژێنێ... شەقام شانی لەژێر قورسایی تەرمە پیرۆزەکاندا داداوە و دەست بۆ پەلی مێرگ و نوالان رادەدات... دیوەخانی سینەی مێرگ و گوڵجاڕانیش، وا جمەی دێ و هانا بۆ تریفەی مانگ و سۆزی چیا و فرمێسکی ئەستێران دەبا...

مانگ: چەپکێ تریفەی... شاخ: سۆز و عاتیفەی... ئەستێرە: کانیلەی چاوانی، دکەنە کەژاوەی کۆتەڵی ئەم کۆستە و دەیدەنە دەست{سیروان}.

لەوساوە و تا ئێستا و تا وشە شاباڵی فڕینی بمێنێ، هەڵەبجە شەپۆلی زامداری سیروانە و بەهاران، ئامبازی ترۆپکی {باڵانبۆ} دەبێت و لەوێرا، ئەورۆزێ پێدەکا و بڵێسەی ئاخیشی سترانێ دەچرێنێ... هەڵەبجە وا دەڵێ:-

{من پۆلە زامێکی زیوینم... تریفەی مانگێکی سارد و سڕ لە خۆوەی پێچام و
پێکەوە مەداری مەرگمان جێهێشت و هەڵفرین!.
فرسەخێ رێگامان بڕیبوو؛
با هات و جڵەوی ئەسپەکەی لێگرتین.
دوو فرسەخ رێگامان بڕیبوو
خۆر هات و چاوی خۆی پێ بەخشین.
سێ فرسەخ رێگامان بڕیبوو،
شەپۆلە سەوزەکان لەکۆڵیان کردین و سترانی ژیانیان بۆ چڕین.
زەریاکان: دوا وێستگەی سەفەری ئێمە بوون، لەوساوە بێهودە دێن... دەچین
بەستێنێ دەستی خۆی، نانێتە نێو دەستی هیوامان
ئەوینێ پشکۆی خۆی ناخاتە نێو دڵی ئەوینمان
وا ئێمە سنووری مردنمان بەزاند و کەژاوەی ئەم گەشتەش، نەگەیشتە دوورگەی ژین!:}
ئەم دەنگە، چریکەی گۆپیتەی سەرچڵی لقێک بوو، ئەمێستا قەدی خۆی جێهێشتووە و
لە نێوان زەمین و ئاسماندا، چەترێکی پەمەیی هەڵداوە!.
ئەم تیشکە، چریسکەی چلچرای رۆحێکی ماندوو بوو
ئێستاکە لە بەندی جەستەی خۆی رەهایە و لەسۆمای زەمەندا
دەسووتێ و تەنیایە....!
ئەمە سەربووردەی کارەساتی هەڵەبجە بوو، یاخود هەڵەبجەی کارەسات!.
ئێمە شاهیدی هەڵەبجە بووین!
ئێمە خولقێنەری هەڵەبجە بووین!
ئێمە قوربانییەکانی هەڵەبجە بووین!
ئێمەی مرۆڤە گچکەکان
ئێمەی سەربازی شەترەنجی سەرکردەکان!

ئازاری ١٩٩٥- ستۆکهۆڵم

**ببورن!**

لە ژمارە (١٨-١٩) ی ڕابوون، لەسەرەتای لاپەرە (٩٦)، لە بابەتی: دیدارێک لەگەڵ بۆران تۆنستۆم دا، کە کاک حەسەن نور ئامادەی کردبوو، پرسیارێک بەربیوو، بەداوای لێبووردنەوە وادەقی پرسیارەکە لێرەدا بڵاودەکەینەوە:

* پاشان گەشتێک بەرەو یۆنانستان دەکەن. من هێلم بەرێز چەند دێرێکی نووسراوەکانتدا کێشاوە، جارجار ئەو دێرانە دەخوێنمەوە. ئێوە دەڵێن: بابە بۆ ئەم کارەت پێکردنم، بۆ ئاچارت کردم رووەو پاشتایی ئەوروپا هەنگاو هەڵێنم. بۆچی ئاچارت کردم ئەم رێیە بێ ماتایە بگرمە بەر.

دەمەوێ بپرسم باوکتان بە چ جۆرێک ئاچاری کردن بەرەو ئەوروپا گەشت بکەن؟

# دەق

سابیر رەشید

چی بکەم لێم ناگەڕێن زوو دەمسڕنەوە، دەنا بۆخۆم دەبووم بە پاڵەوانێکی چیرۆکەکە و بە هەوەسی خۆم لە ناو پانتایی دەقەکەدا تەراتێنم دەکرد. وەلێ ئێستا لەم شوێنەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکەی لێیە دۆشدادەمێنم، هیچم پێناکرێت، هەر بە تەنیا و گۆشەگیری و بەندی دەمێنمەوە. بیرۆکەیەکە، دووانە بۆتی دەگێڕمەوە و دەبێت تۆش بەشداریم لەگەڵدا بکەیت، چونکە ئەو دیمەنانەی من باسیان دەکەم ئەگەر بۆن و بەرامی پێوە نەکرێت و نە بێت بە دەقێکی ئێستاتیکی ئەوا من خۆم بە هەقایەتی لە قەڵەم دەدەم. من دەسەڵاتم هەر ئەوەندەیە تا بۆتی دەگێڕمەوە، چونکە (ڕۆلان بارت) منی نووسەر دەمرێنێت و مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، بۆیە نۆرەی بەشداری تۆیە. ئەگەر لەگەڵ دەقەکەدا بژیمایە دەهاتم خۆم دەگەیاندە ئەو ژوورەی مرۆڤەکەی لێ پەلبەستکراوە، (دریدا)ش ژوورەکەی لەبەریەک هەڵوەشاندۆتەوە و کردوویە بە چەند لەتەوە و پاڵەوانەکەی لێکردووم بە چەند پارچەیەکی تر و هەر یەکە و خاوەن ژووری بچووک و بە جەستە لێکدابڕاو، کە ئەوان چێژ لەم لێکترازانە دەبینن.. ناتوانم بەدوای کلیلی زیندانەکەدا بگەڕێم و بیدۆزمەوە و، لە گەڵیاندا رزگاری بکەم. من کارەساتەکەم وا دیوە.. ئێوەش ئەم سەرەداوانە بزانن. دەقەکە بێ من تەنیا یەک پاڵەوانی سەرەکی هەیە.. کات- هەردەم و زەمانێک کە تۆ هەڵیدەبژێریت ئەوا لای منیش پەسندە. شوێن- خۆم هەڵمبژاردووە و ئێوەیش دەتوانن گۆڕانی تێدا بکەن. کرۆکەکە وایە.. پاڵەوانەکە دەکەوێتە ناو چاڵێکەوە و لەوێ بەرەو جیهانێکی تر شۆڕدەبێتەوە.. لەوێ تاوانی غەوارەی دەدرێتە پاڵ و بە مەترسی خۆیانی دەزانن، بۆیە مافی ژیانی لێ دەستێندرێتەوە. ئیدی دەخرێتە ناو ئەو ژوورەی لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆکرد و.. چی لێدەکەن؟ (فرۆید) و (لاکان) چۆنی تێدەگەن؟ چارەنووسی پاڵەوانەکە بەچی دەگات؟ ئەوا خۆت وەڵامەکان بدۆزەرەوە، چونکە تۆش وەک من بەشداریت، ئا ببورن مادام ئێوەش هەڵگری ئەم پەیامەن.. بیرۆکەیەکی تریشم هەیە کە هاوشێوەی ئەویترە، بەڵکو ئەمەیانت لا پەسندتر بێت، یان هەردووکیان بخەیتە ناو یەک جەستەوە و زمانێکی شیعری جوان و تەکنیکاریشی بۆ بکەیت، رەنگە پێکەوە پرۆژەی دەقێکی شیاو بنیات بنێین.

ئەوێ شەوێ (ئاکار) خەونەکەی خۆی وەها بۆ گێڕامەوە: درندەیەک ماراسۆنی لەگەڵ دەکردم.. هیچ رێگایەک نەبوو پیایدا دەربازبم.. پەیژەیەکی بێ کۆتایی بەرەو قوڵایی ئاسمان هەڵدەکشا، پیایدا هەڵگەڕام. درندەکەش وەک جاران هەر بەدوامەوەبوو، لە ترسان تۆقیبووم. لەتاو گیانی خۆم جار جارە دوو سێ پایەم بە جارێک دەبڕی. لە ناکاو داچڵەکیم و بە ئاگاهاتم.. ئیدی نەمزانی بووم بە نێچیر یان سەرکەوتم.

بەڵێ منی چیرۆکنووس شایەدی ئەوەی بۆ دەدەم، ئەوەبوو کە بە ئاگاهات تاسێک ئاوم دایە و فەرامۆشی هاتەوەبەر. ئەم خەونەم نووسییەوە و کردم بە کورتە چیرۆکێک و بۆ رۆژنامەیەکم نارد، کە بلاوکرایەوە زۆرم سەیر پێهات، بینیم لەوێدا (ئاکار) رووەو قولایی زەمین رۆدەچووە خوارەوە و ماراسۆنی درندەکەش دوایی نەدەهات!.. بیرم کردەوە ئای ئەم دەقە چی بەسەر هاتووە! پاڵەوانەکەم لەوێ بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا، کەچی ئاوەژوو کراوەتەوە. تومەز لێپرسراوی لاپەڕەکە شەوی پێشوو گەلێک باسی فۆرمالیستی و دادایی و سوریالی و بێهودەیی و ئەزموونگەری و ئەم جۆرە بابەتانەی بۆکرابوو، بۆیە لای خۆیەوە تاقیکردنەوەیەکی نوێی بە دەقەکەی من کردبوو و بەراوەژوو بلاویکردبۆوە، ئیدی بێ ئەوەی من دەستم تێیدا هەبێت بوو بە مۆدێل.. ئینجا تۆی وەرگریش مافت بەسەر دەقەکەوە هەیەو من هیچ رۆڵێکم نامینێت و نامەکە لای تۆیە تا ئەنجامێکی شیاو بۆ پرۆژەکە بدۆزییەوە و دەقێکی تری لێهەڵکرێنیت، کە شیاوی ئەوە بێت پێی بگوترێت چیرۆک.

هەولێر – کانوونی دووەمی ١٩٩٦

### مرۆڤ و وەلات د هەلبەستێن رەفیق سابیر -ی دە
### نووسین و وەرگێڕان و ئامادەکردنی: خەلیل دهۆکی

لە کۆتایی سالی رابردوودا، شاعیر و نووسەری ناسراوی کاک خەلیل دهۆکی کتێبێکی بە دیالێکتی کرمانجی و حەرفی لاتینی بە ناوی مرۆڤ و وەلات د هەلبەستێن رەفیق سابیر -ی دە بلاوکردەوە.

نووسەر لێکۆلینەوەیەکی دەربارەی شێوە و ناوەرۆکی شیعرەکانی رەفیق سابیر و تەکنیکی هونەری شیعرەکانی نووسیوە و شوێنی شاعیر لە بزاڤی شیعری ئەمڕۆی کوردیدا باسکردووە. نووسەر لە ناو هەشت کۆمەلە شیعری بلاوکراوەی شاعیردا، کە لە نێوان سالانی ١٩٧٠-١٩٩٥ دا نووسراون، کۆلێژێکی فراوانی شیعرەکانی شاعیری کردووە و کۆپیەی بە پیتی لاتینی. لە کۆتایی هەر شیعرێکدا نووسەر فەرهەنگۆکێکی بۆ وشەکان کردووە و ماناکانیانی بە زاراوەی کرمانجی باکوور لێکداوەتەوە، کە ئەم کارە بۆ لە کۆتشتە کۆمەکێکی زۆری خوێنەر دەکات تا ئاسانتر لە ماناى ئەو وشانە بگات کە لە زاراوەی کرمانجی باکووردا بەکار نایەن.

ئەم کارەی کاک خەلیل دهۆکی بەشێکە لە پرۆژەیەکی ئەدەبی گەورە، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد لە باکووری کوردستاندا بە شیعر و ئەدەبی کوردی، نووسراو بە زاراوەی کرمانجی خواروو (سۆرانی)، ئاشنا بکات و، لەو رێگەیەوە پردێکی ئەدەبی و رۆشنبیری لە نێوان خوێنەرانی باکووری کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستاندا دروست بکات، کە بەهۆی دابەشکردنی کوردستان و بەکارهێنانی دوو جۆرە زاراوە و دوو ئەلفوبێ لە نووسیندا دابڕانێکی رۆشنبیری لە نێوان خوێنەرانی باکوور و بەشەکانی دیکەی کوردستاندا دروست بووە.

کارەکەی کاک خەلیل هەولدانێکی جگەرسۆزانەیە بۆ پێناساندنی ئەدەبی باشووری کوردستان و کەمکردنەوەی ئەو لێکدابڕانە رۆشنبیری و ئەدەبییە.

# ژن و مێردایەتی کاتیی (سیغە) لە ئێراندا

ئیبراهیم قوربان

لە رابوونی ژمارە ١٨ و ١٩ دا وتارێک بە ناونیشانی سەرەوە بڵاوکراوەتەوە، کە مەهاباد قەرەداغی لە بەر رووناکی کتێبی شەهلا حائری نووسیویەتی.

ئەم چەند دێرە بە هیچ شێوەیەک نە بەرگرییە لەو شێوە ژنهێنانەو نە کۆششێکە بۆ لایەنگرتنی لایەک، بەڵکو هەوڵدەدەم بەگشتی پەنجە بخەمە سەرهەندێ لایەنی نادرۆستی وتارەکە.

لە گەل رێزی بێپایانیشم بۆ رابوون، دەبێت ئەوە بڵێم کە بڵاوکردنەوەی ئەو شێوە وتارانەدیقەتکارییەکی زیاتری دەوێت چۆنکە جگە لە گشت ئەو شتە نادروستانەی کە بە شیعەکان و سەردارەکانیان کراوە، لەو حەوت لاپەرەیەی وتارەکەدا بە دەیان جار هەندێ وشە بە زیادەوە بەکارهاتوون، وەک: "سکس و چێژی پێ دەبەخشێ رابواردن، ئارەزووی سکسی، پەیوەندییەکانی سکس، رابواردنی شەرعی، رابواردنی ژنان، لە پێناوی رابواردن، ..تاد بەکارهێنراون. لە کاتێکدا وتارەکە تایبەت بە بابەتی سکس نییە.

جەوهەری وتارەکەی لە سەر سیغەیە، کە بە عارەبیی پێی دەوترێ ( المتعە)، کە شێوەی ژنهێنانی کاتییە لای شیعەکان. وای بۆ دەچن کە ئەمە کرینی سکسە بە پارەو خشڵی گەرانبەهاو، لە ئێرانی هاوچەرخدا پیادەدەکرێت. رۆژهەڵاتناسەکان لە بارەی ئیسلام شتیان نووسیوە بەڵام سەبارەت بە شیعە شتی ئەوتویان نەخستوەتە روو، عومەری کوری خەتاب (سیغە)ی قەدەغە کردووە، جاروبار رژێمی کۆن و چینی ناوەندی لە ئێران ئەم دیاردەیانەیان رەددەکردەوە...

لەکۆتایی وتارەکەدا کتێبەکەی خانمی حائری بەکەم هاوتا دادەنێ لە رووی روونکردنەوە و پێشاندانی بابەتێک کە هێشتا کۆمەڵگەی رۆژهەڵات بە تەواوی لێی تێ نەگەیشتوون! وەکو بڵێی حائیری باسی هیندییەکانی ئەمەزوون، کە پێش ساڵێک لە جەنگەڵدا دۆزرانەوە، بۆ خەڵکی رۆژهەڵات بکات. یان شیعەکان دۆزینی لە ئەستێرەیەکی دورەوە گەیشتبنە خۆرهەڵات!

لە لایەکی ترەوە "لە قەراغەوە تاکو (مایيشت) پایتەختی مادەکان تەنها چەند فەرسەخێکە، کە هەر لەوێوە تاکو دەگاتە هەولنگی بەختیاری گشتیان هاووڵاتی کوردستانیی و شیعەن ئێدی کە ئێوە، پێش ئەم کتێبەی حائیری، لێیان شارەزا نەبوون، ئەوا پەیوەندی بەخۆتانەوە هەیە.

بۆ راست و ناراستی رایەکانی خانمی حائری هیچ خۆتان ماندو نەکردووە. لە باتی ئەوەی بە قسەی ئەو خانمە باوەربکەن چاکتر نەبوو چاوێک بە کاری خۆدی شیعەکانیشدا بخشێنن تاکو بزانن خۆیان چۆن چۆنی ئەم بازرگانییە بەرێوەدەبن؟

سەبارەت بە سیغە (المتعە) هەموو زانایانی ئیسلام چ ئەهلی سنە و چ شیعە دەیسەلمێنن کە لە قورئاندا بەم شێوەیە حەڵاڵ کراوە (فما استمتعتم بە منهم فاتوهن اجورهن فریضە- سورە النساء، ئایەتی ٢٤). هەروەها پێغەمبەر دەڵێت: (حلال محمد حلال وحرامە حرام الیٰ یوم القیامە) یانی ئەو شتانەی کە پێغەمبەری موسەلمانەکان حەڵالی دەکات تا رۆژی قیامەت حەڵاڵە. راستە کە عومەری کوری خەتاب سیغەی قەدەغە کردووە و خەڵکیشی لە سەر رەجم دەکرد، ئەوەش وتە بەناوبانگەکەیەتی لەم بارەیەوە: "متعتان کانتا علی عهد الرسول اللە (ص) انا انهی عنهما واعاقب علیهما " کەواتە قەدەغە کردنی سیغە لە لایەن عومەرەوە سەرپێچی بووە لە

قورئان و پێغەمبەر. بەردەوامبوونی شیعەکان لەسەر سیغە پەیرەوکردنی قورئان و وتەکانی پێغەمبەرە، نەک وەکو ئێوە دەڵێن "سیغەیان لە ئێرانی هاوچەرخ پێادە کردووە" پیادە و بەردوامبوون دوو شتی لەیەک جودان. هەروەها شیعە مەزهەبی دەولەتێک نییەو هەر لە ئێرانیشدا پەیرەو ناکرێت. لەو شوێنانەی کە شیعە هەن سیغەش هەیە وەک نمونە لە نیمچە دۆرگەی عەرەب و سەرووی ئافریقا و لە ناوەڕاست و خۆوارووی عێراق. من نامەوێ داکۆکی لە مەسەلەی سیغە بکەم، بەڵکو دەمەوێت ئەوە بڵێم کە باسکردن لەم مەسەلەیە، بە دوور لە گەڕانەوە بۆ بنەما و شەریعەتی ئیسلام، کارێکی سەرپێییە .

سەبارەت بە سەرپێچی دەوڵەتی ئێرانی سەردەمی حەمەڕەزا شا کە گوایە سیغەیان بە دیاردەیەکی سەرەتایی زانیوە و ویستویانە لە نێوی بەرن، ڕاست نییە. لەوەیش زیاتر هەر لە سەردەمی شادا، بە هەزاران "سۆزانیخانە" لە سەرتاسەری ئێراندا، کرابوونەوە. ئەوانەی لەو سەردەمەدا لە ئێران ژیاون لە جوانمەردی حەمەرەزاو دەولەتەکەی لەم بارەیەوە ئاگادارن.

لە لاپەرەی ١٥٥دا مەهاباد خان قسەکانی حائیری دووبارە دەکاتەوە، سەبارەت بە فتواکانی محەمەدی جەواد و جەعفەری صادق و، بە چ شێوەیەک سیغەیان حەلاڵ کردووە. پێش خانمی حائری خەڵکی دیکە یەک دونیاقسەیان بە زمان ئەوانەوە کردووە، جیگای داخە کە مەهاباد، بەبێ خۆماندووکردن بەدوای هیچ سەرچاوەیەکدا، قسەکانی ئەو دەڵێتەوە، لە کاتێکدا ئەمان خۆیان دەلێن، ئەگەر کەسێک بە نێوی ئێمەوە شتێکی گێڕایەوە دەبێ ئەو شتە لە گەڵ قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەردا بەراورد بکرێت ،گەر لەگەڵیان نەگونجا ئەوا هی ئێمە نییە و بویان هەڵبەستووین.

لە کۆتایی لاپەرەی ١٥٢ هاتووە کە گوایە سیغە جۆرێکە لە مولکداریەتی، واتە گۆرینەوەی سکس بە پارەو خشڵی گران بەها !

زۆربەی ئەوانەی سیغە دەکەن دەوڵەمەند نین و توانای کرینی خشڵی گەرانبەهایان نییە، تەنیا خۆاپێداوەکان دەتوانن ژن بە پارە بکرن و ئەوان، بۆ ئەم کارەیان، لە هیچ کومەڵگایەک و سەردەمێکدا پێویستییان بە سیغەو یاسا نەبووە ونابێت، هەر کاتێکیش ئارەزوویان لێبووە لێبێت ئەوا ئەم کارەدەکەن.

دواجار دەبوو ئەم مەسەلەیە بە جۆرێکی زانستی و بە پشتبەستن بە سەرچاوە ئیسلامییەکان باس بکرێت، چونکە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوانەو، بە بێ شارەزاییەکی باش لە مێژووی ئیسلام، قسەکردن لەم جۆرە بابەتانە کاڵ و کرچ و ناتەواو دەبن.

---

**لە ژمارەی داهاتوودا:-**

**فاشیزم چییە؟**

**هێنری میشێل**

**سمکۆ ناکام لە فەرەنسییەوە کردوویە بە کوردی**

# ڕاپەڕینی جوانڕۆو هەڵوێستی کامەران عالی بەدرخان لە ئاوێنەی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا

## (٢)

ئەنوەری سوڵتانی

لەم ژمارەی ڕابووندا، تەرجەمەی هەندێ بەڵگەنامەمان خستۆتە بەرچاو، کە ڕوانگەی ڕەسمیی دەوڵەتی ئێران و باڵوێزخانەو کونسوڵیەتی بەریتانیا لە تاران و کرماشانیان، سەبارەت بە ڕاپەڕینەکە دەخستەوە ڕوو.

ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکە لە مەیدانی جیهانیی و لە نێو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، بەهۆی چالاکی نواندنی کامەران عالی بەدرخان و ئەو ڕێکخراوەیەوە بوو کە بەناوی "وەفدی کورد"، هەر لە پاریس بنیاتی نابوو. ئاڵقەیەک کوردی دڵسۆز لە گەڵیدا هاوکاریان دەکرد. ڕاپەڕینەکەی جوانڕۆ لە مانگی ساڵی ١٩٥٠دا ڕوویدابوو، لە ٤ی ئابی ١٩٥٠دا بوو. نزیک بە شەش ساڵ دواتر، باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران نامەیەک بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی دەنێرێ و تێیدا باسی گەیشتنی نامەیەک لە لایەن "وەفدی کورد"ەوە دەکات، کە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ئەو ئۆپەراسیۆنەی ئەرتەشی شا، دژ بە هۆزەکانی جوانڕۆ، ناڕەزایی دەربڕیوە. من نازانم بۆچی "وەفدی کورد" و کامەران بەدرخان، شەش ساڵ دوای ڕووداوەکە، بۆچی سەرلەنوێ مەسەلەکەیان زیندوو کردۆتەوەو لەسەر بنەمای هەڵوێستی ڕژێمی شا، نامەیان بۆ باڵوێزخانەکە ناردووە. هەرچۆنێک بێت، بە بۆنەی ئەو نامەیە نامەی تاران بۆ لەندەن، ژمارەیەک نامە لە نێوان باڵوێزخانەکانی بەریتانیا لە بەغداو ئەنکەرا و دیمەشق و پاریسدا ئاڵوگۆڕکراوە کە زۆربەیان باسی کەسایەتی بەدرخان دەکەن و وا لێرەدا تەرجەمەی بەشێکیان بڵاو دەکەینەوە.

داوا لە خوێنەرانی ڕابوون دەکەین زانیاری و بیرەوەری خۆیان لەسەر ڕاپەڕینەکە، بۆ ئەوەی لە ژمارەکانی داهاتوودا بڵاوبکرێنەوە، بۆ چاپ بنێرن بۆ ڕابوون.

FO. 371/82000/xc/132947

پاریس ١٣ی سپتەمبەری ١٩٥٠-کۆپی-

وەفدی کورد

3 rue Debrousse

Paris 16

[ بۆ سەرۆک و ئەندامانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان]

پایە بەرزان،

من – بەناوی "وەفدی کورد"ەوە، شانازیم هەیە ئەو یادداشتەتان وەبیربێنمەوە وا لە ٢٩ی نوامبەری ١٩٤٨دا لەمەڕ گەلی کورد بۆتان نێردراو ئەم ڕاستیانەشتان

پێڕاگەیێنم:

دەفتەری مەرکەزیی ئەرتەشی ئێران لە چوارەمی سپتەمبەری ١٩٥٠دا، بەیانێکی دەرکردو تیایدا ڕایگەیاند کە کوردی"جوانڕۆ" سەریان لە چەکدانان باداوەتەوەو هێرشیان کردۆتەسەر پێگەیەکی ئەرتەشی ئێران. ئەوە، دژ بە ڕاستەقینەیە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کوردی ناوچەکە-وەک دانیشتوانی ناوچەی "شاهئاباد"، بەگوێرەی فەرمانێکی ڕەزا شای کۆچکردوو کە تا ئێستاش لەسەر بڕیاری خۆی ماوەتەوە،سەربڕاری باجی دەوڵەت ،

ناچارکراون ۲۰٪ی حاسڵاتیان بە شای ئێران بدەن.
فەرمانەکە- بەشێوەیەکی ملهورانە دەڵێ زەوی کوردەکان، ملکی تایبەتی شای ئێران بووە، ئەم قسەیە، بە هیچ شێوەیەک لە جێگەی خۆیدا نییە، چون کاتێ هەردوو باجەکە دەخرێتە سەریەک، دەبن بە نیوەی داهاتی خەڵکەکە- داهاتێک کە خۆی لەخۆیدا، بەهۆی شێوەی دواکەوتووی کشتوکاڵەوە، کەم و ناتەواوە.

ڕاست دوای ئەوەی کوردی جوانرۆ ملیان بۆ ئەو بەشە ناعادڵانەیە دانەنەواند کە لە لایەن کاربەدەستانی شاهەوە داوای دەکرا، ئەرتەشی ئێران دەستی کرد بە گرتن و کوشتوبڕی خەڵک. کورد- کە هیچ دەرەتانێکیان بۆ پارێزگاری کردنی خۆیان لەو کردەوە نامرۆڤانەیە نەمابوو، ناچار بەئامانجی پاراستنی خۆیان و ماڵیان، دەستیان دایە تفەنگ.

لەڕۆژانی ٤و٥و٦ سپتەمبەردا، تۆپی ئێرانییەکان لەگەڵ فڕۆکەی "هوریکان"، ناوچەکەیانی بۆمبباران کرد، کورد بە تفەنگی ئاسایی وەڵامی دانەوەو دوو "هوریکان"یان خستە خوارەوە. بەڵام بۆمببارانی گوندەکان درێژەی کێشا، لەسێ ڕۆژی یەکەمدا، چوار گوند بە تەواوەتی سووتێندران و سێزدەی دیکەیان بەشێوەیەکی جیددی تووشی زیان هاتن. ئەگەر ژمارەی دوازدە کووژراو لە شەڕکەران بێتە حیساب، ژمارەی کووژراوو بریندار لەناو ژن و منداڵ و پیر، دەگاتە دووهەزار کەس.

دوای ساڵانی ٤٧-١٩٤٦، ئەوە جاری دووهەمە چەکدارانی تاران هێرش دەبەنە سەر خاکی کورد. گوندەکان وێران دەکەن و دەیانسووتێنن، منداڵ و پیرەکووژن و سەرباری هەموو ئەوانە ، هەڵکەوتوانی نەتەوەکە لەداردەدەن.

بەناوی خەڵکەکەمەوە، بەتوندی دژ بەوکارە نامرۆڤانەیە دەوەستم و نارەزایی خۆم بە حکوومەتی ئێران ڕادەگەیەنم. مخابن، بارودۆخی کورد لە تورکیا و عێراقیش، زەحمەت لەوە چاکتر بێت.

شانازیم هەیە سەرنجی ئێوەی بەڕێز بەرەو ئەو ڕاستییە ڕابکێشم پەیمانی ساڵی ١٩٢٠ی "سیڤەر" کە لە لایەن زلهێزەکانەوەمۆرکرا- مادەی ٦٢،٦٣و٦٤ لە بەشی ٣، مافی گەلی کورد لەپێناو یەکێتی و خودموختاری و تەنانەت لە هەل ومەرجێکی دیاریکراودا بۆ سەربەخۆییش بە ڕەسمی دەناسێ.

ئیجازە دەخوازم تکاتان لێبکەم نفووزی یەکجار زۆری حکوومەتی خۆتان بۆ ڕاگرتنی کوشتاری دانیشتووان و بۆردومان و وێرانکردنی ناوچە کوردنشینەکان، بخەنەکار. هەروەها، لێتان دەپاڕێمەوە مەسەلەی کوردستان بخەنە بەردەمی زووترین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، تا بەگوێرەی ڕۆحی مادەی ۷۳ی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان لە باسی وڵاتە خودموختارەکاندا، پەیمانێک بۆ گەلی کورد زامن بکرێ و ئوسووڵی مەنشوورەکە، باڵ بکێشێتە سەر ئەوانیش.

دۆستی ڕاستەقینەتان
(ئیمزا) ئەمیر دکتۆر کامەران عالی بەدرخان

بۆ جەنابی Sir Gladwyn Jebb و...

FO. 371/82000/ c/132947
دەستەی نوێنەرایەتی بەریتانیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان- نیویۆرک
٣٠ی سپتەمبەری ١٩٥٠
نهێنی (264/11/50p)

ئیدارەی بەڕێز،
ئێمە کۆپییەک لە نامەی ١٣ی سپتەمبەرتان بۆ دەنێرین واڵە لایەن "وەفدی کورد" لە پاریسەوە پێمان گەیشتوەو تاوانی- وەک دەڵێن بێرەحمی، داوەتە پاڵ ئەرتەشی ئێران لە جوانرۆ.

٢) ئێمە هیچ هەنگاوێک سەبارەت بەو نامەیە هەڵناهێنینەوە مەگەر داوامان لێبکەن.

٣) نوسخەیەک لەو نامەیە بۆ بەشی سیاسی لە باڵوێزخانەی تاران، پاریس، بەغداو ئانکارا دەنێرین.

دۆستداری هەمیشەییتان
دەستەی بەڕێوەبەرایەتی (ئیمزا)
بۆ ئیدارەی ڕۆژهەڵات و، وەزارەتی دەرەوە.

**FO. 371/82000/xc/132947**

دەستەی نوێنەرایەتی بەریتانیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان- نیویۆرک

بینای ئیمپایرستێیت، نیویۆرک، **N,Y**

شەشەمی ئوکتۆبەری١٩٥٠

نهێنی **(264/11/50p)**

ئیدارەی بەڕێز،

تکایە بگەڕێنەوە سەرنامەی ژمارە 264/6/50 ی ئێمە لە ٣٠ی سپتەمبەر،کە نوسخەیەکی نامەی"وەفدی کورد"ی پاریسی لەگەڵدابوو.

ئێمە نوسخەی نامەیەکی دیکەی ئەوانتان بە سێ پاشکۆوە بۆ دەنێرین* و ئەویش هەر ناگرینە بەرچاو، مەگەر داوامان لێبکرێ.

نوسخەی ئەم نامەیەو، پاشکۆکانی بۆ بەشی سیاسیی لە تاران، ئانکارا، بەغداو، پاریس دەنێرین.

هەمیشە هی ئێوەین

دەستەی نوێنەرایەتی (ئیمزا)

بۆ ئیدارەی ڕۆژهەڵات، وەزارەتی دەرەوە،لەندەن SW1

* لەجیاتی دەقی نامەی"وەفدی کورد" و سێ پاشکۆ، دەقی دوو نامەی ڕۆژانی١٢و٢٦ی"وەفدی کورد" بەزمانی فەرەنسیی کراوەتە پاشکۆی، کە ڕوون نییە بۆ کێ نووسراوە.وەرگێڕ.

**FO: 371/120749/377**

**1822/2/56** نهێنی

باڵوێزخانەی بەریتانیا- تاران

١٤ی ئاپریلی١٩٥٦

دیپارتمانی بەڕێز،

ئێمە لەلایەن ڕێکخراوەیەک بە ناوی"وەفدی کورد"، لەژمارە١٣ی شەقامیHumblot، پاریسی١٥، نوسخەی یادداشتێکمان پێگەیشتووە کە ڕووی لە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانە و تیایدا بە نیسبەت هەنگاوی ئەم دواییەی ئەرتەشی ئێران دژ بە هۆزەکانی جوانڕۆوە، ناڕەزایی دەربڕاوە. ئێمە کۆپی یادداشتەکەتان بۆ دەنێرین. ئەو نامەیەی بۆتان دەنێردرێ لەلایەن کەسێکەوە ئیمزاکراوە کە وێ دەچێ ناوی دکتۆر کەممان[کامڕان] عالی بدرخان بێت، مۆرێکیشی پێوە دراوە کە دەری دەخات ڕێکخراوەکە لە ساڵی١٩٤٨ لە پاریس دامەزرابێت.

٢) ئێمە هیچ شتێکی دیکە لەمەڕ ڕێکخراوەکە نازانین، بەڵام نیشانەیەکی کەم لە یاداشتەکەدا هەیە کە بکرێ وەک تاکتیکی"بەرەی کۆمۆنیستی" تەفسیر بکرێ.

ئێمە سوپاستان دەکەین ئەگەر ئێوە یان باڵوێزخانەکانی پاریس، ئانکاراو بەغدا کە نوسخەی ئەم نامەیە و پاشکۆیەکەی بۆ ئەوانیش دەنێرین، هەرچەشنە زانیارییەکیان لەمەڕ ڕێکخراوەکە هەبێت، لە داهاتوودا ئاگادارمان بکەن.

دۆستی هەمیشەیتان

باڵوێزخانە

بۆ: دیپارتمانی ڕۆژهەڵات، وەزارەتی دەرەوە، لەندەن S.W.1

**FO. 371/120749/377**

**1825/2/56** نهێنی

باڵوێزخانەی بەریتانیا- دیمەشق

حەوتی مایسی١٩٥٦

دیپارتمانی بەڕێز،

جەلادەت بەدرخانی کۆچکردوو- کە نامەی ژمارە١٠٢٦/٧/٥٦ی دووهەمی مایسی[باڵوێزخانەی] بەغدا لەسەر یادداشتی "وەفدی کورد" بۆ سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان، باسی ئەوە دەکات، لەماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا- ئەو کاتەی وا لە نزیکەوە هاوکاریی کۆلۆنێل"W. Elphinstone"ی دەکرد کە لێرە لە[دیمەشق] دەفتەرێکی موخابەراتی لە ژێر چاوەدێریی دەفتەری ناوەندیی قاهیرەدا بەڕێوەدەبردو Lord Moyneی ئێستا، ئەندامێکی دەفتەرەکە بوو، بۆ ئێمە بە باشی ناسراوە. ئەو [لۆرد مۆین]، کامەران بەگ بەباشی دەناسێ.

بنەماڵەی بەدرخان -کە پشتاو پشت، سەزەک هۆزی کوردانی بۆتان لە"جزیرە" بوون ، شوێنێکی هەمیشەییان لەسەر ژمارەیەکی زۆری دراوسێکانیان هەیەو جەلادەت بەگ، وەک ڕێبەرێکی کوردی سووریا هەمیشە بەرهەڵستی کوردی سووریا بوە لەوەیدا وەک

کەمایەسی چاو لە خۆیان بکەن.

٢) ناوبراو، بۆ چەندان ساڵ لەسەر فەرهەنگێکی کوردی-ئینگلیزی کاری کردووە *، کە نەیتوانی پێش مردنی کۆتایی پێبێنێ. خێزانی، ئیگەران بوو نەتوانێ کتێبەکە چاپ بکات. دەستنووسی پێنج پیتی یەکەمی فەرهەنگەکە، لەلایەن ئەفسەری موخابەراتی ئێمەوە نێردراوە بۆ "قوتابخانەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان" بەڵام تا ئێستا بڕیاری چاپ کردنیان نەداوە. فەرهەنگەکە، بەپیتی لاتینی پێکهاتووەو کورد لێرە، وەک سیستەمێکی ئەلف و بێ چاوی لێدەکەن کە باشترە لەو سیستەمەی وائێستالەلایەن ڕووسەکانەوە پێکهاتووەو دەزانین بۆ ئامانجی بەرفراوانکردنی پروپاگەندەی خۆیان لە باکووری عێراق و ئازربایجانی ئێران بە توندوتیژیی کاری لەسەر دەکەن.

٣) گۆڤارە کوردییەکەی جەلادەت بەگ- واتە "هاوار" ماوەیەک لەمەو پێش لە سووریا وەستێندرا. گۆڤارەکە، لایەنگری ڕۆژئاواو دژ بە کۆمۆنیستەکان بوو. ئەگەر براکەی ئێستاش گۆڤارێکی ئەوتۆ بڵاودەکاتەوە، ئێمە لامان وایە بایەخی پشتگرتنی هەبێت. گۆڤارەکە ئەگەر یارمەتی بدرێت واهەیە بکەوێتە خزمەتی بەرگریکردن لە پروپاگەندەی ڕووسەکان لە نێو کورددا.

٤) ئێمە نوسخەی ئەم نامەیە بۆ باڵوێزخانەکانی بەغدا، ئانکارا، پاریس و تاران دەنێرین.

دۆستداری هەمیشەیتان
باڵوێزخانە

بۆ. دیپارتمانی ڕۆژهەڵات، وەزارەتی دەرەوە، لەندەن S.W.1

*[ من سەبارەت بەو فەرهەنگە و دەستنووسی فەرهەنگی دیکە لە کتێبخانەی -سواس-ی لەندەن وتارێکم نووسیوە هیوادارم لە داهاتوودا بڵاوبکرێتەوە- وەرگێڕ-]

FO. 371/120749/377
(EP 1821/2) نهێنی
وەزارەتی دەرەوە
٢٥ی ئاپریلی١٩٥٦

باڵوێزخانەی بەڕێز، نامەی ژمارە1822/2/56ی ڕۆژی ١٤ی ئاپریلی ئێوە سەبارەت بە "وەفدی کورد" گەیشت.

٢) ئێمەش نوسخەیەکی یادداشتی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانمان پێگەیشتووەو من بۆم دەرکەوت لەساڵی ١٩٤٨یشدا، شتێکی ئەوتۆ بۆ نوێنەرانی ئێمە لە نەتەوە یەکگرتووەکان نێرراوەو لە ساڵی ١٩٤٩دا بۆ نوێنەرانمان لەشۆرای ئەوروپاو لە ١٩٥٠دا، بۆ وەزیری ئەوەدەمی کاروباری دەرەوەو لە هەمان ساڵدا بۆ نوێنەرایەتیمان لەنیویۆرک هیچکام لەو نامانەش بە ئێمەرا نەگەیێندراوە.

٣) ناوی تەواوی ئەو کەسەی وانامەکەی ئیمزا کردووە، "کاموران عالی بەدرخان"ە. ئێمە سەبارەت بەو، یان "نورالدین زوزور"* – کە ئەویش نامەی نوێنەرایەتییەکەی ئیمزاکردووە یان "شەریف پاشا"- کە گومان دەکرێت یادداشتی ساڵی ١٩٤٨ی نووسیبێ، هیچ نازانین جگە لەوەی وەک کوردێکی پیر لە شاری ڕۆما دەژی" و هەرواش دەناسێندرێ.

٤) ڕاگەیاندنەکانی "وەفد" وا دیارە عادەتەن باسی ڕەفتاری ناشایستی حکومەتی تورکیا، عێراق و ئێران و کردەوەی چەوتی بەریتانیا – بە شێوازێکی دوور لە بێ ئیحترامیی دەکەن. بەڵام هیچ لایەنگرییەکی یەکێتی سۆڤیەتیان تێدا بەرچاو ناکەوێ.

٥) نوسخەی ئەم نامەیە بۆ باڵوێزخانەی پاریس، ئانکاراو بەغدا دەنێرین.

دۆستداری هەمیشەییتان
دیپارتمانی ڕۆژهەڵات

* [ نورالدین زازا – وەرگێڕ]

FO. 371/120749/377
1026/7/56 نهێنی

باڵوێزخانەی بەریتانیا- ئانکارا
دووهەمی مایسی١٩٥٦

دیپارتمانی بەڕێز،
تکایە بگەڕێنەوە سەر نامەی ژمارە1822/2/56ی باڵوێزخانەی تاران- ڕۆژی چواردەهەمی ئاپریل سەبارەت بە یادداشتی وەفدی کورد بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢) نووسەری ئەو نامەیەی لە گەڵیدا بوو و لە پاراگرافی ١ دا ئامارەی پێکراوە( هەروەها بۆی هەیە نووسەری یادداشتەکەش بێت)، دەبێ دکتۆر کامەران عالی بەدرخان بێت ، کە نەوەی بەدرخانی ناودارەو میری سەربەخۆی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورک لەسەدەی نۆزدەهەم بووە، هەروەها بەرپرسیاریێتی گەلێک کوشتاری ئاسورییەکانی لە ئەستۆبووە. ناوبراو، سەربەخۆییەکەی لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە بەرەسمیی ناسراوە.

٣) دکتۆر کامەران، بۆ سالانێکی زۆر لە پاریس ژیاوەو لەوێوە" مەڵبەندی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی کوردی بەڕێوە بردوە. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ناوبراو، گۆڕینی پیتی کوردی بوە بۆ ئەلف و بێی ئەوروپیی و چاپکردنی فۆلکلۆرو داستانی سوننەتیی کوردی بەو ئەلف و بێیە. براکەی - واتە جەلادەت عالی هەمان کاری لە دیمەشق دەکرد پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٠دا بمرێ. لەسییەکان و سەرەتای چلەکاندا بۆ هەمان ئامانج گۆڤارێکیان بە ناوی "هاوار" ەوە بڵاودەکردەوە. هەردوو برا، توانایی ڕۆشنبیریان هەبوو بە سروشت فێلبازبوون.

٤) ئێمە لامان وانییە پێویست بێت "وەفدی کورد" زۆر جیدی وەربگرین، بەڵام باش وایە نوسخەی ئەم نامەیە، هاوڕێ لەگەڵ نوسخەی نامەی باڵوێزخانەی تاران - بەبێ یادداشتەکە، بنێردرێ بۆ باڵوێزخانەی دیمەشق - کە دەبێ ئاگاداریی لەمەڕ بەدرخانییەکان و پێشینەیان هەبێت.
٥) نوسخەی ئەم نامەیە، دەنێرین بۆ باڵوێزخانەکانی پاریس، ئانکارا و تاران.

دۆستداری هەمیشەییتان
باڵوێزخانە
بۆ: دیپارتمانی ڕۆژهەلات، وەزارەتی دەرەوە، لەندەن.

FO: 371/120749/373
1822/7/56 نهێنی
باڵوێزخانەی بەریتانیا - ئانکارا
١٨ی مایسی ١٩٥٦

دیپارتمانی بەڕێز،
تکایە بگەڕێنەوە سەر نامەی باڵوێزخانەی تاران 1822/2/56 - ١٤ی ئاپریل و ئەو نامانەی وا سەبارەت بە "وەفدی کورد" بەدوایدا هاتوون.

٢) ئێمە تەنیا دەتوانین شتێکی کەم لە تەفسیری ئێوەو ئەوانەی وا باڵوێزخانەی دیمەشق وبەغدا لەسەر مەسەلەیان نووسیوە، زیاد بکەین.

٣)لە١٩٤٨تا ١٩٥٠ ،ئێمەنوسخەی ڕاستەوخۆی Bulletin Mensuel de Cantre deEtudes Kurd'e مان پێگەیشتووە. ناوەندەکە وادیارە لەژێر بەڕێوەبەرایەتی دکتۆر کامەران عالی بەدرخاندا بوویێت. بوڵتنەکە بە توندیی نەتەوەپەرستانەبوو گەرچی بە شێوەیەکی بەرچاو لایەنگریی سۆڤیەتی نەدەکرد، بەڵام هەندێ لەو کەسانەی هاوکاری دەرچوونیان دەکرد، پەیوەندییان بە باڵی چەپەوە هەبوو.

٤) ئێمە هەروەها زانیومانە دکتۆر کامەران عالی بەدرخان، لەساڵی ١٩٥٣دا لەپاریس، پەیوەندی لەگەڵ "ئەسلان هومبەرچی" کۆمۆنیستی تورکدا هەبوویێت و ئەو (واتە بەدرخان) ڕاپۆرتێکی دابوویە کە گومان دەکرا لە کوردستانی تورکیاوە هاتبێ و تیایدا دژایەتییەکی یەکجار توندو تیژی تورکان لەمەسەلەی بارودۆخی کوردو حکومەتی کورددا دەکرا.

٥) ئێمە هیچ هەواڵێکی تازەمان لەسەر مەسەلەکە نییە.

٦) نوسخەیەکی دیکەی ئەم نامەیەتان بۆ دەنێرین و چەند نوسخەیەکیش بۆ باڵوێزخانەی تاران و دیمەشق بەغدا ڕەوانەدەکەین.

دۆستداری هەمیشەییتان

باڵوێزخانە

بۆ: دیپارتمانی ڕۆژهەلات، وەزارەتی دەرەوە، لەندەن S.W.1

**FO. 371/120749/377**

**1822/6/56** باڵوێزخانەی بەریتانیا-تاران

٢٣ی مایسی ١٩٥٦

دیپارتمانی بەڕێز،

تکایە بگەڕێنەوە سەر نامەی باڵوێزخانەی دیمەشق بۆ خۆتان –ژمارە 1825/2/56 ، حەوتەمی مایس، کە دەڵێ نرخی ئەوەی هەیە هانی دەرچوونی گۆڤارێکی کوردی لە پاریس و لەلایەن دکتۆر کامەران عالی بەدرخان، برای جەلادەت بەدرخانی کۆچکردوو – ئەگەر تا ئێستا مابێت، بدرێ.

٢) بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کەلە نامەی ژمارە EP 182/2ی ٢٥ی ئاپڕیلدا (کە کۆپییەکەی بۆ دیمەشق نەنێردراوە)، چاپەمەنییەکانی "وەفدی کورد"ی دکتۆر کامەران بەدرخان خەریکی بە خراپ دانانی حکومەتی ئێران و عێراق و تورکیان، گریمانی ئێمە ئەوەیە، ئێوەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئێمەدابن، کە سەرەڕای سروشتی دژ بە کۆمۆنیستییان، کارێکی بەجێ نابێت ئەگەر پشتیان بگرین.

٣) نوسخەی ئەم نامەیە بۆ باڵوێزخانەی پاریس، ئانکارا، بەغداو دیمەشق دەنێرین.

دۆستداری هەمیشەییتان

باڵوێزخانە

بۆ: دیپارتمانی ڕۆژهەلات، وەزارەتی دەرەوە، لەندەن S.W.1 .

**FO. 371/1207/377**

**2193/33/56** نهێنی

باڵوێزخانەی بەریتانیا، پاریس

٢٥ی جولای ١٩٥٦

باڵوێزخانەی بەڕێز،

بەداخەوەین بۆ ئەوەی ماوەیەکی درێژی کێشا بۆچوونی خۆمان لەسەر نامەی ژمارە 1822/2/56 – ١٤ی ئاپریلی ئێوە سەبارەت بە "وەفدی کورد" لە پاریس بنووسین.

٢) واهەیە پێتان باش بێت چاوتان بە یادداشتی باشکۆی ئەم نامەیە بکەوێت، کە دەسەڵاتدارێتی ئاسایشی فەرەنسیی نووسیویە.

٣) ئێمە خۆمان، زۆر کەم سەبارەت بە بەدرخان (کە مامۆستای قوتابخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانە)، دەزانین تەنیا ئەوە نەبێت کە دوای ساڵی ١٩٥٤ پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ سکرتێری باڵوێزخانەی بولگاریا لە پاریس هەبووە. هەرچۆنێک بێت، ئێمە گومانمان لەوەدایە خۆی یان تاقمەکەی – لە بنەڕەتدا کۆمۆنیست بن. گوتراوە ئەوان لە ساڵی ١٩٥٠دا، لایەنگرییەکی بێڕیای کۆمۆنیستەکانیان کردبێت، بەڵام ئاواتی سەرەکییان بە ئاشکرا، ناسیۆنالیزمی کوردییە.

٤) ئێمە نوسخەی ئەم نامەیەو پاشکۆکانی دەنێرین بۆ دیپارتمانی ڕۆژهەلات و باڵوێزخانەی بەغداو دیمەشق.

دۆستداری هەمیشەییتان

باڵوێزخانە

بۆ: باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران.

# FÖRFATTARE SÖKES

## till antologin De nya svenskarna

Lindelöws bokförlag i Göteborg har mottagit anslag från den statliga Stiftelsen Framtidens Kultur för att sammanställa en antologi under titeln **De nya svenskarna**.

Vi söker **andra generationens invandrare** (där båda föräldrarna kommer från annat land). Förhoppningen är att förankringen i två kulturer återspeglas i texterna. Skriv om det som känns angeläget att berätta just därför att du tillhör andra generationens invandrare.
Det står dig alltså fritt att välja ämne så länge formen är novell, prosalyrik, essä eller kåseri. **Lyrik kommer inte att ingå.**

Texten får vara högst **sju A4-sidor** (dubbelt radavstånd) och skall skickas in senast **1/6** 1997. Boken beräknas komma ut våren 1998. Urvalet görs av en grupp bestående av författare, journalister och litteraturvetare.




Skicka bidraget till: **Lindelöws bokförlag**
**Box 17133**
**402 61 GÖTEBORG**

Telefon/Fax: 031-84 67 10

Välkommen och lycka till

Tomas Lindelöw

G Jonas Gustafsson

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal

1997 20

